2017

# 2016نامە – وەشانی 1

## رووداوە گرنگەکانی ساڵی2016 یە کە ڕێکخراوی کوردیپێدیا بەدەستی هێناوە.


ئامادەکردنی: هاوڕێ باخەوان، بەیارمەتیی کوردیپێدیا

بە هاوکاریی ئەندامانی کارا:
- مانو بەرزنجی
- سەریاس ئەحمەد



ڕێکخراوی کوردیپێدیا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کوردستان و کورد
http://www.kurdipedia.org
22-01-2017

# چەند وتەیەک

ئەمەی بەردەستتان، لیستەیەکی رێکخراوی رووداوە گرنگەکانی ساڵی 2016یە کە رێکخراوی کوردیپێدیا بەدەستی هێناوە..
لەم لیستەیەدا رەچاوی ریزبەندیی ئەلفوبێی ناوەکان کراوە، پاشان زمان و شێوەزمانەکان.
تۆمارەکان بەپێی توانا و دەستکەوتنی زانیاری، پێناسیان نووسراوە، وێنە ئەگەر دەستمان کەوتبێت خراوەتە پاڵ تۆمارەکەیەوە. هەروەها هەر مێتاداتایەکی تری پێویستیش وەک پاشکۆ لەگەڵ تۆمارەکاندا دانراون.
لەگەڵ هەر تۆمارێک لینکێک هەیە، ئەو لینکە گریدراوە بە تۆمارەکەوە لەسەر ماڵپەڕی کوردیپێدیا، بابەتەکان هەندێکجار گۆڕانکارییان بەسەردادێت و باشتر دەکرێن، مێتاداتا و وێنەیان دەخریتەسەر، بۆ ئەوەی لە دوا ڤێرشنی ئەو تۆمارە ئاگاداربیت، کلیک لە بابەتەکە بکە و لە ماڵپەڕی کوردیپێدیادا بیکەرەوە.
لە کۆتایی هەر بابەتێکدا، وێنەی کویک ریسپۆنس هەیە، یەم وێنەیە کە سکێن دەکرێت، یەکسەر دەتباتە سەر بابەتەکە لەسەر ماڵپەڕی کوردیپێدیا.
هەندێک بابەت پەیوەستکراوە بە بابەتی ترەوە، بۆ نموونە نووسەر بە پەڕتووکەکانییەوە، یان هەندێک بابەت فایلی پەیوەندیداری لەگەڵە، ئەوانە لێرەدە پیشان نەدراون و بۆ بینینیان دەبێت لە ماڵپەڕی کوردیپێدیادا سەیریان بکەیت.

تێبینی: وەشانی یەکەمی ئەم کوردیپێدیانامانە، تاقیکردنەوەن!
ئەم پەڕتووکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەریی تایبەت بە دەزگای کوردیپێدیاوە ئافرێندراوە.
بەهیوای ئەوەی ئەم لیستەیە زۆرتر و پاکژتری بکەین و بەزووترین کات وەشانێکی تر بخەینە بەردەستی ئێوەی بەڕێز..

رێکخراوی کوردیپێدیا
http://www.kurdipedia.org
http://www.kurdipedia.info
contact@kurdipedia.org
22-01-2017

## بڵاوکراوەکانی کوردیپێدیا

| # | ناوی پەڕتووک | زمان | ژمارەی وەشان | لاپەڕەکان - A4 | بابەت | ڕۆژی دەرچوون |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 59 | شهدائنا في حرب ضد الدولة الاسلامية - داعش، الطبعة ١ | SA عربي | 1 | 1252 | 2028 | -10-10 2016 |
| 58 | دور احداث شنكال في تطور القضية الكردية | SA عربي | 1 | 20 | 0 | -09-26 2016 |
| 57 | ڕۆڵی ڕووداوەکانی شنگال لە پێشخستنی دۆزی کورد | ☀ کوردیی ناوەڕاست | 1 | 21 | 0 | -08-08 2016 |
| 56 | شەهیدانی شەڕی داعش - وەشانی 1ەم | ☀ کوردیی ناوەڕاست | 1 | 1734 | 3287 | -05-12 2016 |
| 55 | 2015نامە - وەشانی 1 | ☀ کوردیی ناوەڕاست | 1 | 153 | 339 | -01-01 2016 |
| 54 | بارینامە - وەشانی 1 | ☀ کوردیی ناوەڕاست | 1 | 11 | 9 | -09-17 2015 |
| 53 | ناندینامە - وەشانی 1 | ☀ کوردیی ناوەڕاست | 1 | 29 | 45 | -09-17 2015 |
| 52 | پاسۆکنامە - وەشانی 2ەم | ☀ کوردیی ناوەڕاست | 2 | 189 | 141 | -09-11 2015 |
| 51 | هونەرنامە - وەشانی 2ەم | ☀ کوردیی ناوەڕاست | 2 | 1219 | 2075 | -09-10 2015 |
| 50 | چالاکوانانامە - وەشانی 2ەم | ☀ کوردیی ناوەڕاست | 2 | 1249 | 2075 | -09-10 2015 |
| 49 | وێنەنامە - وەشانی 2ەم | ☀ کوردیی ناوەڕاست | 2 | 882 | 2333 | -09-10 2015 |
| 48 | بەڵگەنامە - وەشانی 1ەم | ☀ کوردیی ناوەڕاست | 1 | 847 | 771 | -09-10 2015 |
| 47 | ئەتڵەسنامە - وەشانی 1ەم | ☀ کوردیی ناوەڕاست | 1 | 42 | 93 | -09-10 2015 |
| 46 | ئامارنامە - وەشانی 1 | ☀ کوردیی ناوەڕاست | 1 | 901 | 1191 | -09-09 2015 |
| 45 | نووسەرنامە - وەشانی 2ەم | ☀ کوردیی ناوەڕاست | 2 | 2703 | 4563 | -09-09 2015 |
| 44 | بڵاوکراوەنامە - وەشانی 2ەم | ☀ کوردیی ناوەڕاست | 2 | 325 | 719 | -09-08 2015 |
| 43 | پەرتووکنامە - وەشانی 2ەم | ☀ کوردیی ناوەڕاست | 2 | 5207 | 11223 | -09-08 2015 |
| 42 | گەپنامە - وەشانی 2ەم | ☀ کوردیی ناوەڕاست | 2 | 190 | 476 | -09-07 2015 |
| 41 | ناونامە - وەشانی 2ەم | ☀ کوردیی ناوەڕاست | 2 | 1347 | 4294 | -09-07 2015 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| -09-07 2015 | 5613 | 1579 | 2 | ☀ کوردیی ناوەراست | پەندنامە - وەشانی 2ەم | 40 |
| -09-07 2015 | 7015 | 2849 | 2 | ☀ کوردیی ناوەراست | زیندانینامە - وەشانی 2ەم | 39 |
| -03-18 2015 | 117 | 89 | 1 | ☀ کوردیی ناوەراست | پاسۆکنامە - وەشانی 1ەم | 38 |
| -03-14 2015 | 92 | 58 | 2 | ☀ کوردیی ناوەراست | داعشنامە - وەشانی 2ەم | 37 |
| -02-01 2015 | 191 | 136 | 2 | ☀ کوردیی ناوەراست | کۆبانێنامە - وەشانی 2ەم | 36 |
| -01-24 2015 | 226 | 135 | 2 | ☀ کوردیی ناوەراست | شوێنەوارنامە - وەشانی 2ەم | 35 |
| -01-22 2015 | 2957 | 1347 | 2 | ☀ کوردیی ناوەراست | شوێننامە - وەشانی 2ەم | 34 |
| -01-21 2015 | 536 | 353 | 2 | ☀ کوردیی ناوەراست | پێشمەرگەنامە - وەشانی 2ەم | 33 |
| -01-19 2015 | 113 | 75 | 2 | ☀ کوردیی ناوەراست | وەرزشنامە - وەشانی 2ەم | 32 |
| -01-18 2015 | 287 | 140 | 2 | ☀ کوردیی ناوەراست | جاشنامە - وەشانی 2ەم | 31 |
| -01-18 2015 | 41 | 30 | 2 | ☀ کوردیی ناوەراست | ژنکوژینامە - وەشانی 2ەم | 30 |
| -01-16 2015 | 960 | 510 | 2 | ☀ کوردیی ناوەراست | رێکخراونامە - وەشانی 2ەم | 29 |
| -01-15 2015 | 5035 | 1859 | 4 | ☀ کوردیی ناوەراست | هاورێنامە - وەشانی 4ەم | 28 |
| -01-11 2015 | 285 | 172 | 2 | ☀ کوردیی ناوەراست | براکوژینامە - وەشانی 2ەم | 27 |
| -01-10 2015 | 359 | 165 | 2 | ☀ کوردیی ناوەراست | ئەنفالنامە - وەشانی 2ەم | 26 |
| -01-04 2015 | 7345 | 3935 | 2 | ☀ کوردیی ناوەراست | شەهیدنامە - وەشانی 2ەم | 25 |
| -01-01 2015 | 344 | 166 | 1 | ☀ کوردیی ناوەراست | 2014نامە - وەشانی 1 | 24 |
| -11-23 2014 | 130 | 118 | 1 | ☀ کوردیی ناوەراست | کۆبانێنامە - وەشانی 1ەم | 23 |
| -11-23 2014 | 428 | 236 | 1 | ☀ کوردیی ناوەراست | گەپنامە - وەشانی 1ەم | 22 |
| -11-16 2014 | 27 | 26 | 1 | ☀ کوردیی ناوەراست | داعشنامە - وەشانی 1ەم | 21 |
| -06-10 | 514 | 403 | 1 | ☀ کوردیی | پێشمەرگەنامە - وەشانی | 20 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | 1ەم | ناوەراست | | | | 2014 |
| 19 | هاوڕێنامە - وەشانی 3ەم | ☀□ کوردیی ناوەراست | 3 | 1653 | 4811 | -06-03 2014 |
| 18 | وێنەنامە - وەشانی 1ەم | ☀□ کوردیی ناوەراست | 1 | 722 | 1419 | -06-03 2014 |
| 17 | وەرزشنامە - وەشانی 1ەم | ☀□ کوردیی ناوەراست | 1 | 78 | 101 | -06-02 2014 |
| 16 | چالاکوانانامە - وەشانی 1ەم | ☀□ کوردیی ناوەراست | 1 | 1284 | 1778 | -06-02 2014 |
| 15 | ژنکۆژینامە - وەشانی 1ەم | ☀□ کوردیی ناوەراست | 1 | 31 | 33 | -06-01 2014 |
| 14 | براکوژینامە - وەشانی 1ەم | ☀□ کوردیی ناوەراست | 1 | 219 | 282 | -06-01 2014 |
| 13 | هونەرنامە - وەشانی 1ەم | ☀□ کوردیی ناوەراست | 1 | 1204 | 1695 | -06-01 2014 |
| 12 | زینداننامە - وەشانی 1ەم | ☀□ کوردیی ناوەراست | 1 | 1812 | 3172 | -06-01 2014 |
| 11 | ناونامە - وەشانی 1ەم | ☀□ کوردیی ناوەراست | 1 | 1238 | 3259 | -06-01 2014 |
| 10 | ڕێکخراونامە - وەشانی 1ەم | ☀□ کوردیی ناوەراست | 1 | 546 | 937 | -05-31 2014 |
| 9 | شوێنەوارنامە - وەشانی 1ەم | ☀□ کوردیی ناوەراست | 1 | 100 | 171 | -05-31 2014 |
| 8 | شوێننامە - وەشانی 1ەم | ☀□ کوردیی ناوەراست | 1 | 1396 | 2887 | -05-31 2014 |
| 7 | بڵاوکراوەنامە - وەشانی 1ەم | ☀□ کوردیی ناوەراست | 1 | 435 | 756 | -05-31 2014 |
| 6 | پەندنامە - وەشانی 1ەم | ☀□ کوردیی ناوەراست | 1 | 110 | 404 | -05-31 2014 |
| 5 | چاشنامە - وەشانی 1ەم | ☀□ کوردیی ناوەراست | 1 | 163 | 285 | -05-30 2014 |
| 4 | ئەنفالنامە - وەشانی 1ەم | ☀□ کوردیی ناوەراست | 1 | 188 | 358 | -05-28 2014 |
| 3 | نووسەرنامە - وەشانی 1ەم | ☀□ کوردیی ناوەراست | 1 | 2291 | 3289 | -05-28 2014 |
| 2 | شەهیدنامە - وەشانی 1ەم | ☀□ کوردیی ناوەراست | 1 | 2753 | 6140 | -05-27 2014 |
| 1 | پەرتووکنامە - وەشانی 1ەم | ☀□ کوردیی ناوەراست | 1 | 3562 | 12747 | -05-25 2014 |

# دەربارەی کوردیپێدیا!

کوردیپێدیا، پرۆژەیەکە بۆ کۆکردنەوەی هەر زانیارییەکی پەیوەست بە کوردستان و کورد و بەهیوایە لە پاشەڕۆژدا ببێتە پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بەهۆیەوە بەئاسانی بزانرێت: کێ، کێیە؟! و کوێ، کوێیە؟! و چی، چییە؟...!
کوردیپیێدیا وشەیەکی لێکدراوە و لە کوردی و پێدیا پێکهاتووە. وشەی پێدیا، وشەی دووەمی وشەی لێکدراوی گریکیی ئەنسیکلۆپێدیایە (encyclopedia) کە بەواتای ناسین یان زانینی یاخود زانیاریی گشتی دێت. وشەی کوردیپێدیاش لەوەوە داتاشراوە و دەکرێت واتای کوردناسی، کوردیناسی یان کوردزانین یاخود زانیاریی کوردی بدات.

سەرچاوەکانی کوردیپێدیا بریتییە لە:

ئەو تۆمارانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەنێو ماڵپەڕەکانی ئنتەرنێت دەیدۆزێتەوە و لە یەکێک لە پۆلەکانی کوردیپێدیادا چڕوپڕیدەکاتەوە و هەندێکجاریش هەوڵی گۆڕینی ڕێنووسە هەڵەکانی دەدرێت و بەشێوەیەکی دروست تۆماریدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی دەستکاریی ناوەڕۆکی بابەتەکان بکرێت. هەر بابەتێک لە هەر ماڵپەڕێکەوە وەربگیرێت، وەک ئەمانەتێکی زانستی ناوی ماڵپەڕەکە لە لیستی سەرچاوەکەدا تۆماردەکرێت.
ئەو بابەتانەی کە میوانانی کوردیپێدیا بۆماندەنێرن و لەڕێی فۆرمی تۆمارکردنی بابەتێکەوە ئامادەیدەکەن. هەر بابەتێک لەلایەن هەر میوانێکەوە بەدەستمان بگات، ناوی ئەو میوانە دەبێتە سەرچاوەی ئەو بابەتە. تکایە هەر کەسێک نایەوێت ناوی لە لیستی سەرچاوەکانی کوردیپێدیادا بێت با ئاگادارمانبکاتەوە.
ئەو نامە تایبەتییانەی کە بەدەست کوردیپێدیا دەگەن و پەیوەستن بە ژیان و کارنامەی ئەو کەسانەی کە دەخوازن وەک بابەتێک بێنە نێو ئەم کوردیپێدیایەوە.
ئەو بابەتانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لە دوو توێی بڵاوکراوەکاندا ئامادەیدەکات و چڕوپڕیدەکاتەوە و پۆلێنی دەکات.
ئەو دیمانانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەگەڵ کەسانێکدا ئەنجامی دەدات، بەمەبەستی نووسینەوەی بیۆگرافیی کەسێک، شوێنێک، ڕێکخراوێک، بڵاوکراوەیەک یان هەر شتێکی تری پەیوەست بە کوردستان و کورد.
تەواوی بابەتەکانی پۆلی ڕێکەوت و ڕووداو لە داتابەیسی هاوڕێنامەوە وەرگیراوە، پروانە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999 .

هەر تۆمارێک بێتە نێو کوریدپێدیاوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی بە کوردستان و کوردستانییانەوە هەیە، هیچ بابەتێک لە دەرەوەی ئەو تەوەرانە تۆمار ناکرێت. لەو تێروانینەوە هەندێکجار ژیان و کارنامەی کەسێکی ناکورد دەبینیت، ئەو کەسە یان کوردناسە و خاوەنی باسێکە لەسەر کورد یان کوردستانییەکی ناکوردە، یاخود پەیوەندیی بەڕووداوێکی کوردستانییەوە هەیە.

کوردیپێدیا، هیچ پەیوەندییەکی بە ویکیپێدیا و هەر ڕێکخراوێکی ترەوە نییە، پرۆژەیەکی سەربەخۆیە و ئەرکێکی تایبەتیی ڕێکخراوی کوردیپێدیایە.

تکایە ئەگەر هەر زانیارییەک لەم داتابەیسەدا بۆ بەڕێزتان گونجاو نییە و ناخوازن لێرەدا بێت، ئەوا کوردیپێدیای لێ ئاگاداربکەنەوە.
کوردیپێدیا هەر زانیاری و وێنەیەک لە هەر سەرچاوەیەکەوە وەربگرێت، بۆ مەبەستێکی بازرگانی بەکارناهێنێت.

کوردیپێدیا بەردەوامە لەسەر پاکژکردنی بابەتەکان و وەرگێڕانی ساڵە کۆچی و هەتاوییەکان بۆ ساڵی زایینی بەشێوەیەکی دروست، تکایە لە هەڵە و کەموکورتییەکانمان ببوورن.
هەر زانیارییەک لە کوردیپێدیاوە وەربگیرێت، پێویستە ناوی سەرچاوەکەیی و ناوی کوردپێدیای لەسەر بنووسرێت.

ماڵپەڕ و داتابەیسی کوردیپێدیا بە دۆت نێت C# - و SQL و لە هەندێک لاپەڕەشدا بە گووگڵ API ئامادەکراوە کە بەشێکی زۆر کەمی Adobe Flash Player بەکاردێنێت. ڕۆژانە لەسەر دوو سێرڤەری جوودا بەکئەپی داتا و وێنەکان دەکرێت، تاوەکو پارێزراوبن لەهەر هێرشێکی هاکەرەکان.!
ماڵپەڕی کوردیپێدیا لەسەر براوسەرەکانی ئنتەرنێت ئێکسپلۆرەر، فایەر فۆکس، سەفاری، ئۆپێرا و گووگڵ کرۆم بەتەواوەتی تێست کراوە و بەبێ کێشە کاردەکات، تکایە ئەگەر هەر کێشەیەکتان بوو ئەوا ئاگادارمان بکەنەوە..
بەهۆی هەوڵەکانی هاوکارمان کاک (هەڤاڵ نەژاد)ەوە، کوردیپێدیا لە رۆژی ١١-١١-٢٠١٣ بووە رێکراوێکی فەڕمی و لە هەولێر لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان تۆمارکرا.
بەهیوای ئەوەی کوردیپێدیا بکەینە پرزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بانکی زانیاریی نەتەوەیی کورد!
لەگەڵ رێزی هاوکارانی کوردیپێدیا:

**هاوریێ باخەوان**
**مانو بەرزنجی**
**سەریاس ئەحمەد**
**بەناز جۆلا**
**رۆژهات سەعید**
**هەڤاڵ نەژاد**
**ڕەوەز جەلال ئەمین**
**شکۆ حەمەد شێخانی**
**نالیا ئیبراهیم**
**...**

دامەزرێنەری کوردیپێدیا: هاوریێ باخەوان
Tel.: +31 (6) 54710293
2008 - 2017

**بابەت: 348**
**رۆژی دەرچوون: 17:33:35 2017/01/22**

بابەت: 1

**2016-01-01**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160101165441932 87



- هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێرشێکی چەکدارانی داعشیان لە زوممار تێکشکاند، فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان لە ئێستادا بۆردومانی ناوچەکانی تەلەعفەر و عیلیازیە دەکەن.
- دانیشتوانی گەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکوک دەستیان بە خۆپیشاندان کردووە و ڕێگای سەرەکی کەرکوک- هەولێریان داخست. هۆکاری خۆپیشاندانەکەی کەرکوک، کەمبونەوەی کارەبای نیشتمانییە و هاوڵاتیان داوادەکەن کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکرێت.
- لە شارەدێی لەیلانی سەر بە پاێزگای کەرکوک، چوار تەرمی نەناسراو دۆزرانەوە.
- هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەند کەریم کابان بڵاوبووەوە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ڕاست نییە.
- بەهۆی هاتنی شەپۆلێکی سەرماو سۆڵە پلەکانی گەرما لەسنووری قەزای پێنجوێن و دەوروبەری بەشێوەیەکی زۆر دابەزیوەو کەشناسی قەزاکەش لەبارەی زیاتر دابەزینی پلەکانی گەرما بۆ ژێر سفر هۆشداری دەدات.
- بەهۆی بەردەوامبوونی باران بۆ ماوەی زیاتر لە 24 سەعات، بەشێک لە چیای (هەیبەت سوڵتان) لە سنووری شارۆچکەی کۆیە داڕما و 2 سەعات ڕێگای سەرەکیی نێوان شارۆچکەکە و ڕانیەش داخرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 16:54:41 2016/01/01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 2

**2016-01-02**

http://www.kurdipedia.org/?q=20170121181244137848

...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 18:12:44 2017/01/21
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 3

## 2016-01-03

http://www.kurdipedia.org/?q=2016010322144193320

- لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ سەر بارەگاکانی داعش لە میحوەری ناوەران، ژمارەیەک چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کوژران و کۆگایەگی چەک و تەقەمەنیش تەقەیندرایەوە.
- هێزەکانی پۆلیسی ناحیەی شوان لە باکووری پارێزگای کەرکوک، دەستیان بەسەر لۆریەکی پڕ لە چەک و تەقەمەنیدا گرت، کە بەشێوەی قاچاخ بەرەو قەزای کۆیە دەگوازرایەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 22:14:41 2016/01/03
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 4

## 2016-01-04

http://www.kurdipedia.org/?q=2016010409154693336



- بەهۆی بەردەوامی قەدەغەکردنی هاتووچۆ و پرۆسە سەربازییەکان لە ناوچەکە، دانیشتوانی جزیرە لە پارێزگای شرناخی کوردستانی باکوور، ناچاربوون شارۆچکەکەیان جێبهێڵن و ئاوارەبن.
- بەشێک لە هەڵگرانی پڕوانامەی ماستەر لە بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا گردبونەوەیەکیان ئەنجامداوە و داواکارن وەزارەت پێداچونەوە بکات بەو ڕێنماییانەدا کە داوا دەکات هەڵگرانی پڕوانامەی ماستەر شەش مانگ خولی وانە وتنەوە ببینن و نمرەی 5 لە 9 بێنن لە تاقیکردنەوەی توانستی زمان "ئایەڵتس".

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 09:15:46 2016/01/04
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 5

## 2016-01-05

http://www.kurdipedia.org/?q=20160105075923393391



- 3 ژنە سیاسەتوانی کورد لەباکووری کوردستان لەلایەن سوپای تورکەوە کوژران. پاکیزە نایر، هاوسەرۆکی مەجلیسی سلۆپی، سێوە دەمیر، ئەندامی مەجلیسی پارتی هەرێمین دیمۆکراتی و فاتمە ئویار، چالاکوانی کەژەئا.
- وتەبێژی بزوتنەوەی گۆڕان رایدەگەیەنێت، گفتوگۆکردن پێش ئاسایکردنەوەی بارودۆخەکە قبوڵکراو نییە و پێویستە بە بڕیارێکی پارتی سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکانمان بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.
- بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە ڕێگای سەرەکی سۆران - سیدەکان داخراوە و بەوهۆیەوەش هاتوچۆی هاوڵاتیان پەکیکەوتوە.
- فەرمانبەرانی شارەوانی سلێمانی بەهۆی کێشەی موچەوە بایکۆتی دەوامیانکرد.
- دەروازی سنووری ئیبراهیم خەلیل دوای زیاتر لە 20 رۆژ لە داخرانی لەلایەن دەوڵەتی تورکیا، جارێکی تر کرایەوە.
- بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ سەر حکومەتی تورکیا و بینینی سەرۆک وەزیرانی بریتانیا، ژمارەیەک هاوڵاتی کوردی دانیشتووی وڵاتی بریتانیا، لە لەندەنی پایتەختی ئەو وڵاتە چوونە نێو بارەگای پارتی پارێزگاران.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

Quick Respons Code:

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 07:59:23 2016/01/05 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 6

## 2016-01-06

http://www.kurdipedia.org/?q=20160106131222293421

- حکومەتی باشووری کوردستان ئەمڕۆشی وەک هەموو ساڵانی پێشوو بەبۆنەی دامەزراندنی سوپای داگیرکەری ئێراقەوە کردە پشوو.
- ئەمڕۆ منداڵێکی تەمەن 12 ساڵ بەناوی پشەنگ گۆران، لە شاری جزیرەی باکوری کوردستان بە دەستی هێزەکانی سوپای تورکیا کوژرا.
- شەوی رابردوو چەند کەسێکی نەناسراو دەچنە سەر بارەگاکەی ئەحمەد عەسکەری ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و پاسەوانێکی بارەگاکە دەکوژن.
- بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحییەکانی کەرکوک رایگەیاند، ئەمڕۆ لەلایەن پۆلیسی کەرکوکەوە چوار تیرۆرست دەستگیرکران، کە یەکێکیان پلەی باڵای هەبووە لەنێو رێکخراوی داعشدا.
- بەمڕۆوە 24 رۆژە ئۆپراسیۆنەکانی سوپای تورکیا بۆسەر شاری جزیرەی باکوری کوردستان بەردەوامی هەیە، تا ئێستاش 32 مەنداڵ لەو ئۆپراسیۆنەدا گیانیان لەدەستداوە.
- خوێندکارانی بەشە ناوخۆیی مۆدێرن سیتی لە شاری هەولێر بەهۆی نەبوونی نەوتەوە دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و بەو هۆیەشەوە رێگای هەولێر - کەسنەزان گیرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🏰 هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 13:12:22 2016/01/06
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 7

**2016-01-06**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160106111321128919

الوحدات الكردية تتصدى لهجمات داعش على (سد تشرين) و (جسر قراقوزاق)

خصائص السجل

الحزب: ☪ داعش
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 11:13:21 2016/01/06
ناوی تۆمارکار: مانو بەرزنجی

---

بابەت: 8

**2016-01-07**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160107212106128939



كاتب أمريكي: تيد گالن كاربنتر - نائب الرئيس لشؤون دراسات السياسة الخارجية والدفاع في معهد كيتو بواشنطن ،الكورد في سوريا لا يزالون مثيرين للإعجاب.

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 21:21:06 2016/01/07
ناوی تۆمارکار: مانو بەرزنجی

---

بابەت: 9

**2016-01-07**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160107122711193445



- سەدان هاونیشتمانی شاری وانی باکووری کوردستان دژی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا.
- ژمارەیەک هاوڵاتی نزیک لە پرۆژەی کەلاری نوێ کە خانوەکانیان تەجاوزن و بەهۆی لافاویشەوە زیان بە خانوەکانیان گەیشتووە، دەستیان بە خۆپیشاندان کرد، بەوهۆیەی ڕێگەیان پێنادرێت خانوەکانیان نۆژەنبکەنەوە.
- هۆتێل و ڕێستۆرانتی کارۆ لە شاری سلێمانی و لە نزیک بینای پارێزگای سلێمانی گڕی گرت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان:  کەلار (گەرمیان)

شار و شارۆچکەکان:  سلێمانی

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 12:27:11 2016/01/07

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 10

**2016-01-08**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016010812585493496

- عەبدولسەلام مالیکی پەرلەمانتاری ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا لە بەیاننامەیەکدا، داوای کرد پشکی هەرێم کوردستان لە بودجەی گشتی 2016 هەڵبوەشێنرێتەوە، هەرێمی کوردستانیش بەدوور لە سەروەت و سامانی ناوەڕاست و باشووری عیراق، راپرسی بۆ دیاریکردنی مافی چارەنوس ئەنجام بدات، حکومەتی هەرێمیشی بە خۆدزینەوە لە ڕێککەوتنی نەوتی و ڕێککەوتنەکان لەگەڵ بەغدا، تۆمەتبار کرد.
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ ژمارەیەک لەگەنجانی وڵاتپارێز نزیک لەپەکەکە گردبونەوەیەکی ناڕەزاییان ئەنجامداو لەگردبونەوەکەشدا داوایانکرد، هێزەکانی تورکیا لەخاکی باشوری کوردستان بکشێنەوەو ئابڵوقەی سەربازی سەر ناوچەکانی باکوریش هەڵبگیرێت.
- پارتی گەلانی دیموکراتیک ئاشکرایکرد، لەهەڵمەتێکی پۆلیسی تورک بۆسەر بارەگای هەدەپە لەشاری ئەستەنبوڵ، ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئەو پارتە دەستگیرکراون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 12:58:54 2016/01/08

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 11

**2016-01-09**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016010913024193499



- بەپێی بەیاننامەیەکی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیا، سەربازی یەکەم دوای ئەوەی لە ئۆپراسیۆنێکدا لە شارۆچکەی جزیرە لە شرناخ بە سەختی بریندار بوو، گیانی لەدەستدا، دووەم سەربازیش لە هێرشێکی پارتی کرێکارانی کوردستان لە شارۆچکەی سور لە ئامەد لە پاش برینداربوونی بە هەمان شێوە گیانی لەدەستداوە.
- بەهۆی باران بارینی زۆرەوە لافاو لەناو بازاڕی قەزای سەیدسادق دروست بوو بەو هۆیەوە ڕێگای سەرکی ناوبازاڕ داخرا.
- فەرماندەی گشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل، ڕەتیکردەوە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ڕژێمەکەی ئەسەد یا حکومەتی ئێراندا هەبێت، هاوکات، تەئکیدیش دەکاتەوە، کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا زۆر بەرەو پێشەوەچووە، جەختیشیکردەوە، کە ئەوان لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی سوریان و هیچ پرۆژەیەکیان نییە بۆ جیابوونەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▫ سەیدسادق (شارەزوور)

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 13:02:41 2016/01/09

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 12

**2016-01-10**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016011012542093526

- بەهۆی دواکەوتنی مووچەکانیانەوە فەرمانبەرانی شارەوانی سلێمانی نەچوونەوە سەرکارەکانیان، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانیش رایدەگەیەنێت، هیچ بەڵێنمان پێنەدراوە بۆ دابینکردنی مووچە، ئێمەش وەک تەواوی فەرمانبەران چاوەڕێی ڕاگەیاندراوەکانی وەزارەتی داراییین.
- بەهۆی دواکەوتنی مووچەکانیانەوە مانگرتی فەرمانبەرانی کەلار دەستیپێکرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▫ کەلار (گەرمیان)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▫ سلێمانی

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 12:54:20 2016/01/10

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 13

**2016-01-10**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016011234610129034



Turkish Human Rights
According to reports prepared by rights based organizations, 1,3 million people have been impacted by the curfews; more than 150 civilians –including children and the elderly– have lost their .lives
Many people have been injured, and hundreds of thousands of people have been displaced. Arbitrary detentions and arrests have occurred; and civilians are being subjected to torture and .maltreatment in detention centres and in the open
Intrusion in telecommunication networks restricts the right to .information and freedom of communication

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 23:46:10 2016/01/11
ناوی تۆمارکار: مانو بەرزنجی

---

بابەت: 14
## 2016-01-11
http://www.kurdipedia.org/?q=20160111132343935388



- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، بەهۆی تێکدانی شەپۆلیی (تەشویش) ڕێگە لە هاتنی پەخشی ڕادیۆی داعش بۆ هەندێک لە ناوچەی هەرێمی کوردستان گیراوە و هێڵی ئەنتەرنێتیشیان لێ ڕاگیرا.
- کۆبوونەوەی نێوان گۆڕان و یەکێتی لەبارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەسلێمانی دەستپێکرد.
- لە بەردەم بازاڕی کۆنەفرۆشانی شاری هەولێر کاسبکاران خۆپیشاندان ئەنجامدەدەن و شەقامی 100 مەتری داخراوە. خۆپیشاندانەکە بەهۆی ڕێگەنەدانی شارەوانی هەولێرەوەیە بۆ کاسبکاران بۆ دانانی عەرەبانەکانیان و کارکردن لە بەردەم بازاڕی کۆنەفرۆشان، و بەو هۆیەشەوە شەقامی 100 مەتری نێوان نەخۆشخانەی ڕزگای و گەڕەکی مامۆستایان شاری هەولێر داخراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 13:23:43 2016/01/11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 15

## 2016-01-12

http://www.kurdipedia.org/?q=20160112110434935 74



- بەبەشداری دەیان هەزار کەس تەرمی ئەو 12 لاوەی کەلەلایەن دەوڵەتی تورکەوە لە شاری وانی باکوری کوردستان کۆمەڵکوژ کران بەخاک سپێردران.
- فەرمانبەرانی سەرۆکایەتیی زانکۆی هەڵەبجە دەستیان بە مانگرتن کردووە لەدژی دواکەوتنی موچەکانیان.
- تەرمی ژنێکی نەناسراو لەنزیک چیای خوا مرادی سنووری شارەدێی تەکیەی کاکەمەندی سەر بەپارێزگای سلێمانی دۆزرایەوە.
- وەفدێکی باڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە پێکهاتبوون لە مەلا بەختیار لێپرسراو و، عومەر فەتاح کارگێری مەکتەبی سیاسی، سەعدی ئەحمەد پیرە، رزگار عەلی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و قوباد تاڵەبانی، لەگەڵ وەفدێکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوون لە نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی، فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی، مەحمود محەمەد و دڵشاد شەهاب ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی لەشاری هەولێر کۆبونەوە.
- بەبیانووی هەبوونی بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان "پەکەکە"، فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا، سنوورەکانی هەرێمی کوردستانیان بەزاند و چیای گارەی سەر بە قەزای ئامێدی لە پارێزگای دهۆک بۆردوومان دەکەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/01/12 11:04:34

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 16

## 2016-01-12

http://www.kurdipedia.org/?q=20160113105828129052

الحسكة.. انفجار يودي بحياة طفلين في الريف
وقع انفجار في قرية سبع سكور أدى إلى فقدان طفلين لحياتهما وإصابة عدد آخر من المدنيين.
..
كوباني.. مقتل 34 عنصراً من تنظيم داعش في قصف لمقاتلات التحالف الدولي.
اعلنت قيادة العامة لقوات سوريا الديمقراطية عن حصيلة غارات التحالف الدولي بقيادة واشنطن بسد تشرين بجانب الغربي من نهر الفرات بريف كوباني

خصائص السجل

الحزب: C* داعش

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 10:58:28 2016/01/13

ناوی تۆمارکار: مانو بەرزنجی

---

بابەت: 17

**2016-01-13**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016011313515393605

- ئەمڕۆ بەشێک لە فەرمانبەرانی دادگای چەمچەماڵ بەهۆی پێنەدانی موچەکانیان مانگرتنیان ڕاگەیاند. لە هەڵەبجەش مانگرتن هەر بەردەوامە.
- سکرتێری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بە خەندانی ڕاگەیاند: هیچ زانیارییەکیان نییە لەبارەی وادەی دابەشکردنی مووچەی مامۆستایان، دەشڵێت ئەوە تەنها مامۆستا نییە کەمووچەی دواکەوتووە بەڵکو ئەو دواکەوتنە سەرجەم فەرمانبەران و چین و توێژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە.
- لەسەر داواکردنی داگرتنی ئاڵای کوردستان لە لایەن یەکێک لە مامۆستا میسرییەکان کە لە پشتی خوێندکارێکی کوردەوە لە کاتی گفتوگۆی نامەی ماستەرەکەی هەڵیواسیبوو، وەزارەتی خوێندنی باڵا داوای ڕوونکردنەوە لە کونسوڵخانەی میسر دەکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: □ چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: □ ئامودا

شار و شارۆچکەکان: □ ئاکرێ

شار و شارۆچکەکان: □ هەڵەبجە

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 13:51:53 2016/01/13

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 18

**2016-01-14**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160114144355129078



- کۆچی دوایی هونەرمەند کەریم کابان لە سلێمانی.
- فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری و هونەری چەمچەماڵ بەهۆی پێنەدانی مووچەکانیان مانگرتنیان راگەیاند.
- مەسعود بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند (کەریم کابان) پەیامێک ئاڕاستەی بنەماڵەکەی و سەرجەم هونەرمەندان دەکات و هاوخەمی خۆی بۆ هەموو لایەک دەردەبڕێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: ئاموا

شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 14:43:55 2016/01/14

ناوی تۆمارکار: مانو بەرزنجی

---

بابەت: 19

**2016-01-15**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160115154138886496

- لە دەربەندیخان تەرمی کچێک دۆزرایەوە.
- بەرپرسێکی سەربازیی پەکەکە رایدەگەیەنێت کە تورکیا 12 گەریلای ژەهرخوارکردووەو جەختیش لەوە دەکاتەوە کە تۆڵەی "شەهیدکردنی ئەو گەریلایانەو سەرجەم گەریلاکانی دیکەو خەڵکی سڤیلی کورد" دەکەنەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 15:41:38 2016/01/15

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 20

**2016-01-16**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160116152611193631



- لە نزیک گوندی تۆپخانەی سەر بەناحیەی لەیلان لە سنوری کەرکوک سێ تەرمی نەناسراو دۆزرانەوە.
- باڵی سەربازیی پەکەکە رایدەگەیەنێت لە تۆڵەی ژەهرخواردکردنی 12 گەریلاکەیاندا "30 پۆلیسی تورکیایان کوشتوە و ژمارەیەکیشیان بریندار کردوون".
- یەکێتی ئەوروپا نیگەرانی خۆی پیشاندا لە دەستگیرکردنی ژمارەیەک لەئەکادیمییەکانی تورکیا لەلایەن حکومەتی ئاکەپە، دوای ئەوەی ئەو ئەکادیمیانە ئیدانەی پەلامارەکانی هێزە ئەمنییەکانی تورکیایان کرد بۆسەر شارەکانی باکوری کوردستان.
- قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژە بۆئەوە دەکات، فەرمانبەرانی هەرێم دڵنیا دەکەنەوە لەوەی شەوو رۆژ کاردەکەن تا لەم دۆخەی ئێستادا کە نرخی نەوت لەبازاڕەکانی جیهاندا بەردەوام دادەبەزێت، بتوانن مووچەیان بۆ دابین بکەن.
- لە پارێزگای بەسرە خۆپیشاندانی بەرفراوان بۆ گەڕانەوەی د.یوسف محەمەد سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا، خۆپیشاندەران داوای لابردنی مەسعود بارزانیان دەکرد لە پۆستی سەرۆکی هەرێم.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 15:26:11 2016/01/16

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 21

**2016-01-17**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160117133954936336

- کەناڵی ئاسمانی " الحرە" کە کەناڵێکی ئەمریکییە، لەسەر زاری چەند سیاسییەک بڵاویکردەوە، چەند گۆڕانکارییەکی گرنگ لە پێکهاتەی ئەنجومەنی وەزیران بەسەرۆکایەتی حەیدەر عەبادی دەکرێت، یەکێک لەو گۆڕانکارییانە، دوورخستنەوەی هۆشیار زێبارییە لە پۆستی وەزیری دارایی و دانانی د. رۆژ نوری شاوەیسە لە شوێنەکەی.
- دوو عەشیرەتی سنوری ناحیەی بەرزنجەی سەر بە قەزای سەیدسادق لەسەر کێشەی موڵکدارییی دەبێتە شەڕیان و لە ئاکامیشدا کارمەندێکی ئاسایش بریندار دەبێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 13:39:54 2016/01/17

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 22

## 2016-01-18

http://www.kurdipedia.org/?q=2016011810091493643



- لە سلێمانی و چەمچەماڵ و رانیە خۆپیشاندان بۆ موچە کرا.
- لە شاری دەربەندیخان، زیاتر لە دوو سەد گەنجی دەربەندیخان رێگای دەرەوەی شارەکەو کەلاریان لەو تانکەری گواستنەوەی نەوت و گاز گرتووە کە لەسلێمانیەوە نەوت دەگوێزنەوە بۆ کەلارو لەوێوە بۆ خاڵی سەرسنوری پەروێزخان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: □ کەلار (گەرمیان)

شار و شارۆچکەکان: □ چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: □ ئاموذا

شار و شارۆچکەکان: □ ئاکرێ

شار و شارۆچکەکان: □ دەربەندیخان

شار و شارۆچکەکان: □ سلێمانی

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 10:09:14 2016/01/18

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 23

## 2016-01-19

http://www.kurdipedia.org/?q=2016011912074193648

- موچەی مامۆستایان گەیشتە بانقی سەیدسادق و لیستی موچەش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ئەو قەزایەوە ئامادە کرابوو، بەڵام بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی سەیدسادق بەکۆی دەنگ وەگرتنی ئەو نیوموچەیان ڕەتکردەوەو بڕیاری بایکۆتیان دەرکرد.
- بەرزان ئەحمەد کوردە، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و لێپرسراوی مەڵبەندی چەمچەماڵی یەکێتی بە خەندانی راگەیاند: "شەوی رابردوو دوو ئۆتۆمبێلی نەناسراو لە گەڕەکی بەختیاری شاری سلێمانی تەقەیان لە ماڵەکەم کردووە و لەلایەن پاسەوانەکانمەوە وەڵامی تەقەکەرەکان دراوەتەوە".
- کاتژمێر (2:00) شەوی رابردوو، هونەرمەند جێگر عەزیز، لەگەڵ چوار هاورێی دیکەی لە ماڵی خۆیان دەبێت، پاشان دەبێت بە شەڕیان و بەو هۆیەشەوە ئەو هونەرمەندە دەکوژرێت".

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: □ چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: □ ئاموذا

شار و شارۆچکەکان: □ ئاکرێ

شار و شارۆچکەکان: □ سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: □ سەیدسادق (شارەزوور)

:Quick Respons Code

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 12:07:41 2016/01/19 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 24

**2016-01-20**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160120084939936 70

- لە شارۆچکەی سەیدسادق خۆپیشاندان دەستپێکرد و کەمێک پێش ئێستاش خۆپیشاندەران بە بەرد هێرشیانکردە سەر بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەکە. پاشانیش هێرشیانکردە سەر هەردوو بارەگای کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی.
- رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (ئەمنستی ئینتەرناشناڵ) هێزەکانی پێشمەرگە تۆمەتبار دەکات بە تێکدان و کاولکردنی هەزاران خانووی هاوڵاتییانی عەرەب لەو گوندو ناوچانەی کۆنترۆڵیان کردوونەتەوە لەدەستی داعش، تەئکیدیش دەکاتەوە ئەوکارە بەمەبەست کراوە و داوا لەهەرێم دەکات بەزوترین کات رایبگرێت.
- ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەبارەی باکوری کوردستان و پەلامارەکانی تورکیا بۆسەر گەلی کوردو لایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان هاتەدەنگ و بەتوندی دژی ئەوکارەی تورکیا هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەڵامی راپۆرتەکەی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی دایەوە کە تێیدا هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە هاوپمانەکانی بە روخاندنی خانوبەرە لە گوندە عەرەبییەکاندا تۆمەتبار کردبوو، ئامادەیی هەرێمیشی بۆ کردنەوەی لێکۆڵینەوە لەو بابەتە دەربڕی و تەئکیدیشی لەسەر روخانی هەندێک خانوبەرە لە رووبەڕووبوونەوەکان لەگەڵ رێکخراوی تیرۆریستی داعش کردەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
- شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)

:Quick Respons Code

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 08:49:39 2016/01/20 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 25

**2016-01-21**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160121105821657 19



- بەهۆی دواکەوتنی مووچەکانیانەوە، ئەمڕۆ، فەرمانبەرانی شارۆچکەی دەربەندیخان خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان رێکخست.
- فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان هاوشێوەی فەرمانگەکانی دیکە، ئەمڕۆ بایلکۆتی دەوامیان کرد و ناڕۆنەوە سەر کارەکانیانتاوەکو موچە وەرنەگرن.
- لە ڕاگەیێندراوەکەی لقی سلێمانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستاندا هاتووە:" پاش ئەوەی مامۆستایان وەرزێک بە بێموچە کارمان کرد، بریارماندا لە ڕۆژی 26ی کانونی دووەمەوە پاش پێدانەوەی نمرەی وەرزی یەکەمی خوێندکاران بایکۆتکردن دەست پێبکەین".
- ئەندامێکی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان رایدەگەیەنێت دژی ئەو بریارەی لقی سلێمانی رێکخراوەکەیانن کە بریاری بایکۆتی دەوامیان داوەو دەڵێت :"بۆ ئەوەی کە داوای بایکۆتیان کردووە وەڵامیان دەدەینەوە".
- کۆچی دوایی تەڵاخانی هاوسەری شێخ لەتیفی حەفید لە سلێمانی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 10:58:21 2016/01/21

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 26

## 2016-01-22

http://www.kurdipedia.org/?q=20160123133737793690





- بۆ دەربڕینی پشتیوانی لە باکوری کوردستان و ئیدانەکردنی ئابڵوقە و کوشتوبڕەکانی هاووڵاتیانی کورد لەلایەن سوپای تورکیاوە"، ئێوارەی ئەمڕۆ هەینی تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگەی کوردستان لە کەلار خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا.
- دەیان کەسی خەڵکی باشووری کوردستان کە دەیانویست لە تورکیاوە بۆ یۆنان پەڕۆن لە دەریای ئیجەدا خنکان کە ژمارەیەکی زۆری منداڵ و ژنیان تێدایە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 13:37:37 2016/01/23

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 27

**2016-01-22**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160124103705129506



هاجمت مرتزقة جبهة النصرة وأحرار الشام من جهتين سكن الشقيف و دوار جندول اليوم في 22 كانون الثاني 2016 في تمام الساعة 4 صباحاً من جهة سكن شقيف بالأسلحة الثقيلة وقذائف المحلية الصنع على أحياء المدنية في حي شيخ المقصود, ومن جهة دوار جندول حاولت مجموعتين من مرتزقة النصرة وأحرار الشام التسلل إلى حي شيخ المقصود, وتم رؤيتهم من قبل وحدات حماية الشعب وعلى إثرها تدخلت وحداتنا بشكل سريع واندلعت اشتبكات بين وحدات حماية الشعب والمرتزقة, وتمكنت وحدات حماية الشعب من خلال هذه الاشتباكات التوثيق على مقتل 3 مرتزق وإصابة عدد كبير منهم, وما تزال الاشتباكات المتقطعة مستمرة حتى الآن.

Quick Respons Code:

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 10:37:05 2016/01/24 |
| ناوی تۆمارکار: | مانو بەرزنجی |

---

بابەت: 28

**2016-01-23**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016012310514693687

- دەسەڵاتدارانی تورکیا ژمارەیەکی زۆر پۆلیس و هێزەکانی سوپا بە چەکی قورس و ماماوەندەوە لە دەوروبەری پارێزگای شرناخ لە باکووری کوردستان بڵاودەکەنەوە، بە وتەی چەند شایەتحاڵێکیش، ئامانج لەو هەنگاوە، ئامادەکارییە بۆ ئەنجامدانی هێرش و گەمارۆدانی زیاتری ناوچەکە.
- وەزارەتی بەرگری ئەڵمانیا، ڕەتیکردەوە هیچ بەڵگەیەک هەبێت لەسەر خراپ بەکارهێنانێکی بەرنابۆداڕێژراوی ئەو چەکە ئەڵمانیایانەی کە بەرلین بۆ پتەوکردنی تواناکانی پێشمەرگە، رادەستی هەرێمی کوردستانی کردوون.
- ئامانج عەبدوڵا سەرۆکی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی کوردستان ڕایگەیاند "ڕوداوەکەی شەوی 22 مانگ لە دەریای ئیجە نزیکەی 80 کەسی تێدا خنکاوە، کە 11 یان منداڵە و 16 یان ژنن یەکێکیان دوگیانە، هاوکات 12یان خەڵکی دەڤەری ڕانیە و ئەو ناوچەیەن، 7 یان خەڵکی کۆیەن و دوانیان خەڵکی پیرەمەگرونن 5 کەسیان خەڵکی پارێزگای سلێمانین و 19 کەسیش بێسەروشوینن 6 کەسیش ڕزگارکراون لەو ژمارەیە".
- حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی سەبارەت بە گیانلەدەستدانی ژمارەیەک لە هاووڵاتیانی کوردستان لە دەریایی ئیجەدا بڵاوکردووەتەوە و ڕایگەیاندووە، ئـامادەی هەموو هاوکارییەکن بۆ هێنانەوەی تەرمەکانیان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🗆 سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🗆 کۆیە

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 10:51:46 2016/01/23
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 29
## 2016-01-24
http://www.kurdipedia.org/?q=20160124114422936919



- لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا و لە هۆڵی ئەحمەد تانەر کشلالی، بە دروشمی دیموکراتی سیاسی - بەرخۆدانی دیموکراتی - دیموکراتی کۆماری دووەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی گەلان، هەدەپە، دەستپێکرد.
- لە بەرانبەر خەرج نەکردنی مووچەکانیان، ئەمڕۆ مامۆستایانی سنووری گەرمیان بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندنیان کرد و بڕیاریانداوە لە بایکۆت بەردەوام بن هەتا چارەسەری گرفتی مووچەکانیان دەکرێت.
- دوای ئەوەی شەوی هەینی رابردوو بەلەمێک بە 80 کۆچبەرەوە لە ئاوەکانی تورکیاوە بەرە و وڵاتی یۆنان بەڕێکەت و نقوم بوو، بە و هۆیەوە 65 کەسی خنکان و 15 کەسی نێو بەلەمەکەش رزگاری بوو. لەنێو ئە و بەلەمانەشدا خانەوادەیەکی شاری کەرکوک هەبوو کە ژمارەیان حەوت کەس بوون و بەهۆی نوقبوونی بەلەمەکەشەوە 6 کەسیان گیانیان لەدەستداوە، ئەمڕۆش لە مەراسیمێکدا تەرمەکانیان گەیەندرایەوە کەرکوک و بەخاک سپێردران. سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 11:44:22 2016/01/24
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 30
## 2016-01-25
http://www.kurdipedia.org/?q=20160125085635937050

- فەرمانبەرانی گواستنەوەی چەمچەماڵ مانگرتنیان راگەیاند.
- فیدریکا موگرینی بەرپرسی سیاسەتەکانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا داوای دەستبەجێ ئاگربەستی کرد لە کوردستانی باکوور کە ماوەیەکە حکومەتی تورکیا لە ناوچە کوردستانییەکان، ئۆپراسیۆنی سەربازیی بەرفراوان ئەنجام دەدات.
- ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان داوادەکات بارودۆخی هەرێم ئاسایی بکرێتەوە و پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بەگەڕ بخرێتەوە، هەروەک داوای ئەوەش دەکەن رێوشوێنی بەپەلە

بگیرێتە بەر بۆ ڕێکخستنەوەی مووچە و پێدانی لە کاتی خۆیدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ☐ چەمچەماڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ☐ ئامودا
🏙 شار و شارۆچکەکان: ☐ ئاکرێ
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/01/25 08:56:35
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 31
## 2016-01-26
http://www.kurdipedia.org/?q=20160126101334937111



- لەسەر پردی شەهیدانی شاری کەرکوک گروپی هەڵوێست بەدروشمی (نا بۆ دزینی نەوت) خۆپیشاندانیان ڕێکخست.
- ژمارەیەک پێشمەرگەی فەوجی 2ی سەر بە لیوای 9ی هێزی پیادەی پێشمەرگەی کوردستان خۆپیشاندانێکیان بۆ باشتربوونی گوزەرانیان ئەنجامدا.
- لە خوێندنگەیەکی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک مامۆستایان بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندنیان کرد وەک نارەزایەتییەک لە بەرانبەر پێدانی نیو مووچە و کەمکردنەوەی کرێی وانەبێژی.
- سەرۆک هۆزە عەرەبەکانی مەخمور و گوێر، ئەمڕۆ سێشەممە 26ی کانونی دووەمی 2016 ڕایانگەیاند ڕاپۆرتەکەی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ، ناحەقیی تێدایە بەرامبەر پێشمەرگە و دەشڵێن ناوچە سوننەکانی عەرەب لە لایەن پێشمەرگەوە پارێزراون و وێران نەکراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ☐ دهۆک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ☐ مەخموور
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/01/26 10:13:34
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 32
## 2016-01-27
http://www.kurdipedia.org/?q=20160127120157577720

- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، مووچەی فەرمانبەران کەمدەکەینەوە وتیشی، دابەزینی نرخی نەوت پلانەکانی تێکداین.
- رۆژنامەی هاولاتی رایگەیاند تەنیا دەتوانن تا رۆژی 25ی مانگی شوباتی ئەمساڵ لە کارکردن بەردەوام بن و ئەگەر تا ئەو وادەیەش هاوکاری دارایی نەکرێن، ئەوا تاکاتێکی نادیار رۆژنامەکە رادەگرن.
- سەبارەت بە دەستگیرکردنی کۆمەڵێک راوچی لە سنووری قەزای خانەقین کە مامۆستایەکی زانکۆی گەرمیانیان تێدا بوو، سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان داوا لە دادگا دەکات لە بەرامبەر تێکدەرانی ژینگە هەمیشە بە بێ جیاوازی رێکارە یاساییەکان بگرێتە بەر.
- بەرهەم ساڵح رایگەیاند، پێویستە پارەی دزراو، پارەی حەرام بگێردرێتەوە، بەپێویستیشی زانی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، داوا لە ئەنجومەنی ئاسایش بکەن، داوای گێرانەوەی ئەو پارانە بکەن، کە بەشێوەیەکی نەشیاو براونەتە دەرەوەی وڵات.
- بەهۆی کێشەیەکەوە شەڕە تەقە لە گەڕەکێکی سلێمانی دروستدەبێت و لە ئەنجامدا کارمەندێکی ئاساییش دەکوژرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 12:01:57 2016/01/27

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 33

## 2016-01-28

http://www.kurdipedia.org/?q=2016012811414293776

- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ تەرمی 3 پیاو لە ناوچەی باوەی سەربە شارەدێی لەیلان دۆزرایەوە، نیشانەی گوللە بەسەریانەوە دیارە.
- ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕایگەیاند: وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان گرێبەستی لەگەڵ هیچ کۆمپانیایەکدا نەکردووە، بۆ دابینکردنی موچەی فەرمانبەران و ئەوەی کە باس دەکرێت تەنها دەنگۆیە و دوورە لە ڕاستییەوە.
- ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، کۆبووەوە و بڕیاری بەردەوامبوونی ئۆپەراسیۆن و شەڕی لەبەرامبەر کورد داو ئاشکراشی کرد کە نابێت پەیەدە لە داهاتووی سوریادا، خاوەن ڕۆڵ بێت.

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 11:41:42 2016/01/28

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 34

## 2016-01-29

http://www.kurdipedia.org/?q=20160129124337875277

- بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکوک رایدەگەیەنێت، شەوی رابردوو یەکێک لە بۆریە غازەکانی نێوان هەولێر و کەرکوک تەقییەوە، ئەو بۆریە لە قادرکەرەمەوە بۆ هەولێرە رۆیشتووە و بەسنوری شارەدێی شواندا تێدەپەڕێت و گومانی کاری تیرۆریستی لێناکرێت لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانە ئارامە.
- بەلەمێکی دیکەی گواستنەوەی پەنابەران لە ئاوی ئیجەدا ژێر ئاوکەوت و بە پێی زانیارییەکانیش کوردی تێدایە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 12:43:37 2016/01/29

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 35

## 2016-01-30

http://www.kurdipedia.org/?q=20160131132427938004



- کۆمەڵێک چالاکوانی کورد لە فڕۆکەخانەی دوسلدۆرف لە دژی هێرشەکانی داگیرکەری تورک بۆسەر باکووری کوردستان خۆپیشاندانیان سازدا.

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 13:24:27 2016/01/31

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 36

## 2016-01-31

http://www.kurdipedia.org/?q=20160131125005937999

- پەرلەمانتارێکی کوردی باکور رایدەگەیەنێت، ئەمڕۆ پۆلیسی تورکیا 10 ژنی کوردی لە شاری جەزیرەی باکوری کوردستان دەستبەسەر کردووە، دوای ئەوەی ویستیان هەوڵی رزگارکردنی کورەکانیان بدەن کە لە ژێرزەمینێکدا گیریان خواردووە.
- لە چوارچێوەی هەوڵەکانی پۆلیسی دەریاوانی یۆنان بۆ دۆزینەوەی تەرمی کۆچبەرە خنکاوەکان، تەرمی حەوت کۆچبەری کوردی دیکە دۆزرایەوە کە لە 2016-01-22 بە هۆی نقومبونی بەلەمەکەیان لە دەریای ئیجە خنکاون.

- لەکاتی ئەنجامدانی گردبونەوەی ناڕەزایەتی دژبە دواکەوتن و نەدانی مووچە شەش چالاکوان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی هەولێر دەسگیرکران.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 12:50:05 2016/01/31
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 37
## 2016-02-01
http://www.kurdipedia.org/?q=2016020118590293812



- فەرمانبەران و مامۆستایانی پەیمانگای تەکنیکی چەمچەماڵ بایکۆتی دەوامیانکرد و خوێندکاران نێردرانەماڵەوە.
- عەلی مەحمود محەمەد و هاورێکانی کە دوێنێ بەتاوانی خۆپیشاندانی بێمۆڵەت لە هەولێر دەستگیرکران، ئەمڕۆ لەلاین دادوەرەوە ئازادکران.
- زید رەعەد ئەلحسین، کۆمیساری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکانی رایگەیاندووە، داوا لە دەسەڵاتدارانی تورکیا دەکەین، لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسە سەربازییەکاندا، رێز لە مافە سەرەتاییەکانی هاوڵاتیان بگرێت و دەشڵێت، پێویستە دەسەڵاتدارانی تورکیا لێکۆڵینەوەی بەپەلە لە رووداوی کوشتن و بریندارکردنی ژمارەیەک هاوڵاتی مەدەنی بکات لە شاری جزیرە، کە ئاڵای سپییان بەرزکردبووە و لەلایەن زرێپۆشێکی سوپاوە دەدرێنە بەر دەستڕێژی گوللە.
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ لە سنووری ناوچەی نەفتخانەی باشووری رۆژهەڵاتی خانەقین، بۆمبێک تەقییەوە و بەهۆیەوە سێ کەس شەهید و سێ کەسی تریش بریندار بوون.
- بەهۆی ئەو پێکداهەڕژانەی لەنێوان سوپای تورکیا و یەکینەکانی پاراستنی سڤیل لە شارەدێیەکە لەئارادایە، لانی کەم 15 سەربازی تورک لە شارەدێی سوری سەر بە شاری ئاماد لە باکووری کوردستان، کوژران.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ چەمچەماڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ ئامودا
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ ئاکرێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 18:59:02 2016/02/01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 38

**2016-02-02**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160218402093827

- کۆبونەوەکەی ئەمڕۆ سێشەممەی نێوان بەڕێوەبەری پەروەردەی شارەزور لەگەڵ بەڕێوەبەری خوێندنگاکان و باخچەکانی ساوایانی سنورەکە بە بێ هیچ ئەنجامێک کۆتاییهات و مامۆستایان پێشنیارەکەیان رەتکردەوە. یەکێک لەو پێشنیارانەی لە کۆبونەوەکەدا خرابووە بەردەم مامۆستایان بۆ شکاندنی بایکۆت، بریتی بوو لە پێدانی دوو رۆژ پشوو لە هەفتەیەکدا، بەڵام لە کۆبونەوەکەدا ئەو پێشنیارە رەتکرایەوە و مامۆستایان سوربوون لەسەر بڕیاری بایکۆت.

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/02/02 18:40:20

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 39

**2016-02-03**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016020309545993834

- پزیشکان و کارمەندانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی بەهۆی دواکەوتنی موچەکانیانەوە گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا.
- وتەبێژی پێشمەرگە لە میحوەری مەخمور، ئاماژەبەوەدەکات، گوندی کودیلەی سەر بە شارۆچکەی مەخمور لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگە و حەشدی نیشتیمانی ئازادکرا.
- نیوەڕووی ئەمرۆ لە گوندی (حەفتەخار)ی سەربە شارۆچکەی داقووق، بۆمبێکی چێندراو تەقیوەتەوە و بەو هۆیەوە پێشمەرگەیەک بەناوی (یاسین عەلی سەعید) شەهیدبووە.
- دوای 118 رۆژ لە داپران و دووریی لەنێوانیان، شاندێکی باڵای مەکتەبی سیاسی پارتی لە چوارچێوەی کۆمیتەی ئاسایی کردنەوەی پەرلەمان و حکومەت لەگەڵ بزووتنەوەی گۆران کۆبوونەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆران

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/02/03 09:54:59

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 40

**2016-02-04**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016020421002967587

- پەرلەمانی ئەوروپا کوشتنی ئێزدییەکانی لەلایەن داعشەوە بە جینۆساید ناساند.
- محەمەد نوری چیچیەک هاوشارەداری ناوچەی ئەردیشی پارێزگای وان لە باکوری کوردستان و حەمدوڵڵا ئیبجی کارمەندی پێشووی شارەداری ئیپەک یۆلوی پارێزگەی وان بە تۆمەتی ئەندامبوونیان لە رێکخراوێکی کوردی،لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە دەستگیر کران.
- شەوی ڕابردوو زیاتر لە 10 فرۆکەی جەنگی دەوڵەتی تورکیا پێنج کاتژمێر بۆمب بارانی زیاتر لە نۆ گوندی بناری قەندیلیان کردوو بەو هۆیەشەوە زەرو زیانێکی زۆر بەر گوند نیشینان کەوتووە و دانیشتوانەکەشی ماڵ و حاڵیان چۆلکردووە.
- ئێوارەی ئەمڕۆ، شێخ جەنگی برای گەورەی مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەنەخۆشخانەی فاروق لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/02/04 21:00:29

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 41

## 2016-02-05

http://www.kurdipedia.org/?q=20160205210631938477



- بەهۆی کەوتنەوەی ئاگرێک لە هۆتێلی کاپیتۆل لە شاری هەولێر، 19 کەس گیان لەدەستداو و ژمارەیەکی تریش برینداربوون.
- ئاژانسەکانی هەواڵی تورکیا بڵاویان کردۆتەوە، لە ئەکامی شەڕ و پێکدادنی نێوان یەکینەکانی پاراستنی سڤیل و سەربازانی سۆپای تورکیادا، دوو سەربازی تورک کوژران و سێ سەربازی تریش بە سەختی بریندار بوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/02/05 21:06:31

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 42

## 2016-02-06

http://www.kurdipedia.org/?q=20160206183944938555



- مانگرتنی کارمەندان و پزیشکەکانی نەخۆشخانەی رزگاری لەشاری هەولێر، لەسەر خشتەی نوێی مووچە دەستپێکرد.
- بەشی ناوخۆیی کچان بەهۆی بێکارەباییەوە لە هەولێر خۆپیشاندانیان کرد.
- کۆمپانیای ئاسیاسێل بۆ پەیوەندی تەلەفۆنی، بەهۆی قەیرانی دارایی نرخی پەیوەندیکردنی بەڕێژەی 50% کەمکردەوە و بۆ هێزەکانی پێشمەرگەش پەیوەندییەکانی دەکات بە خۆرایی.
- محەممەد حاجی ئەندامی پێشووی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆران بە رووداوی راگەیاند: "پەیوەندیم بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە و پشتگیری کاری سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم".
- 18 هاوڵاتی خەڵکی کۆبانێ کە پێشتر لەلایەن رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە دەستگیرکرابوون لە زیندانی شاری باب هەڵهاتن و گەیشتنە شاری کۆبانێ، لەئێستاشدا لە ناو کەسوکاری خۆیانن و لە کەمپی مشتەنوور نیشتەجێن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆران

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کۆبانی

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 18:39:44 2016/02/06

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 43

**2016-02-07**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160207085740938 75



- بەهۆی ئەوەی کەمکردنەوە و پاشەکەوتکردنی مووچە کارمەندانی پۆلیسی هاتووچۆش دەگرێتەوە، کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیی هاتووچۆی سلێمانی دەستیان بە مانگرتن کرد.
- ئەندامێکی سکرتایەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان رایدەگەیەنێت، راگەیاندنی خشتەی نوێی مووچە مامۆستایانی تورەکرد، بۆیە پریاری ئەوەمانداوە بەردەوامبین لەسەر بایکۆتکردنی هۆڵەکانی خوێندن.
- لایەنگرانی پەکەکە لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر بۆ رزگارکردنی ئۆجەلان خۆپیشاندانیان سازکرد، خۆپیشاندانەکە توندوتیژیی لێکەوتەوە و خۆپیشاندەران پەلاماری تیمی رووداویاندا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 08:57:40 2016/02/07
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 44

**2016-02-08**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016020807242393876



- وەک ناڕەزایەتی دەربڕین لەبەرانبەر کەمکردنەوەی مووچەکانیان کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بەشێک لە شەقامی شەست مەتریان داخست.
-هەولێر بە هۆی ناڕەزای بەرامبەر دوا کەوتن و پێنەدانی مووچەکەیان فەرمانبەرانی نەخۆشخانەی منداڵانی هەولێر بایکۆتی دەوامیان دەستپێکردووە. هەروەها بەشێک لە خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگا ئەهلییەکان بایکۆتی دەوامیان ڕاگەیاندووە بە هۆی فشاری زانکۆ و پەیمانگاکان لە سەریان بۆ هێنانی کرێی خوێندن.
- بە هۆی ڕاگەیاندنی خشتەی نوێی موچەو کەم کردنەوەی موچەکانیان بە ڕێژەیەکی زۆر، هەریەکە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین و کارمەندانی پۆلیسی هاتووچۆی قەڵادزێ گردبوونەوە و بایکۆتی ناڕەزایەییان ڕاگەیاند. هاووڵاتییان لەجیاتی پۆلیس جادەوبانەکانیان ڕێکدەخست.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ☐ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ☐ قەڵادزێ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 07:24:23 2016/02/08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 45

**2016-02-09**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016020908013893881

- لە گەڕەکی پەنجەعەلی کەرکووک تەقینەوەیەک روویدا و بەهۆیەوە 3 کەس گیانیان لەدەستدا، سەرۆکی لیژنەی ئەمنی ئەنجوومەنی پارێزگاکەش دەڵێت "تەقینەوەکە تیرۆرستی نەبووە".
- بۆ رۆژی سێیەم فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی بایکۆتی دەوامیان کرد.
- یەکەم لیوای سوپای عێراق گەیشتە شاری مەخموور، کە ئامانج لە هاتنیان بەشداریکردنە لە ئۆپەراسیۆنی کۆنرۆڵکردنەوەی موسڵ.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ موسڵ و دەشتی نەینەوا
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ مەخموور
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 08:01:38 2016/02/09
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 46

**2016-02-09**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160301111158130379



Çeteyên DAIŞê Ji Cerablusê êrîş Birin Li Ser Gundê Qereqozax
ê Sibatê di navbera saetên 08.00 û 08.30’an de çeteyên DAIŞê ji 9
çeperên xwe yên başûrê Cerablusê bi çekên giran êrîş birin li ser
.rojhilatê gundê Qereqozax a başûrrojavayê Kobanê
ê Sibatê saet 15.00’an de çeteyên DAIŞê bi çekên giran êrîş birin 9
.li ser bendava Tişrîn a giredayî Kobanê
ê Sibatê hêzên me li ser rêya Cendol a bakurê Halebê li dijî 9
komên çeteyan operasyonek lidarxistin. Operasyona ku li dijî
çeteyên El Nusra û Ehrar El Şam hat lidarxistin de maşînekî leşkerî
.hat derbkirin û qasî hat zelalkirin çetekî hat kuştin
Navenda Ragihandina YPJ

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 11:11:58 2016/03/01
ناوی تۆمارکار: مانو بەرزنجی

---

بابەت: 47

**2016-02-10**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160210101817938822

- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردوومانی چەند ناوچەیەکی سەربە شارۆچکەی ئامێدیان دەستپێکردەوە.
- بۆ ڕۆژی چوارەم فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی بایکۆتی دەوامیان کرد.
- هەموو ئەندامانی کۆنگرەی 16 بەکۆی دەنگ خالید عەزیزی-یان وەکو سکرتێری گشتی هەڵبژاردەوە و دەنگی متمانەیان بە هەموو ئەندامانی ڕێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی 15 دایەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: □ سلێمانی
:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 10:18:17 2016/02/10
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 48
**2016-02-11**
http://www.kurdipedia.org/?q=20160211110559938888
- کۆنفرانسێکی یەک ڕۆژە لە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی لەسەر کچانی ئێزدی دەستپێدەکات.
- پاش هەفتەیەک لە مانگرتن و جێهێشتنی کارەکانیان، کارمەندانی هاتووچۆی سلێمانی و ڕاپەڕین بەشێوەیەکی مەرجدار کۆتاییان بە مانگرتنەکەیان هێنا و گەڕانەوە سەر کارەکانیان.
- ئەمڕۆ لە خاڵی سنوری مورشد پناری نێوان باکوری کوردستان کانتۆنی کۆبانێی ڕۆژئاوای کوردستان 300 ئاوارەی خەڵکی شاری کۆبانی گەڕانەوە زێدی خۆیان.
- فەرماندەی فەوجی دووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە میحوەری گوێر ڕایدەگەیەنێت، ئەمڕۆ ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە گوندی سێ چاڵەی سەر بە میحوەری گوێر بە هاوان و تۆپ و ڕاجیمە بۆردومانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کرد و لە ئێستاشدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە حاڵەتی ئامادەباشیدایە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏟 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ کۆبانی
:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 11:05:59 2016/02/11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 49
**2016-02-11**
http://www.kurdipedia.org/?q=20160113110401129053



حلب- هاجمت مرتزقة النصرة وأحرار الشام اليوم في 11 كانون الثاني 2016 في ساعات الظهيرة على الأحياء المدنية بقذائف الهاون والمدافع المحلية الصنع, تدخلت وحدات حماية الشعب بشكل سريع ونفذت هجوما على أماكن خروج قذائف الهاون القريبة من منطقة معامل الباصات, وتمكنت وحدات حماية الشعب من خلال الاشتباكات تدمير آليتين عسكريتين تابعة للمرتزقة ومقتل أحد المرتزقة في منطقة وإصابة عدد منهم, وما تزال الاشتباكات المتقطعة بين وحدات حماية الشعب ومرتزقة النصرة مستمرة.
..
عفرين_ هاجمت مرتزقة أحرار الشام وجبهة النصرة اليوم ساعة 04:00 صباحا بتاريخ 11 كانون الثاني 2016 على نقاط تمركز وحدات حماية الشعب في قرية شوارغة والمالكية وتنب وكما قاموا بقذف قرية كشتعارة بمدافع الهاون والرشاشات الثقيلة, فتصدت لهم وحدات حماية الشعب واستمرت الاشتباكات حتى ساعة 6 صباحا, بعد الاشتباكات العنيفة التي اندلعت في هذه المناطق أجبرت وحدات حماية الشعب المرتزقة الانسحاب من المنطقة, حيث وقع عدد من جثث المرتزقة بأيدي وحدات حماية الشعب, ولم تتمكن وحدات حماية الشعب من معرفة عدد قتلى وجرحى المرتزقة في هذه الاشتباكات, ما تزال الاشتباكات مستمرة في هذه المناطق.

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 11:04:01 2016/01/13
ناوی تۆمارکار: مانو بەرزنجی

---

بابەت: 50

## 2016-02-12

http://www.kurdipedia.org/?q=2016021219142393924

- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا چیای گارە و کورەژاری شارەدێی شیلادزێی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی بۆردومان دەکەن. بەهۆی بۆردوومانەکەوە زۆرینەی خەڵکی شیلادزێ ماڵەکانیان چۆڵدەکەن.
- لە گەڕەکی کاروخ لە رانیە، باوکێک تەقە لە منداڵەکانی خۆی دەکات و دوان لە کورەکانی دەکوژێت و کچێکیشی بریندار دەکات.
- لە پەراوێزی کۆنفرانسی ئاسایشی جیهان لە شاری میونشنی ئەڵمانیا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چەندین سەرکردە و بەرپرسی باڵای وڵاتان کۆبووەوە، یەکێکیش لەوان حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق بوو.
- سەرۆک کۆماری عیراق رایدەگەیەنێت، ئەمڕۆ سێ سەربازی لیوای یەکی سەرۆکایەتی کۆمار، لە کاتی تێپەڕبونی ئۆتۆمبیلەکەیان لە رێگەی گشتیی شارەدێی ئامرلیی سەر بە شارۆچکەی خورماتو دیار نەماون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 19:14:23 2016/02/12
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 51

**2016-02-13**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160213200022130082

- لە گەرەکی فەخرەدین پاشا لە ناوچەی تەرسۆسی پارێزگای مێرسینی تورکیا چەند کەسێکی نەناسراو پەلاماری بارەگای پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپ)یان داو تەواوی کەلوپەلی ناو ئەو بارەگایەیان تێکشاند.
- یەکگرتوو بڕیاری کشانەوەیداوە لە کۆمیتەی کاراکردنەوەی پەرلەمان و حکومەت.
- وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا رایدەگەیێنێ، نیگەرانن لە ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و، ئەو نیگەرانییەشیان دوای گفتوگۆیەکی قوڵ بە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەیاندووە.
- پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپە لە شاری شرناخ رایگەیاند لە چوار رۆژی رابردوودا 138 هاوڵاتی لە شاری جزیرە لە ژێرزەمینەکاندا لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی تورکیاوە شەهیدکراون، تەرمی 110 لەو شەهیدانەش دەرهێنراون و بۆ شارە جیاجیاکانی باکووری کوردستان نێردراون.
- تانکەکانی سوپای تورکیا هەریەکە لە شارۆچکە و فرۆکەخانەی منغ و گوندی مرعناز-یان لە رۆژئاوای کوردستان بۆردومان کرد، دوای ئەو بۆردومانەش بەووتەی پەیامنێری واشنتۆن-ی رۆژنامەی سەباحی تورکی جۆن کێربی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داوایکردوە تورکیا بۆردومانکردنی بنکەکانی یەپەگە رابگرێت.
- لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی ئەنادۆلی تورکیا زەکەرەیا قارسلی فەرماندەیی جەبهەت ئەلشامیە رایگەیاند: ئەمرۆ سوپای تورکیا بە چەکی قورس ناوچەکانی ژێردەستی یەکینەکانی پاراستنی گەل(یەپەگە)ی لە شاری ئەعزازی باکووری پارێزگای حەلەب بۆدروومان کردو بەو هۆیەوە نزیکەی 29 شەڕڤانی یەپەگە شەهیدبوون و ژمارەیەکی تریش بریندارابوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 20:00:22 2016/02/13
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 52

**2016-02-14**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160214203656939932

- وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا، داوا لە حکومەتی تورکیا دەکات بۆردوومانی ناوچە کوردییەکانی سوریا رابگرێت و دەشڵێت، دەبێت کاری سەرەکی لە سووریا رووبەڕووبونەوەی تیرۆریستانی

داعش بێت لەو وڵاتە.
- لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا بزووتنەوەی گۆڕان، بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی دارایی و قەیرانی سیاسی هەرێمی کوردستان، دوو پرۆژەی خستەڕوو، بزووتنەوەکە بۆ چارەسەری قەیرانی دارایی پرۆژەیەکی 14 خاڵی پێشنیازکرد کە گرنگترینییان لابردنی وەزیری سامانە سروشتییەکان و گێڕانەوەی سامانی کەڵەکەبووی ناشەرعی بەرپرسە باڵاکان بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/02/14 20:36:56

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 53

**2016-02-15**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160215101312939434

- هەرسێ فراکسیۆنی (یەکێتی و گۆڕان و خزمەت) بایکۆتی دانیشتنی ئەمڕۆی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر-یان کرد کە لەسەر گرانی نرخ لەبازاڕ و سیستمی نوێی مووچە و قەیرانی دارایی بەڕێوەدەچێت.
- وەزیری بەرگری تورکیا جەختیکردەوە لەوەی بەردەوامبوون لە بۆردوومانکردنی بنکەکانی یەپەگە، هەروەک ئەوەی ڕەتکردەوە کە سەربازانی تورکیا چوونەتە ناو خاکی سوریاوە.
- پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، لە ڕێگەی نامەیەکەوە داوا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UN، دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ئەوروپا دەکات، لە ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا لە شارۆچکەی جزیرێی سەر بە شرناخی باکووری کوردستان بکۆڵنەوە.
- یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە پێشڕەوییەکانیان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شاری ئەعزاز بەردەوامن و بەشێکی زۆری شارۆچکەیەکی تریان لە نێوان شارەکانی ئەعزاز و حەلەب کۆنترۆڵکرد و تۆپخانەکانی تورکیاش لە بۆردوومان کردنی ڕۆژئاوای کوردستان بەردەوامن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/02/15 10:13:12

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 54

**2016-02-16**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160216071524939959

- تۆپخانەکانی سوپای تورکیا گوندەکانی قیبارێ و ستێری سەر بە شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستانیان تۆپباران کرد. ئەمە چوارەمین تۆپبارانکرنی تورکیایە لەماوەی 3 ڕۆژی رابردوودا ئەنجامی دەدات.
- والی شاری شرناخ لە باکووری کوردستان راگەیاندووە کە بۆ پڕکردنەوەی خەندەق و رووخاندنی سەنگەرەکان، ئەم شەو لە ناوچەی هەزەخ (ئیدل) قەدەغەی هاتوچۆ راگەیەندراو ئۆپەراسیۆنی سەربازی دەستپێدەکات تا پڕیارێکیتر دەردەکرێت بۆ ئەو مەبەستە.
- لەسەر داوای روسیا لەبارەی تۆپبارانکردنی هێزەکانی کورد لە ناوچەی عەزاز و عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبووەوە و بەکۆی دەنگ داوایان لە تورکیا کرد کە دەبێت تۆپبارانکردنی شەڕڤانانی یەپەگە لە ڕۆژئاوای کوردستان رابگرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 07:15:24 2016/02/16

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 55

**2016-02-16**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160301111453130380

Maşînekî Doçka Hatiye Ruxandin, 16 Çete Hatinê Kuştin
ê Sibatê di saetên siharê de çeteyên El Nusra û Ehrar El Şam li dijî taxa Şêx Meqsud a 16 Halebê êrîşek lidarxistin. Hêzên me di cih de bersiv dan êrîşên çeteyan û van êrîşan sekinandin. Di şerên dijwar de maşînekî doçka barkirî ya çeteyan hatiye ruxandin. Di van .şeran de yek je emîrekî El Nusra bi giştî qasî hat zelalkirin 16 çete hatinê kuştin
.hevale me yên ku di şikandina êrîşên çeteyan de rolek girîng lîstin gihiştin şehadete 2
Navenda Ragihandina YPJ

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 11:14:53 2016/03/01

ناوی تۆمارکار: مانو بەرزنجی

---

بابەت: 56

**2016-02-17**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016021708391493998

- گەریلاکانی هەپەگە لەبەرانبەر کۆمەڵکوژییەکانی دەوڵەتی تورکیا دژی گەلی کورد، چالاکییەکیان ئەنجامدا و پێنج سەربازی تایبەتی سوپای تورکیایان کوشت.
- رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا هەروەها وتی : ئەمریکا دەبێت لەنێوان تورکیاو شەڕڤانانی یەپەگە لایەکمان هەڵبژێرێت.
- سوپای تورکیا رایدەگەیێنێت: " 15 هەزار سەرباز بەسەرجەم چەکی قورس و پێشکەوتووی

سەربازیی و کەرەستەکانی جەنگیی، لە سەر سنووری باکووری سووریا جێگیر کراون".
- تەقینەوەیەک لەبەردەم مەکۆی چەمچەماڵی بزووتنەوەی گۆڕان روویدا و هیچ زیانێکی گیانی بەهۆی تەقینەوەکەوە تۆمارنەکراوە.
- لە ماوەی 2 رۆژی رابردوودا لە ئەنجامی بۆردوومانکردنی گەڕەکی شێخ مەقسوودی کوردنشین لە شاری حەلەب لە لایەن تیرۆریستانی بەرەی ئەلنوسرە و ئەحرار ئەلشامەوە بە چەکی قورس، سێ هاوڵاتی کوژران و 23 کەسیش بریندارن و زۆربەی قوربانیەکانیش هاوڵاتی کوردن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ▯ چەمچەماڵ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ▯ ئامودا |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ▯ ئاکرێ |
| Quick Respons Code: | |

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 08:39:14 2016/02/17 |
| ناوی تۆمارکار: | هاورێ باخەوان |

---

بابەت: 57

**2016-02-18**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160218084012940l9



- گوگڵ زمانی کوردیی کرمانجیی بۆ وەرگێڕان زیاد کرد.
- حەمەد داودئۆغلۆ، سەرۆکوەزیرانی تورکیا رایگەیاند کە تەقینەوەکەی شەوی رابردووی ئەنکەرە لەلایەن کەسێکەوە بە ناوی ساڵح نەجار ئەنجامدراوە، کە ئەندامێکی یەپەگە بووە.
- بۆمبێکی دەستکرد لە رێگای سەرەکی شارۆچکەی لیجە - ئامەد تەقییەوە و کاروانێکی سەربازی سوپای تورکیای کردە ئامانج و بەلایەنی کەمەوە 7 سەربازی تورک کوژران.
- کۆما جڤاکێن کوردستان KCK رایگەیاند کە ئەوان دژی رێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیان لەسەر هەناردەکردنی گازی سرووشتی بۆ تورکیا، چونکە ئەو رێککەوتنە تورکیا بەهێز دەکات.
- لە ئەنجامی تەقینەوەی دوو بۆمبی چێنراو بە هێزەکانی پێشمەرگە لە گوندی خەرائج لە میحوەری حەردان، پێنج پێشمەرگە شەهیدبوون و حەوت پێشمەرگەی تر بریندداربوون.
- ئێوارەی ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردومانی چیای گارە - مەتین - دەڤەری نێروەورێکان یان لە سنووری قەزای ئامێدی لە پارێزگای دهۆک و دەڤەری خواکورک و چیای دێلێ لە پارێزگای هەولێر -یان کرد.
- یەکینەکانی پاراستانی گەل (یەپەگە) و هێزە هاوپەیمانەکانی لە هێزەکانی سوریای دیموکرات، رێگەی نێوان شاری (شەدادی) دووەم گەورەترین مۆڵگەی رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە سوریا و شاری موسڵیان، کۆنترۆل کرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |

🕌 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ دهۆک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ موسڵ و دەشتی نەینەوا

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 08:40:12 2016/02/18

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 58

## 2016-02-19

http://www.kurdipedia.org/?q=2016021919563294057

- میدیاکانی تورکیا بڵاویان کردەوە، بەهۆی هێرشێکەوە کە کرایە سەر هێزەکانی سوپای تورکیا لە ناوچەی سور لە ئاماد، سێ سەرباز کوژران.
- سوپای تورکیا ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کورد لە خۆرئاوای ئەعزاز بە چڕی تۆپباران دەکات.
- لە شاری کەرکوک کەسێک دوو خوشکی و هاوسەرەکەی دەکوژێت و خوشکەزایەکیشی بریندار دەکات، بەرپرسێکی ئەمنی شارەکەش دەڵێت هۆکارەکەی میرات بووە.
- لە مزگەوتێکی شاری هەولێر شەڕ دروستدەبێت و تەقە دەکرێت، مەلای مزگەوتەکە دەڵێت چەند کارمەندێکی ئاسایش سووکایەتییان پێکردووە و لە کورەکەیان داوە، هەروەها تەقەشیان کردووە، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێریش دەڵێت: "کێشەیەک روویداوە و کوری مەلاکە لەگەڵ چەند کەسێک بووەتە شەڕیان، پۆلیس و ئاسایش بەهیچ شێوەیەک لەوێ نەبوونە".

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 19:56:32 2016/02/19

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 59

## 2016-02-20

http://www.kurdipedia.org/?q=2016022018472794072

- هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان رایدەگەیەنێت، پێشێلکاریەکی گەورەی مافی مرۆڤ بەرانبەر بە کوردەکان ئەنجامدراوە و دەشڵێت، رەجەب تەیب ئەردۆغان، حەزی بە خوێنڕشتنە.
- لە یەکێک لەگەڕەکەکانی شاری کەرکوک پیاوێک هاوسەرو منداڵەکەی خۆی خنکاند و خۆی رادەستی هێزەکانی پۆلیس کرد، بەڕێوەبەری نەهێشتنی تاوانەکانی کەرکوکیش رایدەگەیەنێت،

ئەو پیاوە بەپارچە قوماشێک تاوانەکەی ئەنجامداوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 18:47:27 2016/02/20
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 60
**2016-02-21**
http://www.kurdipedia.org/?q=20160221173236940082



- چەتەکانی جەبهەت ئەلنوسرە و ئەحراری شام ئەمڕۆ گەڕەکی شێخ مەقسودی شاری حەلەبیان بۆردومانکردووە و لە ئەنجامدا پێنج هاوڵاتی شەهیدبوون کە لە یەک خێزانن و 14 هاوڵاتیش برینداربوون، لەنێویاندا سێ منداڵ هەیە.
- پارتی کرێکارانی کوردستان، کوژرانی 5 سەربازی تورکی لە یەکێک لە ناوچەکانی ویلایەتی ئامەد لە کوردستانی باکوور ڕاگەیاند.
- ئێوارەی ئەمڕۆ، یەکێتی مامۆستایانی لقی سلێمانی لە کۆوبونەوەیەکدا لەگەڵ لیستەکانی کوردستان و هاوبەش، بڕیار درا لیستی کوردستانی بایکۆتکردنی دەوام بشکێنێت و لە بەرامبەریشدا لیستی هاوبەش، بڕیاریداوە لە بایکۆت کردن بەردەوام بێت.
- یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان لە لەندەن کۆبوونەوە.
- بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراوەوە، ژمارەیەک هاوڵاتی کە لەناوچەکانی باشووری کەرکوک و لە ژێر دەسەڵاتی داعش هەڵهاتبوون کوژران و برینداربوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 17:32:36 2016/02/21
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 61
**2016-02-22**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160222090438940 95



- له شاری دێرسیمی باکووری کوردستان، له ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا له سەرجەم فەرمانگەکانی حکومەت بەشێوەیەکی فەرمی یادی ڕۆژی زمانی کوردی کرایەوە، ئەمڕۆش شارەوانی دێرسیم هەموو خزمەتگوزارییەک بە کوری پێشکەش دەکات.
- زریان و ڕەشەبای بەهێز باشووری کوردستانی گرتەوە، بەتایبەتی لە شاری سلێمانی زیانی مادی و شکانی سەدان درەختی لێکەوتەوە.
- بەرپرسانی هێزی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی، لەگەڵ لایەنە حکومییەکانی خورماتوو، قایمقام، پۆلیس و ئاسایش بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی خراپی خورماتوو کۆبوونەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/02/22 09:04:38

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 62

**2016-02-23**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160223083235941 05

- هێزە ئەمنیەکانی تورکیا بە تانک و تۆپ و هێلیکۆپتەر هێرشەکانی لەسەر ناوچەی سووری ئامەد چڕکردووەتەوە و زیاتر لە 200 هاوڵاتی گیریان خواردووە لە ژێرزەمینێکدا، 35 کەس کە ژن و منداڵیش لەنێوانیاندا هەیە مەترسی کۆمەڵکوژیان هەیە.
- تائێستا هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا دەستی پێنەکردووەتەوە زیانی ماددی ئەو پرۆسەیە لەسەر بودجەی هەرێم دەگاتە نزیکەی 200 ملیۆن دۆلار.

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/02/23 08:32:35

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 63

**2016-02-23**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160301111737130381



تدمير دبابة ومقتل 11 مرتزق في الشيخ مقصود التابعة لمدينة حلب
سد تشرين_ هاجمت مرتزقة داعش بترايخ 23 شباط بين الساعة 10:00 والساعة 13:30 بالأسلحة الثقيلة منطقة سد التشرين.
كوباني_ في سياق متصل شنت مرتزقة داعش بالأسلحة الثقيلة في الفترة ما بين الساعة 9:00 والساعة 10:30 قرية قرقوزاق جنوب غربي كوباني انطلاقاً من مواقعها جنوب جرابلس.
وفي الفترة ما بين الساعة 9:00 والساعة 14:00 قصفت مرتزقة داعش وبالأسلحة الثقيلة قرية شركرات شرق بلدة عين عيسى في مقاطعة كوباني.
وحاولت مرتزقة داعش عبور نهر الفرات بالقوارب لشن هجوم على قرية قرقوزاق.وحدات حماية الشعب تدخلت على الفور ما اضطر المرتزقة للفرار.
حلب_شنت مرتزقة جبهة النصرة واحرار الشام هجوما على حي الشيخ مقصود ليلة امس. وردت وحداتنا وحدات حماية الشعب و وحدات حماية المرأة على هجمات المرتزقة ما أسفر عن اندلاع اشتباكات عنيفة. ونجم عن الاشتباكات تدمير دبابة وعربة محملة بسلاح دوشكا تابعة للمرتزقة. كما تم التأكيد على مقتل 11مرتزقاً في تلك المواجهات.
مركز إعلام وحدات حماية المرأة

خصائص السجل

الحزب: داعش

Quick Respons Code:

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2016/03/01 11:17:37 |
| ناوی تۆمارکار: | مانو بەرزنجی |

---

بابەت: 64

## 2016-02-23

http://www.kurdipedia.org/?q=20160301110802130378



Şerên Dijwar Di Navbera Hêzên Me û El Nusra û Ehrar El Şam De Li Halebê Qewimî
Ji Çapemenî û Rayagiştî re!
1. 23 ê Sibatê di navbera saetên 10.00 û 13.30'an de çeteyên DAIŞê bi çekên giran êrîş birin li ser bendava Tişrînê.
Çeteyên DAIŞê di navbera saetên 09.00 û 10.30'an de jî ji çeperên xwe yên başûrê Cerablusê bi çekên giran êrîş birin li ser gundê Qereqozax a dikeve başûrrojavayê Kobanê.
2. 23 ê Sibatê di navbera saetên 09.00 û 14.00'an de çeteyên DAIŞê bi çekên giran êrîş birin li gundê Şergirat a dikeve rojhilatê bajaroka Eyn Îsa.
3. Êvara 23ê sibatê çeteyên El Nusra û Ehrar El Şam ji bakurê Halebê li dijî taxa Şêx Meqsud êrîşek lidarxistin. Hêzên me bersivên tund da êrîşê çeteyan û li qadê şerên dijwar qewimî. Di vê şerî de tangek û maşînekî leşkerî ya doçka barkirî hat ruxandin. Di vê şerî de qasî hat zelalkirin 11 endame çeteyan

.hatin kuştin
Şeva 23ê Sibatê çeteyên DAIŞê xwestin bi kelêkan ava Firatê .4 derbasbikin û êrîş bibin li ser gundê Qereqozax. Piştî destwerdana .hêzên me komên çeteyan neçar man ji qadê birevin
Navenda Ragihandina YPJ

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 11:08:02 2016/03/01
ناوی تۆمارکار: مانو بەرزنجی

---

بابەت: 65
**2016-02-24**
http://www.kurdipedia.org/?q=20161204143546135179
...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 14:35:46 2016/12/04
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 66
**2016-02-25**
http://www.kurdipedia.org/?q=20161204145514135187
...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 14:55:14 2016/12/04
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 67
**2016-02-26**
http://www.kurdipedia.org/?q=20170121175237137510
...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 17:52:37 2017/01/21

ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 68

**2016-02-27**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161204144710135182

...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 14:47:10 2016/12/04

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 69

**2016-02-28**

http://www.kurdipedia.org/?q=20170109214742135819

...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 21:47:42 2017/01/09

ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 70

**2016-02-29**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160229160333394134



- فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا ناوچەی نێروە و ڕێکانی سەربە شارۆچکەی ئامێدی بە چڕی بۆردوومان دەکەن. بەهۆی بۆردوومانەکەوە مەزارگەی شێخ ئیسلام لە شارۆچکەی ئامێدی کە بەلای خەڵکی ناوچەکەوە شوێنێکی پیرۆز بوو خاپوربوو.
- خۆکوژێک لە پرسەیەکدا لە شارەبان خۆیی تەقاندەوە و دەیان چەکداری حەشدی شەعبی کوژران و بریندار بوون.

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 16:03:33 2016/02/29
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 71

## 2016-03-01

http://www.kurdipedia.org/?q=20160302095705941472

- لە هەڵمەتێکی هاوبەشی هێزەکانی ئەمنی کەرکوکدا، لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شارەکە 96 کەس دەستگیرکران کە ژمارەیەکیان لەلایەن دادگاوە داواکراون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 09:57:05 2016/03/02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 72

## 2016-03-02

http://www.kurdipedia.org/?q=20160302132410941492

- والی پارێزگای ئامەد بە بڕیارێک هاتوچۆی لە ناوچەی سووری ئامەد قەدەغە کرد و ڕایگەیاندووە تا بڕیارێکی تر دەرنەچێت هاتوچۆکردن قەدەغەدەکرێت و بەردەوامیش دەبێت.
- پۆلیسی سلێمانی و قایمقامی قەڵادزێ بوونی هەر هەوڵێک بۆ پەلاماردانی دامودەزگا حکومییەکان ڕەتدەکەنەوە، ئەوەش لە وەڵامی هێمن هەورامی بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی کە مەترسیەکی لەو شێوەیەی ڕاگەیاندبوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 13:24:10 2016/03/02
ناوی تۆمارکار: هاوریٚ باخەوان

---

بابەت: 73

## 2016-03-03

http://www.kurdipedia.org/?q=2016030307424794159

- لە ئاکامی بۆردوومانکردنی گەڕەکی شێخ مەقسود لە شاری حەلەب، دوو هاوڵاتی کورد شەهیدبوون و 25ی تریش بریندارببوون.
- داعش سوپای عیراقی لە بەرەی مەخمور بۆردوومان کرد.
- کاتژمێر 6 ی ئێوارە بەهۆی بۆردومانکردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە ناوچەی سوڵتان عەبدوڵڵا، دوو پێشمەرگەی سوپای بارزان بەناوەکانی (میغداد یودی دری و سەربەست جەبار ستونی) شەهیدبوون.
- دوای دوو هەفتە لە دەستگیرکردنی، مولازم فەرامۆش، ئەفسەر لە بەڕێوەبەرایەتیی هاتووچۆی رانیە، ئازاد کرا.
- ئەنجوومەنی پارێزگاریکردن لە یادی راپەڕین و دەستکەوتەکانی لە شارۆچکەی رانیە، سەبارەت بە یادکردنەوەی راپەڕین لەو سنوورە بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە و لە بەیاننامەکەدا سەردان و هاتنی سەرجەم بەرپرسەکان بۆ شاری رانیە لە رۆژی یادکردنەوەی راپەڕین رەتدەکەنەوە و داوا لە هاونیشتمانیان و بەتایبەت گەنجانی دەڤەری راپەڕین دەکەن" لە کاتی بەشداریکردن لە هەر چالاکییەکدا، بە هیچ شێوەیەک دەستپێشخەری بۆ کاری توندوتیژی و نامەدەنی نەکەن".

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 07:42:47 2016/03/03
ناوی تۆمارکار: هاوریٚ باخەوان

---

بابەت: 74

## 2016-03-04

http://www.kurdipedia.org/?q=2016030418320094168



- ئەمینە ئەسمەر، هاوسەرۆکی شارەوانی شارۆچکەی سلۆپی سەر بە شرناخ، لەلایەن داواکاری گشتییەوە تۆمەتی "هاریکاری و میوانداری پەکەکە و کەجەکە"ی دراوەتە پاڵ، ئەمڕۆ دەستگیرکرا.
- بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێکی بۆمبرێژکراوەوە دوو پۆلیس لە شاری نوسەیبەی باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا کوژراون و 35ی دیکەش بریندارابوون.
- لە شنگال شەڕ بەردەوامەو چەکدارانی داعش هێرشیان کردووەتەوە سەر هێزەکانی پاراستنی گەل و بەوهۆیەوە شەرڤانان گورزی کوشندەیان لەو داعش وەشاندووەو تەرمی دەیان چەکداری ئەو رێکخراوە لەبەردەستی شەڕڤاناندان.
- بۆردوومانەکانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش بۆسەر سوپای عیراق لە میحوەری مەخمور، ئەو سوپایەی ناچارکرد کە لەسەنگەرەکانی بکشێتەوە.
- لەدۆڵی رۆستێی سەر بەناحیەی سمێلان لەقەزای چۆمان شەڕ دەکەوێتە نێوان دوو گوندی شێرکاوە و دێگە، لە ئەنجامدا ئەندامێکی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی پارتی بەناوی (شێخ فەتاح دێگەیی) لەگەڵ برازایەکی کوژرا و برازایەکی دیکەی و کەسێکی خەڵکی گوندەکەیان بریندار دەبن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: شنگال

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/03/04 18:32:00

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 75

## 2016-03-05

http://www.kurdipedia.org/?q=2016030607392794253

- وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) رایدەگەیەنێت، لەنزیک شاری قامیشلو هێزەکانی سوپای تورکیا تەقەیان لە شەڕڤانێک کردووە بەسەختی برینداربووە و لەلایەن شەڕڤانانەوە وەڵامی تەقەکانی سوپای تورکیا دراوەتەوە و دۆخەکە ئاڵۆزبووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ

شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/03/06 07:39:27

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 76

**2016-03-05**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160106111836128920



نفذت وحدات مكافحة الإرهاب (YAT) التابعة لإدارة الذاتية في 3 من شهر كانون الثاني الجاري عملية نوعية ناجحة.
وذكر الموقع الإعلامي لوحدات حماية الشعب أن،العملية التي نفذت في حي النشوة بمدينة حسكة أسفرت عن القبض على أحد عناصر الإرهابيين مع دراجة نارية مفخخة بالإضافة الى لغمين ممغنطين.
في السياق ذاته وبشكل متزامن نفذت وحدات مكافحة الإرهاب (YAT) عملية أخرى في المنطقة الواقعة بين قرية الغرة و تل حمام أزالت خلالها عبوتين ناسفتين زرعتا على جانب الطريق.

خصائص السجل

الحزب: الحزب الاشتراكي الكردستاني

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 11:18:36 2016/01/06

ناوی تۆمارکار: مانو بەرزنجی

بابەت: 77

**2016-03-06**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016030613530494277

- فڕۆکەیەکی مەدەنی ئەمریکی بەهۆی کێشەیەکی تەکنیکییەوە بەناچاری لە سەر شەقامی گوندێکی نزیک هەولێر نیشتەوە، بەرپرسی ئاسایشی ناوچەکەش ڕایگەیاند"سەرنشینانی فڕۆکەکە سەلامەتن".
- ئەنجوومەنی وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا هەناردەکردنی کەرەستەی سەرەتایی بەرهەمهێنانی ئالیکی ئاژەڵ و ڤاکسینی دژی نەخۆشیەکانی پەلەوەر بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق رابگیرێت و، ڕێگریش لە هاوردەکردنی ماسی و سەوزەی ئەو ناوچانە بکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 13:53:04 2016/03/06

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 78

## 2016-03-07

http://www.kurdipedia.org/?q=20160307075123942900



- شەش کەس لەکادیرانی باڵای پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) کە چەند ساڵێکە دەستگیرکراون، ئەمڕۆ لە گرتوخانەیەکی شاری ئامەد هەڵهاتن.
- باڵیۆزانی ئەمریکا، بەریتانیا، کەنەدا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و ژاپۆن لە عێراق لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە هەولێر کۆدەبنەوە. لە کۆبوونەوەکەدا نوێنەری یەکێتی و بانکی نێودەوڵەتیش بەشداری دەکەن و باس لە کێشەی دارایی باشووری کوردستان دەکەن.
- بەهۆی هێرش و بۆردوومانەکانی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و بەرەی نوسرا و ئەحرار و ئەلشام بۆ سەر ناوچە کوردییەکانی شاری حەلەبی سوریا، 20 هاوڵاتی مەدەنی کورد شەهید بوون و بە دەیانی تریش بریندار بوون.
- ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) ڕایدەگەیەنێت، گەریلاکانمان لە بەرامبەر لەشکری تورکیا لە سێ بەرەوە لە چالاکیان ئەنجامداوە و بەوهۆیەوە 26 سەبازی تورکیا کوژران.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/03/07 07:51:23

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 79

## 2016-03-08

http://www.kurdipedia.org/?q=20160308092217943060



- لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکان بۆ پرۆسەی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ، هێزێکی سوپای عێراق بە چەکی قورسەوە گەیشتنە مەخمور.
- چەکدارانی داعش لە میحوەری گوێڕی نزیک هەولێر هێرشیان کردووەتە سەر پێشمەرگە، بەڵام نەیانتوانیوە هیچ زیانێکیان پێبگەیێنن و تێکشکێنراون.
- کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ کاراکردنەوەی پەڕلەمان دەستپێکرد.
- فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان مانیگرت.
- سوپای تورکیا وێنەی 15 گەریلا بەڕووتی بڵاودەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێت گەریلاکان لە سوور-ی ئامەد خۆیان بەڕووتی ڕادەستکردووە، گوتەبێژی هەدەپەش دەڵێت دەوڵەت لاسایی ئەبوغرێب و گوانتانامۆ دەکاتەوە.
- ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە بەرژەوەندی پێشمەرگە بڕیاریدا 20% ی ئەو پارەیەی لە مووچەی فەرمانبەران دەبڕدرێت بۆ پێشمەرگە بێت نەک حەشدی شەعبی. پێشتر حکومەتی عێراق بڕیارێکی دەرکردبوو 3% ی مووچەی فەرمانبەرانی عێراق ببڕێت و بیداتە حەشدی شەعبی و هێزی پێشمەرگە.

- سەرۆکایەتی ئەرکانی گشتیی سوپای تورکیا رایگەیاند، بەرەبەیانی ڕۆژی سێشەممە 8-3-2016، بەهۆی پێکدادانێکی سەخت لە گەڕەکی تورگوت ئۆزال لە باشووری شارۆچکەی هەزەخ لە باکووری کوردستان، 2 سەربازی تورکیا لەلایەن قەنناس بەدەستەکانی پەکەکە کوژران.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ▯ موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ▯ مەخموور |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| Quick Respons Code: | |

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2016/03/08 09:22:17 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 80

## 2016-03-09

http://www.kurdipedia.org/?q=20160309091290194341

- یەکینەکانی پاراستنی گەل هەریەکە لە چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا و گرووپە ئیسلامییە تیرۆریستەکانی ئەو وڵاتەی تۆمەتبارکرد بە بۆردوومانکردنی گەڕەکی شێخ مەقسودی سەر بەشاری حەلەب بەچەکی کیمیاویی.
- کارگێڕێکی مەڵبەندی سێی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئاماژە بەوەدەکات، درەنگانی دوێنێ شەو بۆ جاری سێیەم ئۆتۆمبێلێکی ناسراوی جۆری لاندگرۆزەر، تەقەی لە مەڵبەندی سێی یەکێتی لە هەولێر کردووە.
- یەشار کایا، سیاسەتقانی ناسراوی کورد و سکرتێری پێشووی پارتی دیموکراتی DEP، لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.
- داعش بەسێ کاتیۆشا بۆردوومانی شنگالی کرد، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتووەتەوە.
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک شەوی رابردوو لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی ناوچەکانی رۆژئاوای چیای کزوان و باکووری رۆژهەڵاتی رەققە 4 گوند و 3 کێڵگەیان لە دەستی داعش رزگارکرد و تیرۆریستێکیان دەستگیرکرد.
- دادگای دووەمی شاری ئەرزروم لە باکووری کوردستان سزای 5 ساڵ زیندانی بە سەر سەحەر ئاکچنار بایار پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپە سەپاند.
- گرووپێک چەکداری نەناسراو ئێوارەی ئەمڕۆ هەشت کەسیان رفاند لەسەر رێگەی نێوان بەغدا – دیالە کە سیانیان کوردنو ویستبوویان لەبەغداوە بەرەو خانەقین بگەڕێنەوە.
- لە تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراودا لە سەر رێگای سەرەکی کەرکوک - سلێمانی، ئێوارەی ئەمڕۆ دوو کارمەندی هێزەکانی دژە تیرۆر و ئاسایشی شەهید بوون و دووی تریش برینداربوون.
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا چوارجار بارەگاکانی پەکەکەیان لە گوندی کەشانی شارەدێی باتیفای سەر بە شاری زاخۆ بۆردوومانکرد و زیانی بە گوندنشینان گەیاند.
- لە شارۆچکەی گەڤەشی سەر بە پارێزگای وان لە باکووری کوردستان، شەش چالاکوانی کورد دەستگیر کران و دوو لە دەستگیرکراوەکان هاوسەرۆکانی پارتی دیموکراتی گەلان و پارتی هەرێمی دیموکرات بوون لە شارۆچکەکە.
- لە شارەدێی شاوێسی سەر بە شاری هەولێر، منداڵێکی تەمەن 4 ساڵ کاتێک خەریکی

یاریکردن بووە، ژمارەیەک سەگ پەلاماریان داوە و بەهۆی سەختی برینەکەی گیانی لەدەستدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 09:29:01 2016/03/09
ناوی تۆمارکار: هاوری باخەوان

---

بابەت: 81
## 2016-03-10
http://www.kurdipedia.org/?q=2016031010243694373
- 13 ملیار و 632 ملیۆن دینار پارەی گەنمی جوتیارانی هەردوو ساڵی رابردوو، گەیشتە هەرێمی کوردستان و وەزارەتی بازرگانی هەرێمی کوردستانیش ئاشکرای دەکات هەفتەی داهاتوو دەست بە دابەشکردنی ئەو پارەیە دەکەن.
- بەهۆی قەیرانی داراییەوە، پارێزگای سلێمانی نرخەکانی هاتوچۆ و کرێی دابەزاند.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 10:24:36 2016/03/10
ناوی تۆمارکار: هاوری باخەوان

---

بابەت: 82
## 2016-03-11
http://www.kurdipedia.org/?q=2016031119544094378
- پاش زیاتر لە سێ هەفتە لەڕاوەستان، هەناردەی نەوتی هەرێم دەستپێکردەوە.
- گەریلاکانی پارتی کرێکاران کوردستان (پەکەکە) لە شارۆچەکەی نسێبینی پارێزگای مێردین هێرشیان کردە سەر ئۆتۆمبێلێکی هێزی پۆلیس و لەئەنجامدا 3 پۆلیس بریندار بوون.

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 19:54:40 2016/03/11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 83

**2016-03-12**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160312193818943831

- چوار فڕۆکەی سەربازی تورکیا کاتژمێر 7ی سەرلەئێوارەی ئەمڕۆ سێ ناوچەیان لە سنوری شارۆچکەی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک بۆردومان کرد بە پاساوی هەبوونی بارەگای گەریلاکانی پەکەکە لەو ناوچەیە.
- کاتژمێر 3ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ شەش چەکداری داعش هێرشیان کردە سەر لیوای دووی هێزەکانی پێشمەرگە لە گوندی خەرابە روتەی میحوەری دوبز، کە چواریان دزەیان کردووەتە ناو سەنگەرەکەی پێشمەرگەو دوو چەکداری تریان خۆیان تەقاندووەتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 19:38:18 2016/03/12
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 84

**2016-03-13**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160313091523943941

- دوای زیاتر لە سێ مانگ شەڕ و پێکدادان و بەردەوامبوونی قەدەخەکردنی هاتووچۆ، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، قەدەخەکردنی هاتووچۆ لە بەشێک لە گەڕەک و کۆڵانەکانی شارۆچکەی سووری ئامەد هەڵگیرا و، لەگەڵ جێبەجێکردنی بڕیارەکەش سەدان هاونیشتمانی روویان لە ناوچەکە کرد.
- شەڕ و پێکدادان لەنێوان شەڤانانی یەپەگە و سەربازانی حکومەتی سووریا لە نزیک چوارڕیانی مارشۆ لە حەسەکە روویدا.
- لەئەنجامی تەقینەوەیەک کە لە گەڕەکێکی پارێزگای هەکاری باکووری کوردستان روویدا، چوارکەس برینداربوون کە یەکێکیان رۆژنامەنووسێکە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: حەسەکە

شار و شارۆچکەکان: هەکاری

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 09:15:23 2016/03/13
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 85

**2016-03-14**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016031407182794415



- پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) ئیدانەی تەقینەوەکەی ئەنقەرە دەکات کە لە پارکێکی گشتیدا روویدا و بەهۆیەوە زیاتر لە 100 کەس کوژران و برینداربوون.
- زانکۆی ئەمریکیی دهۆک - کوردستان لە پارێزگای دهۆک بەفەرمی دەکرێتەوە و مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک کونسوڵی وڵاتانی جیهان ئامادەی مەراسیمەکە دەبن.
- کاژێر 04:00 ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ فڕۆکەکانی تورکیا بناری قەندیلیان بۆردوومان کرد.
- داعشێکی ئەمریکی بەڕەچەڵەک عەرەب، لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە لە میحوەری شنگال دەستگیرکرا.
- بەهەوڵی نووسینگەی رزگارکردنی رفێندراوان، 19 کوردی ئێزدی کە لەلایان داعشەوە بەدیل گیرابوون، رزگارکران.
- والی شرناخ لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، ئەمڕۆ لە کاتژمێر 23:00ەوە قەدەغەی هاتوچۆ لە ناوەندی شاری شرناخ دەستپێدەکات و بۆ پاککردنەوەی شارەکە لە ئەندامانی پەکەکە دەست بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی دەکەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: شنگال

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 07:18:27 2016/03/14
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 86

**2016-03-15**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160315092356944428

- داعش بە 6 خۆکوژ هێرشیکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە گوندی گراوی رۆژئاوای

کەرکووک، هێرشەکەشیان تێکشکێندرا. لە هێرشەکەدا پێشمەرگەیەک شەهید بوو و فەرماندەیەکە بەناوی مامە غەفە و 4 پێشمەرگە بریندرابوون.
- لە میحوەری مەخمور داعش لەڕێگەی چەند خۆکوژێکەوە هێرشیکردە سەر فیرقەی 15 ی سوپای عێراق و، بەهۆیەوە چوار سەرباز بریندرابوون.
- بڕیاربوو ئەمڕۆ د. ئاسۆ فەرەیدون پارێزگاری سلێمانی بۆ بەشداریکردن لە مەراسیمی پەردە لەسەر لادانی پەیکەری بەرخۆدان بچێتە رۆژئاوای کوردستان، بەڵام رێگری لێکرا.
- لە ناوەندی شاری ئامەد لە باکووری کوردستان شەوی رابردوو لەنێوان شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی سیڤیل یەپەسە و هێزە ئەمنیەکانی تورکیا شەڕو پێکدادان روویدا و بەهۆیەوە دوو کەس گیانیان لەدەستدا.
- جەمیل بایک هاوسەرۆکی کوما جڤاکێن کوردستان کەجەکە قۆناغێکی نوێی شەڕی پەکەکەی لەدژی تورکیا راگەیاندو جەختیکردەوە، ئامانجی سەرەکییان رووخاندنی دەسەڵاتی رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆمارو پارتی دادو گەشەپێدانی دەسەڵاتدارە.
- هەریەک لە فەریق روکن ریاز جەلال فەرماندەی هێزی وشکانی عێراق و هادی عامری سەرۆکی رێکخراوی بەدر و مەهدی تەقی فەرماندەی حەشدی شەعبی لە دوزخورماتوو و شێخ جەعفەر فەرماندەی هێزەکانی 70ی و سیروان بارزانی بەرپرسی میحوەری گوێر و مەخمورو لەگەڵ نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکوک کۆبوونەوەیەک لە کەرکوک ئەنجام دەدەن، بە مەبەستی هەماهەنگی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی بۆ بەرەنگاربونەوەی چەکدارانی داعش.
- رێکخراوی داعش ئەمڕۆ لەراگەیەنراوێکدا رایگەیاند، هێرشەکەی سەر پێشمەرگە لەگوندی گڕاو سەر بەقەزای دبس لەلایەن چوار چەکداری تایبەتەوە ئەنجامدراوە بەناوەکانی (ئەبو تەڵحە ئەنساری، ئەبو خەتاب ئەنساری، ئەبو کەرەم ئەنساری، ئەبو ولاء شامی). داعش ئاماژەی بەوەشکردووە، لەهێرشەکەدا کە شەش کاتژمێری خایاندووە سێ چەکداری داعش خۆیان تەقاندووەتەوەو کوژراون، چەکدارێکی دیکەشیان لەمیانەی پێکداداندا لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە کوژراوە.
- هێزە ئەمنیەکانی تورکیا ئەمڕۆ سێشەممە 53 ئەندامی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)یان دەستگیرکرد، لە ئۆپەراسیونێکدا کە لە شارەکانی کۆنیا و ئەسکی شەهیر و ئانتالیا و ئەدەنە بەڕێوەچوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/03/15 09:23:56

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 87

**2016-03-16**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016031606484794430



- بریندارێکی بۆردومانی کیمیایی هەڵەبجە بەناوی حاجی باقی، ئەمڕۆ لەیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا گیانی لەدەستدا.
- چوارەمین دیداری سلێمانی لە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی بەڕێوەچوو، دیدارەکە زۆرتر باسی کێشەکانی باشووری کوردستان و خۆرهەڵاتی ناوین لە دوای داعشەوە دەکرد، لە دیدارەکەدا هەردوو نێچیرڤان بارزانی و یوسف محەمەد لەسەر کێشەی پەڕلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێم رەخنەی توندیان لەیەکتر گرت.
- چەکدارەکانی داعش لە کاتژمێر 9:15 خولەکی شەوەوە هێرشیان کردۆتە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە میحوەری رۆژئاوای کەرکوک لە ناوچەی مەنسوریەوە تاوەکو عوزێر". بەڵام تێکشکان و هیچ زیانێکیش بەهێزی پێشمەرگە نەکەوت.
- دوو منداڵی ونبووی هەڵەبجە بەناوەکانی بارزان و ئەعزەم، ئەمڕۆ لەیادی هەڵەبجەدا بەکەسوکاریان شادبوونەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/03/16 06:48:47

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 88

**2016-03-17**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160317073053944432

- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایدەگەیەنێت، دان بەهیچ ناوچەیەکی نیمچە سەربەخۆ یان فیدراڵی لە سوریادا نانێت.
- دادگای تێهەڵچوونەوەی شاری ئۆسلۆی ئەمڕۆ، بڕیاریدا بە ئازادکردنی مەلا کرێکار، ئەمیری پێشووی گروپی ئەنسارولئیسلام، ئەو تۆمەتانەشی رەتکردەوە کە درابوونە پاڵی سەبارەت بە هەڕەشەی کوشتن لە چەند کەسێک کە سوکایەتیان بە قورئان کردبوو.
- وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی روسیا رایگەیاند ملیۆنێک کورد لە شارەکانی تورکیا ئاوارەبوون بەهۆی لەشکرکێشییەکانی سوپای ئەو وڵاتە بۆ شارە کوردیەکان،داواشی لە ئەنقەرە کرد کە بە رێگای ئاشتیانە کێشەی کورد چارەسەربکات.

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/03/17 07:30:53

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 89

**2016-03-19**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160325081438944 66



زاهید بریفکانی، هونەرمەندی موزیکژەنی شاری دهۆک لە ماڵەکەی خۆیدا لە دهۆک کوژرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ دهۆک

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 08:14:38 2016/03/25

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 90

**2016-03-20**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160320191236944 42



- لە ئاهەنگی نەورۆز لە چاقی لاندی شاری سلێمانی پشێویی تێکەوت و بریندارى لێکەوتەوە، یەک لە برییندرەکان لەنیا عەبدوڵڵای پێشکەشکاری کەناڵی NRT بوو.
- یوستین ترودۆ سەرۆک وەزیرانی کەنەدا پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز لە ڕەوەندی کوردی وڵاتەکەی دەکات بە زمانی کوردیو دەڵێت "هەموو ڕۆژێکتان نەورۆز بێت".
- ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی، سزای ئەو کەسانە دەدات کە بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، ئاهەنگ دەگێڕن.
- تیرۆریستانی داعش ئەمڕۆ 20 ئازار کۆمەڵکوژیەکیان لە گوندی کەفر سەغیری کوردنشین لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجامدا بەهۆیەوە زیاتر لە 45 گوندنشین شەهیدبوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ سلێمانی

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 19:12:36 2016/03/20

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 91

## 2016-03-21

http://www.kurdipedia.org/?q=20160321201357944443

- چەکدارانی حەشدی شەعبی لەخورماتو تەقە لەگەڕەکێکی شارەکە دەکەن و دوو هاوڵاتی بریندار دەکەن، رومانەیەکیش هەڵدەدەنە ناو سەنگەرێکی پێشمەرگەوە.
- بە بۆنەی یەکەم رۆژی ساڵی نوێی کوردیەوە، لە تاخی نەورۆزی ئامەدی باکوری کوردستان ئاهەنگ ساز دەکرێت و رێکخەری ئاهەنگەکەش دەڵێت، جگە لە هێزەکانی حکومەت هەشت هەزار ئاسایشی هەدەپە چاودێری ئاهەنگەکە دەکەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 20:13:57 2016/03/21

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 92

## 2016-03-22

http://www.kurdipedia.org/?q=20160322183037944444



- بەپێی ئاژانسی هەواڵی دۆغانی تورکی، لە کاتژمێر 7:00 سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە گەڕەکی دیجلە لە شاری نسێبین بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبێلێکی سەربازیدا تەقیوەتەوە و لەئەنجامدا یەک سەرباز کوژراوە و 7 سەبازیش برینداربوون.
- دوو کۆچبەری کورد لەسەر سنووری مەکدۆنیاو یۆنان ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەردا، بەپێی زانیارییەکانی فیدراسیۆنی پەنابەران یەکێک لەو کەسانە گیانی لەدەستداوە.

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 18:30:37 2016/03/22

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 93

## 2016-03-23

http://www.kurdipedia.org/?q=20160325074051944454

...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 07:40:51 2016/03/25
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 94

**2016-03-24**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160325073743944453

- هێزێکی تایبەت بۆ نەهێشتنی بارگرژی و ناسەقامگیری بارودۆخەکە گەیشتنە شارۆچکەی خورماتوو، سەرچاوەیەکیش رایدەگەیەنێت ئەو هێزە هێزێکی نیزامیەو سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە و نوێنەری هێزەکانی ئەمریکاشیان لەگەڵدایە.
- ئاژانسی دۆغانی تورکی ئەمڕۆ پێنجشەممە بڵاویکردەوە، ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا لە شاری نسێبین بەردەوامە و ئەمڕۆش لەناو بینایەکدا بۆمبێکی چێنراو تەقییەوە و لەئاکامدا سەربازێک کوژراوە و چوار سەربازی تریش برینداربوون.
- ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لەنێوان هەردوو شاری ئامەد و لیجەدا لەنزیک بنکەیەکی سەبازی سوپای تورکیا روویدا، پاش تەقینەوەکەش شەڕو پێکدادان لەشوێنی رووداوەکە دەستیپێکرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 07:37:43 2016/03/25
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 95

**2016-03-25**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160325151455594480

- تورکیا لە ناوچەی فارقین (سیلڤان) سەر بە ئامەد لە باکووری کوردستان سنووری 18 گوندی وەک ناوچەی سەربازی راگەیاند و هاتوچۆی لەو ناوچانە قەدەغەکرد.
- لە ناوچەکانی نێوان سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە کۆباشی و سەنگەرە تازەکان کە بۆ پاسەوانی بورجەکانی کارەبا مینێکی چێنراو تەقییەوە و بەهۆیەوە فەرماندەیەک و دوو پێشمەرگە شەهیدبوون و فەرماندەیەکی تریش بریندداربوو".
- لە ئەنجامی هێرشێکی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) بۆسەر سەربازگەیەکی سوپای تورکیا 28 سەربازانی سوپای تورکیا کوژران و 32 سەربازی دیکەش بریندار بوون.

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 15:14:55 2016/03/25

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 96

**2016-03-26**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016032609501094519



- بەپێی ئاژانسی دۆغانی تورکی، سوپای تورکیا شەوی رابردوو لە چیای ئامانوس سەر بە ناوچەی قرخان لە پارێزگای ئەسکەندەرون لەسەر سنووری تورکیاو سوریا دەستی بە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی کردووە و بەو هۆیەشەوە شەڕ لەنێوان گەریلاکانی پەکەکە و سوپای تورکیا روویداوە و دوو سەربازی تورکیا بریندداربوون و رەوانەی نەخۆشخانەی دەوڵەت لە ناوچەی قرخان کراون.
- لە شاری هەولێر مەسعود بارزانی پێشوازی لە بان کیمۆن سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وەفدێکی یاوەری کرد و لە کۆبوونەوەیەکدا شەڕی رێکخراوی تیرۆریستی داعش و قەیرانی دارایی تاوتوێکرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/03/26 09:50:10

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 97

**2016-03-27**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016032719034794527



- ئاژانسی دۆغانی تورکی بڵاویکردەوە، بەیانی ئەمرۆ لەکاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی هێزەکانی سوپا و هێزەکانی پۆلیسی تایبەت لە شاری نسێبین سەربازێکی تورکیا بە گولەی قەناس بەدەستی پەکەکە کوژراوە و سەربازێکیش لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراودا کوژراوە.
- بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریا دەڵێت "ئەو فیدرالیزمەی کورد لە باکووری سووریا رایانگەیاند، تەنیا وەهمێکە، ئەو کوردانە یان لەخەودان یانیش راستی مێژووی کورد لە سووریا نازانن".
- بەنداوی زەلان لە شارۆچکەی شارباژێری سەر بە پارێزگای سلێمانی، بەهۆی لافاوەوە داڕما، قایمقامی شارباژێریش رایگەیاند "بەهۆی تەقینی بەنداوەکەوە ئاو چووەتە ژمارەیەک ماڵی قەڵاچۆلان و زیانی ماددی زۆریشی هەبووە".
- قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیجی تایبەتی خۆی لەتۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوک نوسیوێتی: "بە گەڕانەوەیان بۆ هۆڵەکانی خوێندن، مامۆستایانی سلێمانی لەخۆبردوویی و

ئەمەکی خۆیان بەجێ هێنا دەرهەق بە گەل و هاونیشتمانیانی خۆیان".

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🗆 سلێمانی
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/03/27 19:03:47
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 98
**2016-03-28**
http://www.kurdipedia.org/?q=20160328153610945551



- بەهۆی باران بارینەوە لە باشووری کوردستان لە 24 کاژێری رابردوودا زیانی ماڵیی زۆری لێکەوتەوە.
- لە شاری سلێمانی و لە شەقامی پیرەمێرد هونەرمەندی میللی گۆران عومەر ناسراو بە گۆرانی ئینزیبات لەلایەن کەسێکەوە تەقەی لێکراوە بەهۆیەوە برینداربوو.
- لە گوندی شەهیای سەر شارەدێی ئەتروش لە قەزای شێخان، گەنجێک بەهۆی هەورەبرووسکە گیانی لەدەستدا.
- لە ئەنجامی شەڕو پێکدادانێکدا لە پاریزگای شرناخی باکوری کوردستان 18 سەرباز و پولیسی تورکیا کوژراون و لە ناوچەی سویرەکی سەر بە ئورفاش 3 سەرباز بریندار بوون.
- بەپێی دیمەنێکی ڤیدیۆیی کە رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە تۆری کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاویکردووەتەوە، دەردەکەوێت کە سێ پێشمەرگەی بەدیل گیراو لەبەردەم چەکدارێکی کوردی نێو رێکخراوە تیرۆریستەکە ئامادە دەکرێن و یەکێک لە پێشمەرگەکان سەردەبڕێت و شەهیدی دەکات و هەڕشەی شەهیدکردنی دوو پێشمەرگەکەی تریش دەکات لە ئەگەری دووبارەکردنەوەی بۆردومانکردنی شاری موسڵ..

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏟 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🗆 سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🗆 موسڵ و دەشتی نەینەوا
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/03/28 15:36:10
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 99
**2016-03-29**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160330082000094586


Obama Must Urge an End to the Onslaught on Kurds During Turkish President's Visit, Says Amnesty International USA

- شەڕوپێکدانی توند لە نێوان شەڕڤانان و چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە دوروبەری گوندی (زور مەغار)ی خۆرئاوای کۆبانێ ئێوارەی ئەمڕۆ دروستبوو. فڕۆکەکانی هاوپەیمانانیش داعشیان بۆردومان کرد.
- ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ داوا لە ئۆباما دەکات فشار بخاتە سەر تورکیا کوشتاری کوردان و پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لەباکووری کوردستان ڕابگرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: کۆبانی

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/03/30 08:20:00

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 100

## 2016-03-30

http://www.kurdipedia.org/?q=20160330135946094588

- بەپێی هەواڵی ئاژانسی دۆغانی تورکی لە کاتژمێر 8:00ی بەیانی ئەمڕۆ شەڕ لە بەردەم بینای داد و پارێزگای شاری دێرسیم ڕویداوە و لەلایەن کەسێکەوە بە بۆمب هێرشکرایە سەر هێزەکانی پۆلیس و هێزە ئەمنیەکانیش وەڵامی هێرشەکەیان داوەتەوە.
- لە شاری سلێمانی تەقە لە ماڵی نوخشە ناسیح قایمقامی نوێی قەزای ناوەندی هەڵەبجە کرا.
- یەکینەکانی پاراستنی سڤیل (یەپەسە) کوژرانی 21 ئەندامی هێزە ئەمنییەکانی تورکیا و تێکشکاندنی ژمارەیەکی زۆر لە زرێپۆشی ڕاگەیاند، لەمیانەی زنجیرەیەک شەڕ و پێکادانداندا لەناوچەکانی شەرناخ و گەڤەر و نسێبینی باکووری کوردستان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/03/30 13:59:46

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 101

## 2016-03-31

http://www.kurdipedia.org/?q=20160331095326094590

- لەمڕۆوە چاپکردن و دابەشکردنی ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت لە هەولێر دەستپێدەکات.

- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بەسەختی بۆردومانی چەمانکێی سنوری شارۆچکەی ئامێدی یان کرد لە پارێزگای دهۆک، بەو هۆیەشەوە دانیشتوانی ئەو ناوچانە شوێنەکانیان جێهێشت.
- چەند ئوتومبیلێکی مینڕێژکراو کە چەند خۆکوژێک لێیاندەخوری لە مەخمور تەقینەوە و بوونە هۆی شەهیدکردنی 11 پێشمەرگە و پۆلیس.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ دهۆک
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ مەخموور
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
Quick Respons Code:

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 09:53:26 2016/03/31 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 102
## 2016-04-01
http://www.kurdipedia.org/?q=20160401204605945952

- لە ئەنجامی تەقینەوەی مینێک لە نزیک گوندی (دەرەی مەڕ)ی سەر بەناحیەی بیارە منداڵێک گیانی لەدەستدا و دوو هاوڕێی تریشی برینداربوون کە هەرسێکیان گەشتیاربوون.
- ئوتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو لە ئامەد تەقییەوە و لە ئەنجامدا 7 پۆلیسی کوشت.
- لە سنووری پارێزگای دهۆک 12 ڕووداوی هاتوچۆ ڕوویداوە و بەو هۆیەوە 25 کەس بوونەتە قوربانی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ دهۆک
Quick Respons Code:

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 20:46:05 2016/04/01 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 103
## 2016-04-02
http://www.kurdipedia.org/?q=20160402185353946092

کاتی تۆمارکردن: 08:57:28 2016/08/15

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 211

## 2016-08-16

http://www.kurdipedia.org/?q=2016081609175995482

- هێزەکانی پێشمەرگە لەمیحوەری شەنگال بەرەبەیانی ئەمڕۆ دوای 3 کاتژمێر شەڕکردن هێرشێکی فراوانی چەکدارانی داعشیان تێک شکاند کە لە 5 قۆڵەوە ئەنجامیاندا بۆسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە. چەکدارانی داعش چەند تەرمێکیان لێ بەجێ ماوەو هێزەکانی پێشمەرگەش تەنها چەند برینداریان هەیەو تەندروستییان جێگیرەو مەترسی لەسەر ژیانیان نییە.
- هێزەکانی تورک هەردوو نەڤین ئویمان گیراسون، هاوسەرۆکی شارەوانی ئیدل و سەعدیە سورەر هاوسەرۆکی شارەوانی ناوچەی کۆلپ و فاتیح تاش، یان دەستگیرکرد.
- هێزەکانی ئاسایشی ڕۆژئاوای کوردستان و چەکدارانی ڕژێمی سوریا، نیوەڕۆی ئەمڕۆ شەڕ و پێکدادن لەنێوانیاندا روویدا لەناوەندی شاری حەسەکە.
- دادگایەکی تورکیا ئەمڕۆ بڕیاریدا بە داخستنی ڕۆژنامەی ئۆزگور گوندەمی دۆستی کورد، بەتۆمەتی لایەنگریکردن بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: حەسەکە

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🗆 شنگال

:Quick Respons Code

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 09:17:59 2016/08/16 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 212

**2016-08-17**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160817185109955336

- ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور ئیدانەی داخستنی ڕۆژنامەیەکی کوردی و دەستگیرکردنی زیاتر لە 20 ڕۆژنامەنوس و پەیامنێری لەناو ئۆفیسی ڕۆژنامەکەدا دەکات.

Quick Respons Code:

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 18:51:09 2016/08/17 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 213

**2016-08-18**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160818092047955555



- ئاژانسی دۆغانی تورکی بڵاویکردەوە، تەقینەوەکە لە نزیک بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شاری ئەلازغ روویداوەو ئۆتۆمبیلێکی زۆری فریاکەوتن بەرەو شوێنی تەقینەوەکە چوون.
- بەپێی پێگەی هاوار نیوزی نزیک لە یەپەگە، لە 78 هەمین ڕۆژی ئۆپەراسیۆنی شەهید ئەبو لەیلا شەڕڤانان توانیویانە گوندی (جب کجلی) کە دەکەوێتە 15 کیلۆمەتر باشوری ڕۆژهەڵاتی مەنبەج ئازادبکەن، دوای شەڕێکی قورس لەگەڵ داعش، کە تێیدا لانی کەم دوو چەکدار کوژراون.
- گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، بەیانی ئەمڕۆ لەچوار قۆڵەوە هێرشیان دەستپێکرد بۆ سەر بنکەی هێزە ئەمنیەکان و سوپای تورکیا لەشاری شەمزینان، بەهۆیەوە ژمارەیەک سەرباز کوژران و برینداربوون.
- کۆمپانیای نەوتی باکور دەستی کردەوە بەهەناردەکردنەوەی نەوتی خاوی کەرکوک لە بۆریی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە، ئەوەش دوای 5 مانگ لە راگرتنی هەناردەی نەوت لەڕێی هەرێمەوە.
- دوای 4 ڕۆژ ئاگرێکی گەورە لە سنوری ناحیەی زاویتە کۆنترۆڵکراو بەڕێوەبەری شارستانی دهۆک دەڵێت زیاتر لە 2 هەزارو 500 دۆنم زەوی و زاری هاوڵاتیان سووتاوەو زیاتر لە 10 مین بەهۆی ئاگرەکەوە تەقیونەتەوە.
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوریا بۆ جاری دووەم ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)یان بۆردوومانکردەوە لە شاری حەسەکە لەخۆرئاوای کوردستان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ▯ حەسەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ▯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |

کاتی تۆمارکردن: 2016/08/18 09:20:47

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 214

## 2016-08-19

http://www.kurdipedia.org/?q=20160819120813956980



- کاتژمێر 12ی نیوەڕۆی ئەمڕۆ بەنزینخانەی هەڵگورد لەشەقامی 60 مەتری سلێمانی گڕی گرت.
- وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، نیگەرانی وڵاتەکەی دەردەبڕێت لەبەکارهێنانی دادگان لەتورکیا بۆ سەرکوتکردنی چالاکی سیاسیو ئازادی رادەربرین، بەڵێنی بەدواچوونو لێکۆڵینەوەش دەدات لەو راپۆرتانەی کە باس لەتۆمەتبارکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی هەدەپە دەکەنو دەڵێت "بەلای ئەمریکاوە مەسەلەیەکی جدییو تایبەتە".
- هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە)، بەرپرسیارێتی تەقینەوەکەی شاری ئەلعەزیزی باکوری کوردستانی گرتەئەستۆو لەراگەیەنراوێکیاندا جەختدەکەنەوە لەوەی "لەڕێی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبرێژکراوەو گەریلایەکیان کەخەڵکی ماردینە تەقینەوەکەی ئەنجامداوەو بەهۆیەوە 105 لەهێزە ئەمنییەکانی تورکیا کوژراون".

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ▯ سلێمانی |
| Quick Respons Code: | |

کاتی تۆمارکردن: 2016/08/19 12:08:13

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 215

## 2016-08-20

http://www.kurdipedia.org/?q=2016082012380495725

- هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەبەیانی ئەمڕۆ بە پاڵپشتی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان هێرشێکی داعش – یان لە میحوەری گوێر تێکشکاند.
- چەند سەرچاوەیەکی سەربازی ئەمریکی و هێزەکانی سوریای دیموکرات دەڵین، ئەمریکا هێزی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی خۆی لە دەوروبەری شاری حەسەکە کشاندۆتەوە، دوای هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێمی سوریا بۆ سەر شارەکە.
- فڕۆکەجەنگیەکانی سوریا سەرلەبەیانی ئەمڕۆ جارێکی دیکە بەسەر شاری حەسەکەدا سورانەوە، سەرەڕای هۆشداری و ئاگادارکردنەوەکانی ئەمریکا لەدژی هەر بۆردومانێکی نوێی ئەو فرۆکانە کەرەنگە گیانی راوێژکارە سەربازیەکانی ئەو وڵاتە بخاتە مەترسیەوە.
- تەقینەوەی بۆمبێک لەهۆڵێکی ئاهەنگگێران لە شاری غازی عەنتاب لەتورکیا کوژرانی 22 کەس و برینداربوونی 94 کەسی تری لێکەوتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: حەسەکە

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 12:38:04 2016/08/20

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 216

## 2016-08-21

http://www.kurdipedia.org/?q=2016082108353195764

- شەڕڤانان دوای شەڕێکی قورس لەگەڵ داعش توانیان گوندەکانی (حیزا، کدور، رومانە، شیخ عبید، مستاحە و جب محمد) و ژمارەیەک کێڵگەی دیکە لە دەوروبەری ئەو گوندانە لە باشووری مەنبەج کۆنترۆڵبکەن.
- ئێوارەی ئەمڕۆ تەقینەوەیەکی خۆکوژی لەحوسێنیەی جەعفەر سادق لەشاری کەرکوک ئەنجامدراو 2 پۆلیس و هاوڵاتیەکی مەدەنی برینداربوون.
- سەرچاوەیەکی سەربازی سوریا رایگەیاند، یەپەگە و چەکدارانی سەر بە رژێمی سوریا لەڕێی شاندێکی سەربازی رووسیا گەیشتونەتە رێکەوتن بۆ راگەیاندنی ئاگربەست.
- کاتژمێر 9:20 خولەکی ئەمشەو منداڵێک لەگەڕەکی تسعینی شاری کەرکوک بە پشتێنی بۆمب رێژکراوەوە دەستگیرکرا.
- فەرماندەیەکی یەپەگە رایگەیاند، لەشەڕوپێکادانی چەند رۆژی رابردوویان لەگەڵ چەکدارانی سەر بەرژێمی سوریا لەحەسەکە، لانی کەم 70 سەرباز کوژراون.
- بەپێی رۆژنامەی دەیلی سەباح-ی تورکی، ئێوارەی ئەمڕۆ بۆمبێکی چێندراو لە شارۆچکەی وێرانشاری سەر بە شاری ئورفە (روها) لەکاتی تێپەڕینی ئۆتۆمبێلێکی سوپادا تەقیوەتەوە و بەهۆیەوە سەربازێک کوژراوە و سێی دیکە برینداربوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئورفە

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🏹 حەسەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 08:35:31 2016/08/21
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 217

## 2016-08-22

http://www.kurdipedia.org/?q=20160822082841957950

- بە پێی ئاژانسی دۆغانی تورکی، لە کاتژمێر 4:50 خولەک بەیانی ئەمڕۆ گەریلاکانی پەکەکە دزەیان کردوە ناو ناوچەی نازمیە سەر بە پارێزگای دێرسیم و هێرشیان کردووەتە سەر بنکەی ئاسایش و فەرماندەی جەندرمە و باڵەخانەی قائیمقامی ناوچەکە و لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانداا سەربازێک کوژراوە و سێ سەربازیش بریندار بوون.
- شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) چەند شوێنێکی ستراتیژییان لەشاری حەسەکە کۆنترۆڵکردەوەو لەژێر دەستی هێزە حکومییەکانی سەر بە بەشار ئەسەد دەریان هێنا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🏹 حەسەکە
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 08:28:41 2016/08/22
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 218

## 2016-08-23

http://www.kurdipedia.org/?q=20160823121420958080

- یەکێتی و گۆڕان لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی پۆستەکان لە سلێمانی و هەڵەبجە ڕێککەوتن.
- نوێنەری یەپەگە لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش بە سەرۆکایەتی ئەمریکا رایگەیاند، پاشماوەکانی رژێمی سوریا لە پارێزگای حەسەکە تکا لە هێزەکانی یەپەگە دەکەن بۆ ئاگربەست و خۆیان رادەستی شەڕڤانان دەکەن.
- بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبیلێکی سەربازیدا لەناوچەی پەلێڤان سەر بە پارێزگای شرناخ، دوو سەربازی تورکیا ئەمڕۆ کوژران.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🏹 حەسەکە

🏙 شار و شارۆچکەکان: □ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ هەڵەبجە
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 12:14:20 2016/08/23
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 219
## 2016-08-24
http://www.kurdipedia.org/?q=20160824112707958233




- باڵێکی ناو حزبی زەحمەتکێشان بەناوی "ئاراستەی یەکگرتن" جیابونەوەی خۆی لە حزبەکە راگەیاندو ئامادەیی خۆیان پیشاندا بۆ بەدەمەوە چونی بانگەوازی یەکێتی بۆ یەکگرتنیان.
- لەناوچەی لیجە سەر بە پارێزگای ئامەد شەڕو پێکدادانی قورس نێوان پەکەکەو سوپای تورکیا روویداوە، بەهۆیەوە چوار سەرباز کوژراون هەشتی دیکەش بریندار بوون.
- جۆ بایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکا لەمیانەی سەردانەکەیدا بۆ ئەنقەرە داوای لە هێزە کوردییەکان کرد بەرەو رۆژئاوای روباری فورات بکشێنەوە، ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی جەرابلوس لەلایەن سوپای ئازادەوە بە پاڵپشتی بەهێزی تورکیا.

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 11:27:07 2016/08/24
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 220
## 2016-08-25
http://www.kurdipedia.org/?q=20160825090608958226



- شەوی رابردوو، پێش کاتژمێر 12 ئاگرێک لە شاخی ئەزمەڕی سلێمانی کەوتەوە و کۆنترۆڵکردنی ماوەی پێنج کاتژمێری خایاند. ڕێکان جەمال وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری و شارستانی سلێمانی بەخەندانی راگەیاند، دوو هاوڵاتی بە تۆمەتی کردنەوەی ئاگرەکە دەستگیرکراون و بە "ئەنقەست" کراوەتەوە. لە کوژاندنەوەی ئاگرەکەدا سێ کارمەندی بەرگری شارستانی بەهۆی تێکچونی تەندروستیان رەوانەی نەخۆشخانە کران، بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئاگرەکە هەموو تیمەکانی بەرگری شارستانی سلێمانی و پۆلیسی سلێمانی و شارەوانی و بەشێک لەهاوڵاتیانیش بەشداریان کرد. لەم ئاگرەدا زۆرتر لە 1000 دار سووتان.
- ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کەمێک لەمەوبەر بەدەنگی 23 ئەندام دەستلەکارکێشانەوەی ئاسۆ فەرەیدونی لەپۆستی پارێزگاری سلێمانی پەسەندکردو دەنگیدا بە هەڤاڵ ئەبوبەکر بۆ شوێنگرتنەوەی.

- پێنج ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی فراکسیۆنێکی دیکەیان دروستکرد، بەهۆی ناڕازیبوونیان لە گۆڕینی کاندیدی حزبەکەیان بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەن.
- یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) کشانەوەی هێزەکانی لە مەنبەج راگەیاند، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتیی ئەمریکا دژی داعش دەڵێت کشانەوەی ئەو هێزانە خۆئامادەکردنە بۆ ئازادکردنی کۆتایی شاری رەققە.
- ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی هەپەگە کوژرانی 25 سەربازی سوپای تورکیای لە چەند ناوچەیەکی جیاجیا رایگەیاند.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/08/25 09:06:08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 221
**2016-08-26**
http://www.kurdipedia.org/?q=20160826093620958S1



- ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش گرتەی ڤیدیۆیی شەهیدکردنی 14 دیلی بڵاوکردەوە، کە بەشێوەیەکی دڕندانە شەهیدیان دەکات. کە پێنج لە دیلەکان کوردن.
- تەقینەوەیەک لەپارێزگای شرناخی باکوری کوردستان روویداو بەهۆیەوە لانی کەم نۆ کەس کوژراون و 64 کەسی دیکەش بریندارابوون.
- دوو چەکداری داعش بەرەبەیانی ئەمرۆ هێرشیان کردە سەر کەمپی مەخمور و هێزەکانی هەپەگە بەرەنگاریان بونەوە، یەکێک لە چەکدارەکان خۆی تەقاندەوەو ئەوەی دیکەش کوژرا، لەروبەڕووبونەوەکەشدا گەریلایەک و هاوڵاتیەک گیانیان لەدەستدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/08/26 09:36:20
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 222

**2016-08-27**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016082710171795872

- کاتژمێر 5:30 خولەکی بەیانی ئەمڕۆ، بۆمبێکی چێنراو بەیەکێک لەئۆتۆمبێلەکانی هێزی پێشمەرگەدا تەقیوەتەوە لەمیحوەری داقوق لە باشوری پارێزگای کەرکوک، بەهۆیەوە پێشمەرگەیەک شەهید بووە و پێشمەرگەیەکی تریش برینداربووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/08/27 10:17:17

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 223

**2016-08-28**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016082811364595876

- درەنگانێکی شەوی رابردوو داعش بۆردومانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کردو بەهۆیەوە پێشمەرگەیەک برینداربوو کە خەڵکی زاخۆیە.
- هێزەکانی سەر بە سوپای تورکیا سەرلەبەیانی ئەمڕۆ پێگەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) یان لە گوندی موساکا سەر بە شارەدێی راجو لە عەفرین تۆپباران کرد.
- بە پێی پریارێکی حکومەتی ئیران بۆ ئەمساڵی خوێندن، خوێندکارانی کوردی قوتابخانەکانی شاری دیواندەرە و سەقز وانەی فێربوونی زمانی کوردی دەخوێنن، ئەمەش بۆ یەکەمجارە لە مێژوی ئەو وڵاتەدا کە ڕێگە بە خوێندنی زمانێکی تر جگە لە زمانی فارسی بدرێت.
- چوار هەلیکۆپتەر لەچەند گوندێکی سنوری شارەدێی ئاغجەلەر سەر بە شارۆچکەی چەمچەماڵ تەقە دەکەنو لە ئەنجامدا ئاگرێکی گەورە لەسنوری 7 گوندی ئەو ناوچەیە کەوتەوە.
- بەپێی بەیاننامەیەکی هەپەگە کە ئەمڕۆ بڵاویکردەوە لە شەڕی ناوچەی شەمزینان 33 سەربازی تورکیا کوژران، میدیاکانی تورکیا پێشتر بڵاویان کردەوە لەو شەڕەدا 10 گەریلای پەکەکە گیانیان لەدەستداوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: ئامودا

شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ

شار و شارۆچکەکان: دیواندەرە

شار و شارۆچکەکان: زاخۆ

🏙 شار و شارۆچکەکان: □ سەقز
:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 11:36:45 2016/08/28
ناوی تۆمارکار: هاوری باخەوان

---

بابەت: 224

**2016-08-29**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160829105011195897

- پۆستەکانی پارێزگای هەڵەبجە، ئەمڕۆ بەفەرمی لەنێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان ئاڵوگۆڕکران، بەپێی ڕێککەوتنەکەی دوو ساڵ لەمەوبەری نێوانیان.
- دوو سەربازی تورکیا ئەمڕۆ لە ناوچەی شەمزینانی پارێزگای هەکاری لە باکوری کوردستان کوژران.
- ئاگرێک لە کەمپیی یەحیاوا لەسەر ڕێگای لەیلان (19 کیلۆمەتر باشوری رۆژهەڵاتی کەرکوک) کەوتووەتەوەو بەهۆیەوە 14 چادرگە بەتەواوی سوتاون کە 45 خێزانیان تێدا بووە.
- وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا (پنتاگۆن) ڕایدەگەیەنێت شەڕەکانی باشوری جەرابلوس لە نێوان هێزەکانی تورکیا و چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنی سوریای نزیک لەو وڵاتە لەگەڵ هێزەکانی سوریای دیموکرات بە هەماهەنگی ئەمریکا نەبووە و قبوڵکراو نین.
- قایمقامی چەمچەماڵ جەختدەکاتەوە خەڵکی گوندەکان ناچارن بۆ بەرگریکردن لە خۆیان دەست لە هیچ هەلیکۆپتەرێک نەپارێزن کە تەقە لەگوندەکانیان دەکەن.
- کۆمیتەی بەرگریکردن لە رۆژنامەنوسان رایدەگەیەنێت پێویستە دەسەلاتدارانی تورکیا دەستبەجێ 23 کارمەندی رۆژنامەی "ئازادی وڵات" ئازادبکەن، کە دوێنێ لەهەڵمەتێکی پۆلیسدا بۆ سەر نوسینگەی رۆژنامەکە دەستگیرکران.
- تەرمی سێ شەڕڤانی ئەمریکی رەوانەی پزیشکی دادوەری سلێمانی کراون و بریارە دواتر رەوانەی وڵاتەکەیان بکرێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ چەمچەماڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ ئامودا
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ ئاکرێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ هەکاری
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 10:50:11 2016/08/29
ناوی تۆمارکار: هاوری باخەوان

---

بابەت: 225

**2016-08-30**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016083013523195925

- کۆگایەکی بەنزین لە سەر ڕێگای هەولێر-قوشتەپە گڕیگرت و بەهۆیەوە ملیۆنێک لیتر بەنزین سوتا.
- قائیمقامی پێنجوێن بڕیاریدا ڕێگە بەهاوردەکردنی تەماتە نەدات لەئێرانەوە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوەش دوای خۆپیشاندانی ئەمڕۆی جوتیارانی ئەو سنورە دژی هاوردەکردنی بەرهەمی تەماتە.
- وەزارەتی دەرەوەی سووریا رایدەگەیێنێت، سوپای تورکیا لە ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فوراتدا لە شارۆچکەی جەرابلوس و دەوروبەری لە ڕۆژئاوای کوردستان تاوانی دژی مرۆڤایەتی ئەنجامداوە، داواش لە نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات بەزووترین کات بکشێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: □ پێنجوێن

Quick Respons Code:

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 13:52:31 2016/08/30 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 226

**2016-08-31**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016083111011795938

- پارێزگاری ئامەد ئەمڕۆ قەدەغەی هاتوچۆی لە 13 گوندی سەر بە ناوچەی لیجە و هانی ڕاگەیاندو سوپای تورکیا ئۆپەراسیونی سەربازی لەو ناوچەیانە دەستپێکرد بە پاساوی "بوونی بارەگەکانی پەکەکە".
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ تەقینەوەیەک لە شاری حەسەکە ڕوویداو تەنها زیانی ماددی لێکەوتەوە.
- لە ئۆتۆمبێلێکەوە تەقە لە مەڵبەندی سۆرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کرا بێ ئەوەی هیچ زیانێکی لێ بکەوێتەوە.
- داواکاری گشتی ئەنقەرە سەڵاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) و پەروین بوڵدان پەرلەمانتاری ئەو پارتەی بانگهێشتی دادگا کرد بەمەبەستی وەرگرتنی وتەکانیان سەبارەت بەتۆمەتی سوکایەتیکردن بە ئەردۆغان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏟 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏙 شار و شارۆچکەکان: □ حەسەکە

Quick Respons Code:

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 11:01:17 2016/08/31 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 227
## 2016-09-01
http://www.kurdipedia.org/?q=2016090111153195942



- جێگرانی سکرتێری گشتی بەپاڵپشتی ژمارەیەک لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی-سەرکردایەتی و کادرانی پێشکەوتوو.. ناوەندی بڕیاری یەکێتی رادەگەیەنن.
- وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، بەرەی فەتحوڵڵا گولەن چیتر ناتوانن سەرپەرشتی قوتابخانەکانیان بکەن، بەڵکو لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە سەرپەرشتی دەکرێن بەهاوکاری کەرتی تایبەت.
- لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە هۆڵی هۆتیل عەبدوڵا لەشاری کەرکوک دامەزراندنی پارتی (بەرەی دیموکراسی گەل) لە باشوری کوردستان و عێراق راگەیەندرا و محمەد کیانی، سیاسەتمەدار لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا جاڕنامەی دامەزراندنەکەی خوێندەوە.
- بەپێی ئاژانسی دۆغانی تورکی، هێزەکانی سوپا ئەمڕۆ پێنجشەممە ئۆپەراسیۆنێکیان دەستپێکردووە دژی پەکەکە لەناوچە شاخەویەکانی دەوروبەری گوندی دۆغان سەر بە ناوچەی پەرواری لەسیرت، لەبەرانبەردا گەریلا روبەرویان بوونەتەوەو بەهۆیەوە، سەربازێک کوژراوەو یەکێکی تر برینداربووە.
- لەبارەی راگەیاندنی ناوەندی بڕیاری یەکێتی لاهور شێخ جەنگی گوتی "پیرۆزیان بێت و بابچن خۆیان بڕیاربدەن. ئەوان سەبەبی کێشەکانی یەکێتین. ئەوان بە چەپڵە بوونەتە جێگر و شەرعەتیان نەماوە. لەبەرئەوەی ئەوان بە دەنگدان نەهاتوونەتە ئەو پۆستە و مام جەلال بە چەپڵە کردنی بە جێگری خۆی".
- پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی پشتگیری ناوەندی بڕیاری یەکێتی دەکەن و رایدەگەیێنن، بڕیارەکانی ئەو ناوەندە جێبەجێ دەکەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 11:15:31 2016/09/01 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 228
## 2016-09-02
http://www.kurdipedia.org/?q=2016090208543996002

- کاتژمێر 12:15 خولەکی شەوی رابردوو چەند چەکدارێکی داعش هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەمیحوەری خورماتوو لەنزیک گوندی زەرگە. لە ئەنجامدا هێرشەکە تێکشکا.

- دوو پێشمەرگە لەمیحوەری خورماتوو شەهیدبوون، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراوەوە کاتێک شەوی رابردوو بەهانای هاوسەنگەرەکانیانەوە رۆیشتوون، بەئامانجی بەرپەرچدانەوەی هێرشێکی داعش.
- شەوی رابردوو نەوشیروان مستەفا سەردانی کۆسرەت رەسوڵی کرد، تاوەکو کێشەکانیان لەگەڵ باڵی پاوانکاری یەکێتیدا هێوربکاتەوە.
- عەقید عەلی حەجۆ، وتەبێژی ئەنجومەنی سەربازی جەرابلوس ئەمڕۆ بەئاژانسی هاوار نیوز – نزیک لەپەیەگە-ی راگەیاندووە، لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا هێزە سەربازیەکانی تورکیا بەهۆی بۆردومانەوە دەیان هاوڵاتی مەدەنییان کوشتووە، بەڵام پاش هەوڵێکی چڕی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەتایبەتی ئەمریکا، هەردوولا رێککەوتوون لەسەر راگرتنی شەڕ.
- هێزەکانی تورکیا لەرێی فشار و گازی فرمێسکڕێژەوە هێرشیانکردە سەر خەڵکی مانگرتووی کۆبانێ، دوای ئەوەی لەسەرسنوور رێگریان کرد سوپای ئەو وڵاتە خاکەکەیان ببەزێنێت، بەوهۆیەشەوە پێنج هاوڵاتی بریندارببوون.
- لە کاتی وەرگرتنی موچەدا دەمەقاڵێ لەنێوان دوو پێشمەرگە لە شارەدێی جەبارەی شارۆچکەی خانەقین رویدا و بەهۆیەوە یەکێکیان کوژرا و ئەوی دیکەش بریندارب.و
- لەرونکردنەوەیەکدا بەناوی "زۆرینەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە"، راگەیاندنی ناوەندی بڕیار لەناو حزبەکەدا بەبێ پەسەندنەکراوی پەیرەوی ناوخۆ رەتدەکەنەوەو پێیانوایە "شەرعیەتی نیە".
- هێزەکانی گەریلا لە چالاکیەک لە دەوروبەری شارۆچکەی ئەبەخی سەر بە شاری وان، سەربازانی سوپای تورکیایان گەمارۆداوە و لە ئەنجامی چالاکیەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی سوپای تورکیا کوژران یان بریندار بوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆبانی |
| شار و شارۆچکەکان: | وان |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | خورماتوو |

Quick Respons Code:

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 08:54:39 2016/09/02 |
| ناوی تۆمارکار: | هاورێ باخەوان |

---

بابەت: 229

**2016-09-03**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160903133155960 26

- شەڕو پێکدادانی قورس لەبەرەبەیانی ئەمڕۆوە لە ناوچەی چەلێ سەر بە پارێزگای هەکاری لەنێوان گەریلاکانی پەکەکەو سوپای تورکیا دەستپێکردووەو تائێستا بەردەوامە، بەهۆیەوە سێ سەرباز کوژران و 20 ی دیکە بریندارببوون.
- شەش هاوڵاتی گیانیان لەدەستدا و سێ کەسی تریش لەخورماتوو بریندارببوون، بەهۆی تەقینەوەیەکی خۆکوژییەوە کە بەرەبەیانی ئەمڕۆ روویدا، ئەوەش بەوتەی بەڕێوبەری ئاسایشی

خورماتوو.
- فەرماندە سەربازییەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەمڕۆ لەکۆبونەوەیەکدا ڕێککەوتن پشتیوانی هیچ لایەک لە لایەنە ناکۆکەکانی ناو حزبەکەیان نەکەن و جەختیان کردەوە ئەوان "تەرەف نین لەو ململانێیەدا".
- جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان جەختیان کردەوە پێویستە کێشە ناوخۆییەکانی حزبەکەیان بە "گفتوگۆی هەڤاڵانە " چارەسەر بکرێن.
- فراکسیۆنی یەکێتی لەپەرلەمانی کوردستان ئەمڕۆ لەکۆبوونەوەیەکدا هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند لەبارەی کێشە ناوخۆییەکانی حزبەکەیانو دەڵێن چاوەڕێی چارەسەرو ڕێکەوتنی بەپەلەو جدین، بەپێچەوانەوە لەئایندەدا هەڵوێستی ڕاشکاوانەیان دەبێت.
- لە شەمزینانی باکووری کوردستان شەڕ لەنێوان گەریلاکانی پەکەکە و سوپای تورکیا روویدا، بەوهۆیەوە 5 سەربازی تورکیا کوژران و 6ی دیکە بریندداربوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: هەکاری
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 13:31:55 2016/09/03
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 230
**2016-09-04**
http://www.kurdipedia.org/?q=2016090413210596051
- ئەمڕۆ، بە بەشداری 294 ئەندام لە هۆڵی ڕەمادای شاری سلێمانی لە ژێر دروشمی "ئافرەت هەوێنی ئاشتی و بنیاتنانەوەی کۆمەڵگا" حەوتەمین کۆنگرەی یەکگرتوی خوشکان دەستی بەکارەکانی کرد.
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ سنوری سێ گوندیان لە شارۆچکەی ئاکرێ لە پارێزگای دهۆک بۆردومان کرد و بەهۆیەوە زیان بە ڕەزووباخی هاوڵاتیان گەیشتووە.
- بە پێی ڕاگەیەندراوی "ڕاگەیاندن و چاپەمەنی هەپەگە" 62 سەربازی تورکیا لە چالاکییە سەربازییەکانیاندا لە ناوچەکانی چەلی و شەمزینان کوژراون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 13:21:05 2016/09/04
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 231

## 2016-09-05

http://www.kurdipedia.org/?q=20160905092217960 58



- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ تەقینەوەیەک لە گەڕەکی مەساکنی شاری حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستان ڕوویداو و گیان لەدەستدان و برینداربوونی چەند کەسێکی لێکەوتەوە.
- لە گەڕەکی کۆرنیشی شاری قامیشلۆ تەقینەوەیەک ڕوویدا و زیانی لێکەوتەوە.
- دوو سەربازی تورکیا سەرلەبەیانی ئەمڕۆ کوژران، بەهۆی هێرشی گەریلاکانی پەکەکە بۆ سەر یەکەیەکی سوپا لە پارێزگای هەکاری.
- 40 کەس ئەمڕۆ لە چەند تەقینەوەیەکدا لەناوچە جیاوازەکانی سوریا کوژران و زیاتر لە 50 کەسی دیکە برینداربوون. ئاژانسی سانای فەرمی سوریا بڵاویکردەوە، تەقینەوەکان حمس و ڕیفی تەرتوس و دیمەشق و حەسەکەیان کردووەتە ئامانج.
- ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان داوا لەدوو ئاڕاستە ناکۆکەکەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەکات خۆیان لەبەکارهێنانی" هەرجۆرە لێدوانێکی توندو نا مەسئولانەو زمانی زبر و یەکتر شکێن" بپارێزن.
- دادگای ئامەد ئەمڕۆ بڕیاریدا حەوت پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) بە زۆرەملێ ببرێنە بەردەم دادگا، لەسەر دۆسیەی کەجەکە.
- 50 کەسایەتی کورد لەباکوری کوردستان کە لەناویاندا پەرلەمانتارو سەرۆک شارەوانی هەن مانگرتنیان لەخواردن دەستپێکرد تا ئەوکاتەی دیدار لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان ئەنجامدەدرێت.
- ئیلکەر باشبۆغ، سەرۆک ئەرکانی پێشوی سوپای تورکیا، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەباشوری کوردستان بەکێشە بۆ ئەمنیەتی تورکیا دادەنێت، لەبارەی ڕۆژئاوای کوردستانیشەوە دەڵێت پێدەچێت تورکیا هەرێمی ئارام لەنێوان جەرابلسو عەزاز "ڕادەستی ڕژێمی سوریا بکات"، ئەوەش بەکارێکی "هەرە باش" ناودەبات.
- سوپای تورکیا 7 هاوڵاتی کوردی ڕۆژئاوای کوردستانی لەسەر سنور گولەباران کردووە لەکاتێکدا هەوڵیانداوە بچنە باکوری کوردستان، بەوهۆیەشەوە باوکێک لەگەڵ کچەکەی گیانیان لەدەستداوەو 5 هاوڵاتی دیکەش برینداربوون.
- ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی زانیاری ورد لەسەر دۆسیەی ویدات حسێن ڕۆژنامەنوسە کوژراوەکەی دهۆک بڵاودەکاتەوەو داوا لەبەرپرسانی حکومەتی هەرێم دەکات کە لێکۆڵینەوەی کارا بکەن لە کوژرانی ئەو ڕۆژنامەنووسە.
- ئاژانسی هاوار نیوز-نزیک لە یەپەگە- بڵاویکردەوە، کاتژمێر 6:30ی خولەکی ئێوارەی ئەمڕۆ، سوپای تورکیا تەقەیان لەبارەگایەکی یەکینەکانی پاراستنی گەل کردووە لە نێوان شارەکانی عامودا و درباسیەی سەر بە کانتۆنی جەزیرە. سەرچاوەیەک لە یەکینەکانی

پاراستنی گەل رایگەیاندووە کە شەڕڤانان وەڵامی تەقەکانیان داوەتەوە و بەوهۆیەوە سەربازێکی تورکیا کوژراوەو لەلایەن ئۆتۆمبێلێکی سەربازییەوە ڕەوانەی نەخۆشخانە کراوە.
- فوئاد مەعسوم سەرۆکی کۆماری عیراق سەردانی هەریەکە لەکۆسرەت رەسوڵ و بەرهەم ساڵح جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی کردووەو بەپێی وتەی ئەندامێکی مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی کە ئاگاداری سەردانەکەیە سەرۆک کۆمار دەستپێشخەرییەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی یەکێتی خستووەتەڕوو.
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردوومانکردنی دەڤەری بەرواری باڵای سەر بە شارەدێی کانی ماسێ-یان دەستپێکرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامودا |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | هەکاری |
| شار و شارۆچکەکان: | حەسەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | قامیشلۆ |
| Quick Respons Code: | |

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 09:22:17 2016/09/05 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 232

**2016-09-06**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016090609480296076



- جارێکی تر فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک بۆردوومانی ناوچە سنورییەکانی شارەدێی سیدەکان-یان کرد و زیانیکی زۆر بەر ژینگەی ناوچەکە کەوت.
- ناڕەزاییەکانی بەشێک لە فەرمانبەرانی پارێزگای سلێمانی فراوانتر دەبێت و دەوامی بەشێک لە فەرمانگەکان وەستاوە بەهۆی مانگرتنەوە، پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت دەڵێت ئەنجومەنی وەزیرانی لە "مەترسییەکان" ئاگادارکردوووەتەوە.
- سەفین دزەیی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەراگەیەنراوێکدا رایگەیاند، پشووی جەژن لە رۆژی یەک شەممە 11-09-2016 ـەوە دەست پێدەکات و تا رۆژی پێنجشەممە 15/9/2016 بەردەوام دەبێت و رۆژی یەک شەممە 18-09-2016 دەوامی فەرمی دەستپێدەکاتەوە.
- ناوەندی راگەیاندن و چاپەمەنی هەپەگە رایگەیاند، دە سەربازیان کوشتوە سێ هەلیکۆپتەریشیان لە جۆری سکۆرسکی تێکشکاندوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/09/06 09:48:02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 233

**2016-09-07**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160907154223962O7



- بۆ جاری سێیەم کۆسرەت رەسوڵ، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەئامادەبونی بەرهەم ساڵح، پێشوازیکرد لەفوئاد مەعسوم- سەرۆک کۆماری عیراق و لەکۆبوونەوەیەکدا تاوتوێی کێشەکانی یەکێتیان کرد.
- خوێندکارانی دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانی شاری کەرکوک لە بەرامبەر دانەمەزراندنیان بۆ جاری دووەم لە بەردەم پەروەردەی کەرکوک خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و بۆ چارەسەرکردنی کیشەکەش بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکوک سەردانی بەغدا دەکات.
- دەستەی مامۆستایانی پێشکەووتنخواز، کارمەندانی سەربەخۆی خەستەخانەکانی سلێمانی، یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان، کارمەند و فەرمانبەرانی باج و دەرامەت، کۆمەڵەی خانەنشینی کوردستان، ڕێکخراوی پەروەردەی نوێ، لە پارکی نالی شەقامی سالمی شاری سلێمانی گردبوونەوەیەکی ناڕەزاییان ئەنجام دا.
- بەهۆی بۆردوومانکردنی بارەگای یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە لایەن سوپای تورکیاوە لە کانتۆنی عەفرین، شەش شەڕڤانی یەپەگە شەهیدبوون و هەشتی تریش برینداربوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/09/07 15:42:23

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 234

## 2016-09-08

http://www.kurdipedia.org/?q=2016090810174396221



- وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ستایشی هێزە کوردییەکانی رۆژئاوای کوردستان دەکات و رایدەگەیەنێت، ئەو هێزانە قوربانیی زۆریان داوەو داعشیان لە باکوری سوریا دوورخستوەتەوە.
- پارێزگای هەکاری لە رونکردنەوەیەکدا رایگەیاند، بەشێوەیەکی کاتیی قەدەغەی هاتوچۆ لە شارۆچکەی گەڤەر (یوکسەکۆڤا) لە 26-09-2016 رۆژی هەینییەوە رۆژانە لە کاتژمێر 6:00ی بەیانیەوە تا 11:00ی شەو هەڵگیرا.
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە نزیک سایلۆکانی نزیک لە ناوچەی پیشەسازی لە شاری کەرکوک تەرمی ژنێک دۆزراوەتە کە تەمەنی لە نێوان 30 بۆ 35 ساڵ دەبێت. بە وتەی پۆلیس ئەم ژنە دوێنێ شەو کوژراوە و لە پێشدا ئەشکەنجەی زۆر دراوە.
- وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، پێش دەستپێکردنەوەی دەوامی خوێندن، موچەی مامۆستایان دابەشدەکرێت.
- ماڵپەڕی فەرمی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ هاککرا.
- بەهۆی بۆدومانی چەکدارانی داعشەوە لە بەرەی خازر دوو پێشمەرگە برینداربوون.
- رێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆران سەبارەت بەباردۆخی سیاسی هەرێم رایگەیاند ئاساییکردنەوەی باردۆخەکەو هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی پارتی سەبارەت بەپەرلەمان، سەرەتایە بۆ هەر گفتوگۆکردنێک و ناکرێت ئەوان بە زۆر بڕیارێک بسەپێنن و بە خۆشی خۆمان قبوڵی بکەین.
- مەسعود بارزانی لەسەر بانگهێشتنی فرانسوا ئۆلاند لە پاریس چاوی بە سەرۆکی فەرەنسا کەوت، سەرۆکی فەرەنسا سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ قارەمانێتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی تیرۆر راگەیاند و جەختیشی لە کاری هاوبەشی وڵاتەکەی و هەرێمی کوردستان لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان کردەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ هەکاری
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 10:17:43 2016/09/08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 235
## 2016-09-09
http://www.kurdipedia.org/?q=20160909093057962406



- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، گەریلاکانی هەپەگە لە شارۆچکەی سلۆپی لە باکوری کوردستان چالاکییەکیان لە دژی پۆلیسی تیمی تایبەتی تورکیا ئەنجامدا و لەو چالاکیەدا، هەشت پۆلیسی تیمی تایبەتی تورکیایان کوشت.
- جوتیارانی دهۆک لە فستیڤاڵێکدا 96 جۆر ترێی خۆماڵیان نمایشکرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ دهۆک
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 09:30:57 2016/09/09
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 236
## 2016-09-10
http://www.kurdipedia.org/?q=20160910101615962513

- شەوی ڕابردوو چەتەکانی داعش هێرشیان کردە سەر چەند خاڵی هێزە شۆڕشگێڕەکان لە گوندەکانی هۆش و قورا لە ناوچەی شەهبا، ئەو گوندانە لە کۆتایی مانگی ئابدا لە دەستی چەتەکان ڕزگار کرابوون.
- دەسەڵاتدارانی تورکیا ڕایانگەیاند، ڕێگە دەدەن کەسوکاری ئۆجەلان سەردانی زیندانیەکەی بکەن لەڕۆژانی جەژندا.
- هەردوو فراکسیۆنی یەکێتی و گۆڕان لە ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق هاوپەیمانییان پێکهێنا و لەمەبەدوا یەک بەرنامەی کاریان دەبێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏛 پارت / لایەن: 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان
🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/09/10 10:16:15
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 237

**2016-09-11**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160911115612962 52



- لە زۆربەی شارەکانی باکوری کوردستان سەرلەبەیانی ئەمڕۆ هێڵی ئینتەرنێت پچراو تائێستا هۆکارەکەی نادیارە، بەپێی ئاژانسی دۆغانی تورکی پرانی هێڵی ئینتەرنێت شارەکانی (ئامەد – باتمان- سیرت- ماردین – دێرسیم – ئەلازغ – بینگول – وان – هەکاری- ئۆرفا – عەنتاب – ئادیەمان – مەرعەش – کلیس و ئەرزروم) گرتووەتەوە.
- رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا، پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)ی بەوە تۆمەتبارکرد کە هەوڵی پەکخستنی ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات دەدات کە وڵاتەکەی چەندین هەفتەیە لەناو قوڵایی خاکی سوریا دەستیپێکردووە.
- فراکسیۆنی گۆران لە پەرلەمانی عێراق ئەمڕۆ یەکشەممە سەردانی جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتیان کردو "پەیامی بێلایەنی" فراکسیۆنەکەیان سەبارەت بە کێشەکانی نێو یەکێتی بە ناوەندی بریاری ئەو حزبە گەیاند.
- لەیلا ئیمرەت سەرۆکی شارەوانی شاری جزیرە لەباکوری کوردستان لەگەڵ یونس دوردو ئەندامی ئەنجومەنی دەبەپە لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە لەشاری جزیرە دەستگیرکران.
- لەماوەی 24 کاتژمێری رابردودا پێنج کەس لەشارەکانی هەولێرو سلێمانی بەتۆمەتی دزیکردن دەستگیرکران، ئەوەش بەپێی راگەیەنراوی پۆلیسی ئەو دوو شارە.
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ ئاگر لە شاخی گۆیژە لە سلێمانی کەوتەوە، بەرگری شارستانیش دەڵێت ئاگرەکە کۆنترۆڵ کراوەو زیانی زۆر نەبووە.
- باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ئەنقەرە نیگەرانی خۆی پیشاندا لە رووداوەکانی باکوری کوردستان، ئەوەش دوای دوورخستنەوەی 28 سەرۆک شارەوانیی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە کە زۆرینەیان کوردن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏛 پارت / لایەن: 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان
🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ جزیرا بۆتان

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🗆 سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 11:56:12 2016/09/11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 238

## 2016-09-12

http://www.kurdipedia.org/?q=20160912091921687 63



- بەهۆی دواکەوتنی موچەکانیانەوە سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لەیەکەم رۆژی جەژنی قورباندا خۆپیشاندانی مامۆستایان لەهەریەکە لەشارەکانی سلێمانی، هەڵەبجە، کەلار و قەڵادزێ ئەنجامدرا.
- تەقینەوەیەکی بەهێز لەشاری وانی باکوری کوردستان روویدا.
- جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پەیامی جەژنە پیرۆزەیاندا رایدەگەیەنن ناوەندی پریار لەپێناو مافەکانی خەڵک و رۆڵی شیاوی یەکێتییەو سووردەبن لەسەر جێبەجێکردنی پەیامەکەی بۆ بوژاندنەوەی یەکێتی و گێرانەوەی شەرعیەت بۆ ئەوەی یەکێتی ببێتەوە بەحیزبی هیوای خەڵک و تێکۆشەرانی لەسایەی چەپکە گوڵەکەی مام جەلال.
- رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی داوای بەپەلە ئازادکردنی ژنێکی ئێزدی دەکات کە ماوەی دوو ساڵە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەستگیرکراوە، ئەوەش دوای ئەوەی ئەو ژنە لەژێر دەستی داعش رزگاری بووە.
- رژێمی سوریا سەرجەم فڕۆکە جەنگییەکانی لە فڕۆکەخانەی قامیشلی کشاندەوە، ئەوەش دوای هەڕەشەکانی ئەمەریکا دێت بەخستنەخوارەوەی فڕۆکەکانی رژێم ئەگەر نزیکی ئەو شوێنانە بکەونەوە کە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکای لێیە.
- دوای ئەوەی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی داوای لە حکومەتی هەرێم کرد بەپەلە ژنێکی ئێزدی ئازادبکات کە ماوەی 2 ساڵە دەستگیری کردووە، حکومەتی هەرێم دەڵێت"ئەو ژنە هاوکاری داعشی کردووەو بەپێی یاسا وەک دیلی داعش مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.
- محەمەد ئۆجالان، ڕایگەیاند، کە دۆخی تەندروستی عەبدوڵا ئۆجالان باشە و ڕێبەری پەکەکە، پێ وتووە، کە ئەوان پرۆژەیان ئامادەیە ئەگەر دەوڵەت دوو کەس بنێرێتە لای، ئەوا لەماوەی شەش مانگدا ئەم پرسە گرانە چارەسەر دەکەن.
- رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا لابردنی 28 سەرۆک شارەوانی لە وڵاتەکەی بە "ئاواتی پێشتری" دادەنێت و جەختدەکاتەوە کە دەبوو پێشتر ئەو هەنگاوە بنرایە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🗆 قامیشلۆ
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🗆 سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: □ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ قەڵادزێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ وان
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 09:19:21 2016/09/12
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 239
**2016-09-13**
http://www.kurdipedia.org/?q=20160913103745966320



- لەتیفی حاجی فەرەج ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی کۆچی دواییکرد.
- گەریلاکانی هەپەگە لە شارۆچکەی چەلێی سەربە جۆلەمێرگ، زرێپۆشێکیان بە تەواوی سەربازەکانی ناوییەوە لەناوبرد و لە دوو چالاکی تریشدا لە چەلێ و هەرێمی شەرەفان، چوار سەربازی دەوڵەتی تورکیان کوشت.
- درەنگانێکی شەوی ڕابردوو 12ی ئەیلول، لە گەڕەکی پەنجا عەلی شاری کەرکوک بەهۆی تەقەکردنەوە پیاوێک برینداردا دەبێت و ژنێکیش گیان لەدەستدەدات.
- بەهۆی تەقینەوەی دوو بۆمبەوە بەهێزەکانی پێشمەرگەدا لەناوچەیەکی نزیک لەجەلەولا چوار پێشمەرگە برینداربوون.
- ئاگر لە دارستانەکانی زاوێتە کەوتەوە و زیانێکی زۆری بە دارەکان گەیاند.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏟 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏟 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ جوڵەمێرگ
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ دهۆک
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 10:37:45 2016/09/13
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 240
**2016-09-14**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160914102945 96364



- فەرهاد هەمزە، بەرپرسی دەستەی ئەندازیارانی کۆمپانیای نەوتی باکوور ئاشکرایکرد کە هەناردەی نەوتی کەرکوک لەکێڵگەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمپانیاکەیانەوە راگیراوە، بەهۆی کێشەی هونەریەوە کە لەئێوارەی دوێنێ سێشەممە دروستبووە.
- بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحییەکانی کەرکوک رایگەیاند، بەرەبەیانی ئەمڕۆ، حەوت تەرمی نەناسراو لە گوندی حسێن ئیسلام سەربە ناحیەی لەیلانی پارێزگای کەرکوک دۆزرانەوە کە شوێنەواری ئەشکنجە و گوللە بە جەستەیانەوە دیارە.
- سێیەم حاجی کورد لە فەریزەی حەجی ئەمساڵ لەمەککە کۆچی دوایی کرد.
- مەولود چاوش ئۆغڵو، وەزیری دەرەوەی تورکیا داوا لەباڵوێزی ئەمریکا لەولاتەکەی دەکات "کاری خۆت وەکو پیاو بکە" و دەستتوەردان نەکەن، ئەوەش دوای ئەوەی نیگەرانییان دەربری بەرانبەر لابردنی 28 سەرۆک شارەوانی لەباکوری کوردستان.
- ستێڤان دیمیستۆرا نوێنەری نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ کاروباری سوریا رایگەیاند، کە کامیۆنەکانی هەڵگری یارمەتییە نێودەوڵەتیەکان هێشتا نەگەیشتوەنەتە سوریا، چونکە دەوڵەتی تورکیا دەستی بەسەردا گرتوون.
- قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی چایخانەی شەعب-ی لەسلێمانی کردو لەنزیکەوە گوێی لەداواکارییەکانی هاووڵاتیان گرت.
- بەهۆی بۆردوومانکردنی سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە لایەن چەکدارەکانی داعشەوە، ئێوارەی ئەمڕۆ پێشمەرگەیەک لە چیای باشیک شەهید بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/09/14 10:29:45

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 241

## 2016-09-15

http://www.kurdipedia.org/?q=20160915094814 95859

- وەفدێکی باڵای ئەمریکا دەگاتە هەولێر بەمەبەستی کۆبونەوە لەگەڵ بەرپرسانی کورد و یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی گفتوگۆکانیشیان شەڕی موسڵ و بەشداری پێشمەرگەیە.
- لەئاکامی پێکدادانی نێوان دوو ئۆتۆمبێلدا کە یەکێکیان بارهەڵگر بووە بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان حەوت کەس گیانیان لەدەستداوە. روداوەکە لەسەر رێگەی سەرەکی سەیدسادق-شارەزور لەنزیک گوندی تەپی کەرەم روویداوە.
- لەسەر رێگای گردەگۆزینە – کەلار بەهۆی رووداوێکی هاتوچۆوە چوار هاوڵاتی گیانیان لە دەستدا.
- ئێوارەی ئەمڕۆ، پۆلیسی تورکیا هێرشی کردە سەر ناوەندێکی پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان لە

جولەمێرگ لە باکوری کوردستان و 20 کەسی دەستگیر کرد، کە پێکهاتوون لە ئەندامان و بەرپرسانی پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان.
- ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی یەپەگە ڕایگەیاند، کە لە ناوچەی شەداد لە شەڕێکی سەختدا لە ماوەی سێ ڕۆژ 55 چەتە کوژراون.
- لە هێرشێکی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا لە پارێزگای ئاگری، 9 ئەندامی هێزە ئەمنییە جیاوازەکانی تورکیا کوژران و سێ سەربازی دیکە و دوو هاوڵاتی مەدەنیش بریندgranbوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: □ موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: □ سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: □ کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: □ جولەمێرگ
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/09/15 09:48:14
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 242

**2016-09-16**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016091609422596390



- ئەمڕۆ نادیە موراد وەک باڵوێزی نیازپاکی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNODC) بۆ شکۆی ڕزگاربوانی بازرگانی بەمرۆڤەوە لەمەراسیمێکدا دەستبەکاردەبێت، ئەوەش دەبێتە یەکەمین کورد کە ئەو پۆستە وەربگرێت.
- گەریلاکانی هەپەگە و یەژاستار لە چیای تەندوورەک دژی خاڵێکی بەکرێگیراوان و سەربازانی سوپای تورکیا چالاکیان ئەنجامدا، لە ئەنجامی ئەو چالاکیەدا حەوت بەکرێگیراو و دوو سەرباز کوژران و سێ سەربازی دیکەش بریندار بوون.
- بەیانی ئەمڕۆ، پێشمەرگەیەک لەمیحوەری ئاسکی موسڵ، لەنزیک ناحیەی وانکێ شەهیدبوو، دوای ئەوەی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە بەقەناس پێکرا.
- ئالپ ئالتینۆرس، جێگری هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لەگەڵ پێنج کەسی دیکەدا لەپارێزگای تۆکات دەستگیرکران.
- وتەبێژی فەرمی کۆمەڵی ئیسلامی ئاماژە بەوە دەکات دوای تێپەڕبونی نزیکەی سێ مانگ بەسەر دەستگیرکردنی کادیرەکانیان لە لایەن ئاسایشی هەولێرەوە، سەرەڕای ئەوەی لەسەر ئاستی باڵا بە ڵێنیان پێدراوە کە ئازد بکرێن، بەڵام تا ئێشتا ئازاد نەکراون.
- ئەمڕۆ هاوڵاتیانی شاری قامشلۆ بە مەراسیمێکی فراوان تەرمی 10 شەڕڤانی ڕێگای ئازادیان بە خاک سپارد، کە لە بەرخۆدانی شەداد و تل حەمیس گیانیان بەخت کردبوو.
- کاتژمێر 2:00 سوپای تورکیا لە ناوچەی سنوری ئەلەمین لە باکوری کوردستان بە بەهانەی لێدانی چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان

"پەکەکە" بۆردومانی گوندی کێستەی گەشتیاری سەربە ئامێدی کرد و بەو هۆیەشەوە گەشتیاران ئەو ناوچەیەیان چۆڵکرد.
- کاتژمێر 7:45 ئێوارەی ئەمڕۆ چەکدارانی داعش هێرشیان کردووەتە سەر گوندی نەسری سەر بە ناحیەی گەیارە لە میحوەری مەخمور و پاش ماوەیەکیش لە شەڕکردن هێرشەکەیان تێکشکێنراوە.
- لە سنووری گوندی ئاڵانەی سەر بە شارۆچکەی حاجی ئۆمەران پاسدارانی سوپای ئێران دەستڕێژی گوللەیان لە کۆڵبەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان کرد و لە ئەنجامدا کاسبکارێک بەناوی سەڵاح بۆرەکە کوژراو و یەکێکی دیکەش برینداربوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/09/16 09:42:25
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 243
**2016-09-17**
http://www.kurdipedia.org/?q=20160917144244096439
- بەڕێوبەری شارەدێی سیدەکان رایدەگەیەنێت بەهۆی تۆپبارانی ئێرانەوە نزیکەی 60 خێزان ئاوارە بوون و ژمارەیەکی زۆر پوش و درەختی ناوچەکەش سوتاون.
- لە ناوچە شاخەویەکانی گوندی ئاغاچدیبی سەر بە هەکاری ئەمڕۆ لە نێوان گەریلانی پەکەکە و هێزەکانی سوپای تورکیا شەڕ رویدا و لە ئەنجامدا دوو سەرباز کوژران و چواری دیکە بریندار بوون و ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەو ناوچەیە بەردەوامە.
- کۆچی دوایی شێخ ئەحمەدی سەرگەڵو لە ڤیێننا، نێوبراو پێشمەرگەی دێرین و کەسێکی کۆمەڵایەتیی بەناوبانگ بوو.
- هەردوو فراکسیۆنی یەکێتی و گۆڕان لەپەرلەمانی عیراق "ژورێکی عەمەلیاتیان" دروستکرد، بۆ ئامادەکردنی نەخشە ڕێگایەک تا هەڵبژاردنی ناوخۆیی لەپارێزگای کەرکوک ئەنجام بدرێت.
- مامۆستایانی ناڕازیی و بەشێک لە فەرمانبەران ئەمڕۆ دەستەیەکیان پێکهێنا بۆ ڕێکخستنی نارەزایی سەرتاسەری بە ئامانجی دروستکردنی فشار لەسەر دەسەڵات بۆ جێبەجێکردنی داواکانیان.
- بۆمبێکی چێندراو لە نێو مزگەوتێکی شاری کەرکوکدا تەقییەوە و بەهۆیەوە کەسێک کوژرا و چواری تریش برینداربوون.
- ناوەندی راگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند لە چالاکییەکی دژی قەرەقۆلی تەپەرزێ لە 28 سەرباز و دژە گەریلا کوژران و 4 سەربازی تریش بریندار بوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: هەکاری
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 14:24:40 2016/09/17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 244

**2016-09-18**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016091817134296475

- بەرەبەیانی ئەمڕۆ چەکدارانی داعش هێرشیان کردەسەر گوندی کەنهەش لە مەخموور و هێرشەکە لەلایەن پێشمەرگەوە تێکشکێنرا.
- لەبەرامبەر ئەو دۆخە قەیراناویی و ئاڵۆزییەی کە ئێستا هەرێمی کوردستانی تێدا تێپەڕ دەبێت لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان و شارۆچکەی کفریش بەرەی خەڵک بۆ ناڕەزایەتیەکان ڕاگەیەندرا.
- هێزێکی پێشمەرگەی حدکا لە ناوچەی پیرانشار لە نێوان ئاواییەکانی "قەبری حسێن" و "پردانان" لەگەڵ هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم تووشی تێکهەڵچوون بوون. لە ئاکامی ئەو تێکهەڵچوونەدا ژمارەیەک لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و بریندار بوون و پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بە ناوی "ڕەحیم عەبدوڵڵانژاد" کوری ئەبوبەکر ناسراو بە "ڕەحیم گەرگولی" بریندار بوو و پاشان بە هۆی کاریبوونی برینەکەیەوە پاش چەند ڕۆژ شەهید بوو و لە لایەن هاوسەنگەرانیەوە بە خاک سپێردرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 17:13:42 2016/09/18
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 245

**2016-09-19**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016091910463596493



- تۆپخانەکانی سوپای تورکیا بۆ ماوەی دوو کاتژمێرە بەچڕی تۆپبارانی چەند ناوچەیەکی سەر بە دەڤەری بەرواری باڵا لە شارەدێی کانی ماسێ سەر بە شارۆچکەی ئامێدی دەکەن و تائێستا 45 تا 50 گولەی تۆپ بەر ناوچەکە کەوتوون.
- خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان لەقەزای کفری، دژ بە بڕیاری وەرگرتنی 100 هەزار دینار، لە خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکان گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا.
- فڕۆکەیەکی سەر بە هێزی ئاسمانی عیراق ئەمڕۆ لەکاتی نیشتنەوەیەدا لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی ڕووبەڕووی کێشە بووەوەو تایەکانی تەقی.
- بەسەرپەرشتی مەسعود بارزانی کۆبوونەوەی هاوبەشی سەربازی و سیاسی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا و عیراق ئەنجامدراو تێیدا لەسەر چۆنیەتی هەماهەنگیی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی عیراق و سوپای ئەمەریکا و هاوپەیمانان لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵ ڕێککەوتن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/09/19 10:46:35

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 246

**2016-09-20**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016092010033796497

- فەرمانبەرانی کۆمەڵەگەی باجەکانی سلێمانی ئەمڕۆ بۆ دووەم ڕۆژ لەسەریەک دژی دواکەوتن و سیستەمی پاشەکەوتکردنی مووچە، درێژەیان بە مانگرتندا و بایکۆتی دەوامیان کرد.
- وتەبێژی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم رایدەگەیەنێت، ئەمسال سەرجەم بەڕێوەبەرە گشتییەکان و قوتابخانەکان ئاگادارکراونەتەوە، کە نابێت هیچ بەڕێوەبەرو مامۆستایەک زۆری لە قوتابی بکات جلی تازە بکڕێت، بەڵکو ئاساییە جلی ساڵی پێشوو بۆ خوێندنی ئەمساڵ بپۆشێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/09/20 10:03:37

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 247

**2016-09-21**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160921135555165666



- والی هەکاری "رفاندنی" دوو سەربازی تورکیاو دوو کەسی دیکەی لەلایەن گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)ەوە راگەیاند.
- پەرلەمانی عیراق لە کۆبو،نەوەیەکدا متمانەی لەهۆشیار زێباری، وەزیری دارایی سەندەوە.
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە چەند کەسێک چونەتەسەر ماڵێک لەگەڕەکی بەکرەجۆی شاری سلێمانی، ئەندامێکی ماڵەکەش تەقەیەکی زۆری کردووەو بەهۆیەوە کەسێک گولە بەرسەری کەوتووەو بریندار بووە.
- ژمارەیەک چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەشاری هەولێر دەڵێن هەڕەشەی کوشتن و قاچ پڕینەوەیان لێکراوە لەئەگەری بەشداریکردنیان لەهەر خۆپیشاندانێکدا.
- فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق رایدەگەیەنێت، لە دادگای فیدراڵی تانە لە رێوشوێنەکانی لێپرسینەوە لە هۆشیار زێباری و سەندنەوەی متمانە لێی دەدەن.
- پێشمەرگەیەک بەناوی جەعفەر جەمال لەمیحوەری باشوری کەرکوک، لەسەر رێگای رەشاد -حمیرا شەهیدبوو، دوای ئەوەی چەکدارانی تیرۆریستی داعش بەقەناس تەقەیان لێکرد.
- لەگەڕەکی شۆڕشی شاری سلێمانی پەرستگای پەیرەوانی ئاینی زەردەشتی کرایەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: هەکاری

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 13:55:51 2016/09/21

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 248

**2016-09-22**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160922145016965277



- حزبی شیوعی کوردستان لە شارۆچکەی چەمچەماڵ بە نزیکەی 150 کەسەوە خۆپیشانی کرد و هوتافیان کێشا دژی خراپی کارەباو گوزەرانیان، داواشیانکرد چارەسەری کێشەکانی هەرێم و قەیرانی دارایی بکرێت.
- وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان داخستنی 13 بەشی تایبەت بە پێگەیاندنی وتاربێژ و پێشنوێژی بۆ مزگەتەکان و کردنەوەی چوار بەشی نوێی بۆ ئەو مەبەستە لە زانکۆکان راگەیاند.
- رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا داوا لەجۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا دەکات لەنێوان ئەوان و پەپەگەدا، یەکێکیان هەڵبژێرن لەپرۆسەی ئازادکردنەوەی شاری موسڵ.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☭ حزبی شیوعی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | چەمچەماڵ |
| Quick Respons Code: | |

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 14:50:16 2016/09/22 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 249

## 2016-09-23

http://www.kurdipedia.org/?q=20160923104328965551



- سەڵاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپە و وەفدی هاوڕێی گەیشتنە شاری کەرکوک و لەلایەن نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکوک پێشوازی لێکرا.
- وەزیری بەرگری ئەڵمانیا ئەمرۆ راگەیاند، پێشمەرگە لە ئازادکردنی موسڵ رۆڵێکی سەرەکی دەبێت و ئاشکراشیکرد، لەماوەی رابردوودا وڵاتەکەی راهێنانی بە دەهەزار پێشمەرگە کردوەو بەبری 90 ملیۆن یۆرۆ چەک و تەقەمەنیان بۆ ئەو هێزە دابینکردوو.
- رۆژنامەنووس، (باقی کەریمی) ناسراو بە هاوڕێ کەریمی، برای هونەرمەندی سینەماکاری کۆچکردوو تەها کەریمی خەڵکی شاری بانەی رۆژهەڵاتی کوردستان و خوێندکار لە وڵاتی هیندستان کۆچی دوایی کرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 10:43:28 2016/09/23
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 250

**2016-09-24**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160924091120965553



- دوو ئەندامی دەستەی ناڕەزاییەکانی خەڵک (عادل حەسەن و ئاوات حەسەن) لە شاری سلێمانی، بەیانی ئەمڕۆ بەوتەکەسوکاری هەردووکیان لەلایەن "هێزێکی ئەمنیەوە رفێنراون و دواتر یەکێکیان خۆی رزگارکردووە"، ئەویتریان پاشتر ئازادکرا.
- پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ ڕاوێژی نەتەوەیی لە لایەن کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە کەرکوک دەستپێکرد. کۆنگرەکە تایبەتە بە ڕاوێژی نەتەوەیی لەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان کە ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت.
- سەربازێکی سوپای تورکیا ئەمڕۆ لەسنوری پارێزگای ئامەد کوژراو یەکێکی تر بریندارببووس، بەهۆی سەرهەڵدانی شەڕو پێکدادان لەنێوان پەکەکەو سوپای ئەو وڵاتە کە تائێستا بەردەوامی هەیە، تەنیا یەک گەریلاش گیانی لەدەستداوە.
- دوابەدوای دەستگیرکردن و ڕفاندنی دوان لە ئەندامانی دەستەی ناڕەزایی خەڵک لەلایەن هێزێکی دەمامکدارەوە، جێگری سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی هەرێمی کوردستان ئەو کارە بە ئاماژەیەکی مەترسیدار ناودەبات و پێشی وایە، بەو جۆرە کارانە مامۆستایان لە داواکاریەکانیان پاشگەزناکەنەوە.
- کۆبوونەوەی پەرلەمانی عیراق دەستپێکردو بەپێی بەرنامەی کار، لەگفتوگۆکانیدا بڕیارە تاوتوێی ڕەوشی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بکات، ئەوەش لەسەر داواکاری ژمارەیەک پەرلەمانتار لەنێویاندا بەشێک لەئەندامانی فراکسیۆنە کوردستانیەکان.
- سێ ئۆتۆمبیلی هێزەکانی پێشمەرگە کەوتنە بۆسەی مەفرەزەیەکی چەکدارانی داعش لە میحوەری مەخمور بەو هۆیەوە پێشمەرگەیەک بە پلەی رائید شەهید بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

:Quick Respons Code

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 09:11:20 2016/09/24 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 251

**2016-09-25**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016092512331596569



- بەرپرسی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی ڕایگەیاند، لەگەڵ لایەنەکان کۆکن لەسەر ئەوەی خۆپیشاندان مافی مەدەنی هاوڵاتیانە، بەڵام خەڵکێک بیەوێ لەپەنای خۆپیشاندانەوە هەڵبکوتێتە سەر بارەگاکانی پارتی "ئەوە ڕاگەیاندنی شەڕەو دەستمان کراوە دەبێت".
- مامۆستایانی ناڕازیی لەبەردەم لقەکانی یەکێتی مامۆستایان لەهەولێر و سلێمانی و دهۆک کۆبونەوە و ناڕەزایی خۆیان نیشاندا بەرانبەر سیستەمی پاشەکەوتی موچە دۆخی مامۆستایان.
- تەرمی ژنێک ئەمرۆ لە قەزای کەلار بە کوژراوی لەماڵەکەی خۆیدا دۆزرایەوە، بەرێوەبەری توندوتیژی دژ بە ژنان دەڵێت ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن کە "کوژرابێت".
- لەبەرامبەر دواکەوتن و خەرجنەکردنی پارەی گەنمی جوتیاران و پێنەدانی چەکی پارەکانیان، ئەمرۆ ژمارەیەک لە جوتیارانی سنوری شارۆچکەی سەیدسادق گردبونەوەو ڕێگرییان کرد لەگواستنەوەی گەنمەکانیان بۆ سایلۆکانی باشورو ناوەڕاستی عێراق.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)

:Quick Respons Code

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 12:33:15 2016/09/25 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 252

**2016-09-26**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016092611001494029



- قایمقامیەتی سلێمانی مۆڵەتی بە دەستەی ناڕەزایی خەڵک و مامۆستایاندا بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان سبەینێ سێ شەممە لە 9 بۆ 12ی بەیانی لەبەردەم فەرمانگەی پەروەردە کە ماوەیەکە ئامادەکاریی بۆ دەکرێت.
- فەرمانبەرانی ژمارەیەک فەرمانگەی سلێمانی ئەمڕۆ بایکۆتی دەوامیان کردو بڕیارە ئەم هەفتەیە بەردەوام بن لەبایکۆتکردن.
- محەمەد موهدی ئەسڵان، هاوسەرۆکی شارەوانی هەزەخ لە لایەن دادگای تورکیاوە دەسگیرکرا.
- بەهۆی تەقینەوەی تەقینەوەی بۆمبێکەوە لە ناوچەی دێرکی سەربە پارێزگای مێردین-ی باکوری کوردستان دوو سەربازی تورک کوژران و هەشت-ی دیکەش برینداربوون.
- تۆپخانەکانی دەوڵەتی تورک تۆپبارانی گوندەکانی شارەدێی سیدەکان-ی سەر بە شارۆچکەی سۆران دەکەن.
- تەرمی 11 شەڕڤانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و یەکینەکانی پاراستنی ژنان (یەپەژە) کە لەکاتی هێرشی داعش بۆسەر کۆبانی شەهیدکرابوون لە شاری مەنبەج لەناو گۆڕێکدا دۆزرانەوە.
- گەریلانی پەکەکە هێرشیان کردەسەر بازگەیەکی سوپای تورکیا لەسەر ڕێگای نێوان شاری شرناخ و وان لەباکوری کوردستان، 6 سەرباز کوژران و سەربازێکیش برینداربوو.
- کاتژمێر 9:20 خولەکی ئەمشە و چەند فڕۆکەیەکی سوپای تورکیا بناری قەندیلیان بۆردومان کردوە، دەنگی بۆردوومانی فڕۆکەکانی تورکیا بە شێوەیەک بووە، کە خەڵکی ڕانیە و قەڵادزێ گوێیان لێ بووە.
- بەڕێوەبەری پەروەردەی مەخمور رایدەگەیەنێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە (300) مامۆستا و فەرمانبەری عەرەب، کە لەسەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی مەخموور بوون، دوورخستەوە.
- د. میران محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی سلێمانی ئەمڕۆ رایگەیاند، حکومەتی عێراق دەرمانی تاوەکو ساڵی 2018 بۆ دابینکردووین و حکومەتی هەرێمیش مانگانە بڕی ملیارێک و سەد هەزار دینارمان بۆ دابیندەکات بۆ کرینی دەرمان و پێداویستیەکانی تر.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| شار و شارۆچکەکان: | وان |
| شار و شارۆچکەکان: | شڕناخ |
| شار و شارۆچکەکان: | رانیە (پشدەر) |
| شار و شارۆچکەکان: | مەخموور |
| شار و شارۆچکەکان: | مابوک - مەنبەج |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و | ماردین |

شارۆچکەکان:

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▫ سۆران

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/09/26 11:00:14

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 253

**2016-09-27**

http://www.kurdipedia.org/?q=20160927090741196606



- بەهۆی قەیرانی ئابووری و نەبوونی مووچە، لە سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان خۆپیشاندان دەستپێکرد. خۆپیشاندانەکان بەگشتی هێمنانەبوون و کاری توندوتیژیی تێیاندا روویەدا.
- ئاوات حەسەن، ئەندامی دەستەی نارەزاییەکانی خەڵک لەشاری سلێمانی ئاشکرایکرد کە هێزە ئەمنیەکان چەند کەسێکیان دەستگیرکردووە، ئەوەش بەتۆمەتی ئەوەی گومانیان لێکراوە "کاری ئاژاوەگێری" بکەن.
- سەربازانی سوپای تورکیا شەوی رابردوو لەسەر سنورەکانی نێوان رۆژئاوا و باکوری کوردستان دوو منداڵیان شەهیدکرد و دایکی منداڵەکانیشیان بریندارکرد.
- بینای باڵەخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە شەقامی سالم لە شاری سلێمانی ئاگری گرت.
- فرۆکەکانی تورکیا بەچڕی ناوچەکانی شارۆچکەی ئامێدی لە دهۆک بۆردومان دەکەن، هەریەکە لە گوندەکانی ردێن و سارک، لە چیای گارە کەوتونەتەبەر ئەو هێرشانە. هەواڵەکانی نزیک لە پەکەکە رایدەگەیەنن کە فرۆکەیەکی ئێف 16ی تورک خراوەتەخوارەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▫ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▫ هەڵەبجە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▫ کەلار (گەرمیان)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▫ ئامێدی

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/09/27 09:07:41

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 254

## 2016-09-28

http://www.kurdipedia.org/?q=2016092813231296637



- موقەدەم ئەرشەد سەنعان سیتەی، سەر بە هێزەکانی پێشمەرگەی زێرەڤانی، لە ئەنجامی هێرشێکی داعش بۆ سەر خالەکانی پێشمەرگە لە میحوەری وانکێ شەهید بوو.
- تەرمی رۆژنامەنوسی کورد هاورێ کەریمی لە وڵاتی هیندستانەوە بۆ زێدی خۆی لە شارۆچکەی بانەی رۆژهەڵاتی کوردستان گەڕێندرایەوە و بەڕێورەسمێک بەخاک سپێردرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: بانە

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 13:23:12 2016/09/28

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 255

## 2016-09-29

http://www.kurdipedia.org/?q=2016092909490296647



- لە ناوچەی گەڤەر سەر بە پارێزگای هەکاری شەڕ لە نێوان هێزە ئەمنیەکانی تورکیا و گەریلاکانی پەکەکە رویدا و لە ئەنجامدا سێ پاسەوانی گوند کە پەکەکە بە "جەردەوان" ناویان دەبات کوژراون.
- پاش سێ مانگ، ئەمڕۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم کۆبووەوە. یەک لە تەوەرەکانی کۆبوونەوەکە قەیرانی ئابووری و دابەشکردنی مووچەیە.
- شاندێکی باڵای هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی مەسعود بارزانی نیوەڕۆی ئەمڕۆ گەیشتە بەغدا، بۆ ئەنجامدانی کۆبونەوە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای عیراق.
- مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەشت زانکۆ و دەستە لەهەرێمی کوردستان ئەمڕۆ گردبونەوەی ناڕەزاییان ئەنجامداو داوایانکرد گۆڕانکاری لە پاشەکەوتی موچەدا بکرێت و جەختیانکردەوە بەم جۆرەی ئێستا ناتوانن بەردەوامی بە خوێندن بدەن.
- کۆنسوڵی وڵاتی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان سەردانی ماڵی وەدات حسێن، رۆژنامەنووسی تیرۆرکراوی ئاژانسی رۆژنیوزی کرد و داوای کرد، لێکۆڵینەوە لە و تیرۆرە بکرێت و بکەران بدۆزرێنەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: گەڤەر

شار و شارۆچکەکان: IQ بەغداد

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 09:49:02 2016/09/29
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 256
**2016-09-30**
http://www.kurdipedia.org/?q=20160930091153966659



- پۆلیسی سلێمانی رایدەگەیەنێت، شەوی ڕابردوو تیمەکانیان نارنجۆکێکیان لەژێر ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیەکدا هەڵگرتووەتەوە، دوای ئەوەی لەلایەن دوو کەسەوە کە ماتۆرسکیلێکیان پێبووە بۆ تەقاندنەوەی دانراوە، بەڵام تائێستاش کەس دەستگیرنەکراوە.
- چەتەکانی هاوپەیمانی نیشتمانی سوریا بە هاوان و چەکی قورس هێرشیان کردە سەر گەڕەکی شێخ مەقسودی کوردنشینی حەلەب، بەگوێرەی زانیاریە سەرەتاییەکان تا ئێستا 10 تۆپی هاوانیان هاویشتوەتە سەر گەڕەکەکە.
- پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی ڕایگەیاند، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری داوە بری 6 ملیار دینار بۆ مامۆستایان دابین بکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: SY حەڵەب
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 09:11:53 2016/09/30
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 257
**2016-10-01**
http://www.kurdipedia.org/?q=2016100110342696709



- پارێزگاری ئامەد لە باکوری کوردستان قەدەغەی هاتوچۆی لە 13 ناوچە ڕاگەیاند، بەهۆی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە).
- مامۆستایانی ناڕەزایی لەسلێمانی و گەرمیان ئەمرۆ شەممە "زەنگی بایکۆت"ی خوێندنیان لێداو جەختدەکەنەوە کە تا داواکارییەکانیان جێبەجێنەکرێت لەبایکۆت بەردەوام دەبن.
- زەنگی سەریساڵی نوێی خوێندن ئەمڕۆ لەهەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک لێدرا.
- دیداری چەتری ئاشتی پێنج لایەنە سیاسییەکەی هەرێمی کوردستان لەشاری هەڵەبجە کێشەی تێکەوت کاتێک نوێنەری زۆربەی لایەنەکان ئامادە نەبوون و بەهۆیەوە دیبەیتەکە ئەنجام نەدرا. دیبەیتەکە کەلەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یەوە ئامادەکاریی بۆ کرابوو بڕیاربوو ئەمڕۆ لە مۆنۆمێنتی هەڵەبجە بەڕێوەبچێت، بەڵام بەهۆی ئامادەنەبونی نوێنەرانی پێنج حزبەکەس سەرەکییەکە لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی دیبەیتەکە ئەنجام نەدراو ڕێگە بەپەرلەمانتارانی ئە و حزبانە نەدرا لەجیاتی بەرپرسانی باڵای حزبەکانیان قسە بکەن.
- بۆردومانی چڕی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بۆ سەر مۆڵگەکانی داعش لەناو شاری موسڵ دەستیپێکردووە، ئەوەش لەچوارچێوەی ئامادەکارییەکانە بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنی ئە و شارە.
- شازدەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بۆ تاوتوێکردنی کێشەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان و پرسی یەکێتی نەتەوەیی کورد لە برۆکسل دەستی بە کارەکانی خۆی کرد، ئەم کۆنگرەیە بە ئامادەبوونی 250 نوێنەر لە حزب و لایەنە سیاسییەکان و هەروەها کەسایەتییەکان لە چوارپارچەی کوردستان دەستیپێکرد، وا بڕیارە دوو ڕۆژ بەردەوام بێ.
- هێزەکانی پارستنی گەل هەپەگە ڕایگەیاند، لەسەر ڕێگەی نێوان شارەکانی وان و جولەمێرگ لە باکوری کوردستان حەوت سەربازی سوپای تورکیا کوژراون.
- پەرلەمانی تورکیا، ئەمڕۆ مۆڵەتی ڕێگەدان بەهێزەکانی سوپای وڵاتەی بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لەناو خاکی عیراقو سوریا بۆ ماوەی ساڵێکی تر درێژکردەوە.
- لە ئەنجامی هێرشێکی پەکەکە لە نزیک شارۆچکەی چەلێ سەر بە شاری هەکاری لە باکوری کوردستان سەربازێکی تورکیا کوژرا و پێنچ سەربازی دیکەش بریندابوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: □ هەکاری

شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

شار و شارۆچکەکان: □ هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: □ موسڵ و دەشتی نەینەوا

شار و شارۆچکەکان: □ وان

شار و شارۆچکەکان: □ جوڵەمێرگ

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/10/01 10:34:26

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 258

**2016-10-02**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161002123619967445

- بەهۆی شەڕی نێوان دوو بنەماڵەوە نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە شارۆچکەی سەیدسادق چەند کەسێک بریندار بوون.
- هاوسەرۆکانی شارەوانی شارۆچکەی دەپ سەر بە پارێزگای ئەلعەزیز لە باکوری کوردستان دەستگیر کران.
- دوو فەرمانبەری فەرمانگەی ڕێگەوبانی دهۆک لە شنگال کوژران.
- ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە ڕایگەیاند: لە شەڕ و پێکدادانەکانی چوار ڕۆژی ڕابردوودا 15 سەربازی سوپای تورکیا کوژراون، بەڵام پێنج گەریلاش گیانیان لەدەستداوە.
- بەهۆی کەوتنەخوارەوەو تەقینەوەی فڕۆکەیەکی سیخوریی داعش، نیوەڕۆی ئەمڕۆ لەمیحورەی ئاسکی موسڵ، دوو پێشمەرگە شەهیدبوون و دووانی دیکەش برینداربوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا

شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)

شار و شارۆچکەکان: ئەلعەزیز

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: شنگال

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/10/02 12:36:19

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 259

**2016-10-03**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161003125421196778

- بۆمبێکی چێنراو بەیانی ئەمڕۆ بە ئۆتۆمبیلێکی سەربازی تورکیا تەقیەوە و بەهۆیەوە دوو سەرباز کوژران و سەربازێکی دیکە بریندار بوو.
تەقینەوەکە لە نزیک گوندی کامیشلی ناوچەی داغلیجا سەر بە ناوچەی گەڤەر لە هەکاری روویداوە، بەپێی پێگەی حورییەتی تورکی.
- کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان لەقەزای چەمچەماڵ گردبوونەوە دژی دواکەوتنی موچەکانیان.
- بۆجارێکیتر خاوەنی نانەواخانە و سەمونخانەکانی شاری هەولێر گردبوونەوەیان ئەنجامدا و داوادەکەن سوتەمەنی پێویستیان بۆ دابین بکرێت.
- دوای ئەوەی دوێنێ کۆمپانیای فەڕەنسی یوتەلسات، لەسەر داواکاری دەوڵەتی تورکیا داوای راگیرانی پەخشی کەناڵی تەلەڤزیۆنی مەد نوچەی کردبوو، پەخشی کەناڵی مەدنوچە ئەمڕۆ کاتژمێر 10:00 راگیرا.
- کاتژمێر 12:30 خولەکی نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لەسەر ڕێگای دەربەندیخان - وارماوا ئەمبولانسێکی بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەی دەربەندیخان لە کاتی گواستنەوەی نەخۆش بۆ فریاکەوتنی سلێمانی وەرگەڕا و لە ئەنجامدا نەخۆشەکە و یاوەرەکەی گیانیان لەدەستدا.
- دوو چەکداری نەناسراو هێرشیان کردە سەر نوسینگەیەکی ئاڵوگۆری دراو و دوای دزینی پرێکی زۆر پارە سێ کەسیش بریندار دەکەن.
- رێکخراوی تیرۆریستی داعش بەرپرسیارێتی خۆی لە ئەنجامدانی ئەو تەقینەوە خۆکوژییە راگەیاند کە ئەم ئێوارەیە لە هۆڵێکی بۆنەکاندا ئەنجامدرا و بەوهۆیەوە 15 هاوڵاتی گیانیانلەدەستدا.
- ئەمشە و کاتژمێر 9:45 کوری جێگری پێشووتری سەرۆک وەزیرانی عێراق (عبد موتلەگ جبوری) لە لایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە لە باشوری شاری کەرکوک تیرۆر کرا. کوژراوەکە ناوی (ئەحمەد عبد موتلەگ جبوری) کە سەرۆکی دەستەی میکانیک بووە لە کۆمپانیای نەوتی باکور.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: حەسەکە

شار و شارۆچکەکان: گەڤەر

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 12:54:21 2016/10/03

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 260

**2016-10-04**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161004123857967889



- ژمارەیەک لە دانیشتوانی شاری مەریوان سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دژی هاتوچۆی تەنکەرە نەوت هەڵگرەکانی هەرێمی کوردستان گردبونەوەیەکی ناڕەزاییان لە بەردەم قایمقامیەتی ئەو شارە ڕێکخست.
- سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، دەزگا پەیوەندیدارەکان لە ئامادەباشیی تەواودان بۆ یارمەتیدانی برینداران و گەیاندنی هاوکاریی پزیشکی و تەندروستی بۆ لێقەوماوانی تەقینەوەکەی رۆژی 03-10-2016ی حەسەکە.
- سەرجەم شارەوانیەکانی گەرمیان ئەمڕۆ سێشەممە بایکۆتی دەوامیان راگەیاند و دەرگای فەرمانگەکانیان داخست تاوەکو ئەو کاتەی حکومەت وەڵامی داواکانیان دەداتەوە.
- ژمارەی ئەو کەسانەی شەوی رابردوو لە تەقینەوەیەکدا لەحەسەکە گیانیان لەدەستدا گەیشتە 30 کەس و ژمارەی بریندارانیش بۆ 90 کەس بەرزبووەوە.
- ماڵپەرو پێگەکانی داعش بڵاویانکردەوە کە ئەو کەسەی شەوی رابردوو لەئاهەنگێکدا لەحەسەکەی رۆژئاوای کوردستان خۆی تەقاندەوە ناوی "ئەبو بەراء ئەنساری"یە.
- پەرەی چاکسازی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق داوای دەرکردنی باڵوێزی تورکیا و پچڕاندنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا دەکەن.
- ماڵپەری بی بی سی تورکی بڵاویکردەوە کە هێزە ئەمنیەکانی تورکیا لەناوچەی ئەیوپ لەشاری ئیستانبۆل هەڵیانکوتایە سەر کەناڵی ئاسمانی ئیمەجە تیڤی (IMCtv) کە نزیکە لەلایەنە کوردییەکان و پەخشی راستەوخۆی کەناڵەکەیان وەستاند. لەهەمانکاتدا هەڵیانکوتایە سەر بینای کەناڵی حەیاتن سەسی تیڤی (Hayatin sesi tv) و پەخشەکەی لەلایەن پۆلیسەوە وەستێنراوە.
- بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی، بڕیاریاندا دەرگای خوێندنگەکانیان نەکرێتەوە تاوەکو داواکاریەکانی مامۆستایان بۆ گۆرانکاری لەپاشەکەوتی موچە و پێدانی شایستە داراییەکانیان جێبەجێدەکرێت، جەختیش لەوەدەکەنەوە هیچ کەسێک بەهۆی بایکۆتەوە لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکرێت.
- حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق جەختیکردەوە کە گفتوگۆکان لەنێوان هەرێم و بەغدا بۆ چارەسەری کێشەکانی بەردەوام دەبن، بەڵام بەتەنیا یەک دانیشتن و دوان کۆتایی نایەت.
- لەهێرشێکدا بۆ سەر بنکەیەکی سوپای تورکیا لەشاری ئامەد سەربازێک کوژراو دوانی دیکەش برینداربوون، ئاژانسی ئەنادۆڵی نزیک لەحکومەتی ئەو وڵاتەش پەکەکە بەئەنجامدانی ئەو هێرشە تۆمەتبار دەکات.
- فەرماندەی هێزی زەمینی سوپای پاسداران کوژرانی 12 ئەندامی گروپێکی چەکدار لەڕوبەڕوبونەوەیەکدا لەسنووری کرماشان رادەگەیەنێت بەبێ ئاشکراکردنی ناسنامەکانیان، ئەوەش لەکاتێکدایە حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کەچەند مانگێکە لەسەر سنوور چالاکی دەکەن، دەڵێن "ئێمە ئەمڕۆ هیچ پێشمەرگەیەکمان شەهید نەبووە".
- لەو چوار بریندارەی تەقینەوەکەی حەسەکە کە ئەمڕۆ گەیەنرانە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی دهۆک، یەکێکیان گیانی لەدەستدا کە منداڵێکی تەمەن چوار مانگە.
- ئێوارەی ئەمڕۆ لەگەڕەکی سەربازی، دوو گەنجی کورد لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە و بەهۆی خێرایی لێخورینەوە تەقەیان بەسەردادەکرێت و وەردەگەڕین بەهۆیەوە و گیانلەدەستدەدەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ☐ حەسەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ☐ مەریوان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ☐ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ☐ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ☐ کرماشان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ☐ خورماتوو
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 12:38:57 2016/10/04
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 261
## 2016-10-05
http://www.kurdipedia.org/?q=20161005103704811190
- سەربازێکی تورکیا درەنگانی شەوی رابردوو کوژرا، بەهۆی هێرشی گەریلاکانی پەکەکە بۆ سەر بنکەیەکی سەربازی سوپای ئە و وڵاتە لەنێوان ماردین و پیرانشار سەر بە ئورفە، ئەوەش بەپێی ئاژانسی دۆغانی تورکی.
- لەڕووبەڕووبونەوەیەکی چەکدارییدا لەکەرکوک، سێ چەکدار کوژران کە ئاسایشی کەرکوک بە "داعش" دەیاناسێنێت، لەگەڵ کوژرانی هەواڵدەرێکی نهێنی پۆلیس لەدرەنگانێکی شەوی رابردوو.
- بە مەبەستی فشاردروستکردن بۆ هەرچی زووتر ئاشکراکردنی ئەنجامی لیکۆڵینەوەکان لەبارەی ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییەی ناو زیندانەکەیان و کۆتاییهێنان بە گۆشەگیرکردنیان، زیندانیانی زیندانی شرناخ مانیان لە خواردن گرت.
- پاش داواکاری ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، وەزارەتی دەرەوەی عێراق باڵوێزی تورکیای لە عیراق بانگهێشت کرد و لە هەمان کاتیشدا، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لەبەرامبەر یاداشتەکەی پەرلەمانی عیراق و وەسفکردنی تورکیا بەداگیرکەر باڵوێزی ئە و وڵاتە بانگهێشت دەکات.
- بەشێک لە مامۆستایانی کۆیە و تەقتەق بایکۆتی خوێندنیان کرد و لە گردبوونەوەیەکیشدا لەبەردەم پەروەردەی کۆیە داوای پێداچوونەوە بە موچەکانیان و کەمکردنەوەی پاشەکەوتیان دەکەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ☐ شرناخ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ☐ کۆیە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ☐ ماردین
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 10:37:04 2016/10/05

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 262

**2016-10-06**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161006095306815



- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا جەختدەکاتەوە لەکاتێکدا پشتگیری لە سوریایەکی یەکگرتووی دیموکراتی دەکات، لەگەڵ ئەوەدا نییە گروپەکان سیستەمی تایبەت بە خۆیان یان هەرێمی ئەمری واقع دروستبکەن، ئەوەش لە وەڵامی نیازی پەیەدەدا بۆ ڕاگەیاندنی سیستەمی فیدراڵی لە ڕۆژئاوای کوردستان.
- مامۆستایان و فەرمانبەرانی ناڕازیی لەسلێمانی ئەمڕۆ جارێکی تر خۆپیشاندانیان دەستپێکردەوە، دژی دواکەوتنی موچە و سیستەمی پاشەکەوت.
- وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، ئە و هێزە تورکیەی لە ناوچەی باشیک لە باشوری موسڵ جێگیرکراون، بە ئاگاداریی و ڕەزامەندیی وەزیری بەرگری و حکومەتی عێراق بووە و حکومەتی هەرێمیش ئاسانکاری بۆ ئەو پرۆسەیە کردووە.
- دادگای تورکیا، حافیزە ئیپەک هاوسەرۆکی پارتی هەرێمەکانی دیموکرات (دەبەپە)ی بەساڵێک و پێنج مانگ حوکمدا، ئەوەش بەتۆمەتی "بانگەشەی تیرۆر".
- بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی سنوری قەزای چەمچەماڵ، بڕیاریاندا بەردەوامی بەبایکۆت بدەن و لەقۆناغەکانی داهاتووی هەڵوێستەکانیشیاندا، دەستلەکارکێشانەوەی بەکۆمەڵ رادەستی پەروەردە بکەن ئەگەر داواکارییەکانیان جێبەجێنەکرێت.
- دەستەی داکۆکی لەزانکۆ و پەیمانگاکان ئەمڕۆ پێنجشەممە لەسلێمانی راگەیەندرا، لەیەکەم بانگەوازیشیاندا داوای ئەنجامدانی خۆپیشاندانی سەرتاسەری دەکەن لەهەفتەی داهاتوودا، بەبەشداری مامۆستایان و فەرمانبەران و خوێندکاران.
- تەرمی 20 هاوڵاتی شەهیدی تەقینەوەی حەسەکە بە بەشداری هەزاران کەس بە مراسیمێکی بە شکۆ لە گۆرستانی گوندی شەرچی حەسەکە بەخاک سپێردارابن.
- لە کاتژمێر 8:00ی ئەمشەو، فڕۆکە جەنگییەکانە تورکیا بۆردومانی چیای قەندیل و گوندەکانی بینای ئەو چیایە دەکەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | چەمچەماڵ |
| Quick Respons Code: | |

کاتی تۆمارکردن: 2016/10/06 09:53:06

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 263

## 2016-10-07

http://www.kurdipedia.org/?q=20161007083115968 28

- حکومەتی عیراق داوای کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بەنەتەوەیکگرتووەکان کرد، بەمەبەستی تاوتوێکردنی بوونی سەربازی تورکیا لەسەر خاکی عیراق.
- ناڕەزاییەکان لە شارۆچکەی مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی کەمتەرخەمی بەرپرسان و تێکدانی ڕێگەی مەریوان سنە، بەهۆی ئەو تانکەرە نەوتانەی لە هەرێمی کوردستانەوە و بە مەریواندا دەڕۆن بۆ ئێران بەردەوامە و بە پێی پەیجی فەرمی خۆپیشاندەرانیش 13 کەس دەستبەسەر کراون.
- ئاژانسی هەواڵی فورات نیوزی نزیک لە پارتی کرێکارانی کوردستان بڵاویکردەوە، شەوی ڕابردوو فڕۆکەیەکی جەنگی تورکیا لە جۆری ئێف 16 لە ناوچەی چیای قەندیل لە باشوری کوردستان کەوتەخوارەوە.
- تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان، یەکەمین کۆنفرانسی خۆی لە شارەزوور دەستپێکرد.
- گروپی هەڵۆکانی ئازادی کوردستان ئەمڕۆ هەینی بەرپرسیارێتی خۆی لە تەقینەوەکەی شاری ئیستەنبوڵی ڕاگەیاند کە ڕۆژی پێنجشەممە لە نزێک بنکەیەکی پۆلیس ڕوویدا. بەهۆی تەقینەوەکەوە لانیکەم 10 کەس بریندابوون کە برینی ژمارەیەکیان سەخت بوو.
- لە کەرکوک هێزەکانی پێشمەرگە بەچەکی قورس گردبونەوەیەکی چەکدارانی داعش دەکاتە ئامانج، فەرماندەیەکی باڵای پێشمەرگەش ڕایدەگەینێت" داعش کوژراو و بریندار هەیە".

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)

شار و شارۆچکەکان: TR ئەستەمبوڵ

شار و شارۆچکەکان: مەریوان

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/10/07 08:31:15

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 264

## 2016-10-08

http://www.kurdipedia.org/?q=20161008095433968 47

- یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ڕایگەیاند، بەهۆی بایکۆتی دەوام لەلایەن نزیکەی 47 هەزار مامۆستاوە دەرگای سێ هەزار قوتابخانە هەفتەیەکە داخراوە، بەهۆیەوە 700 هەزار خوێندکار لەخوێندن دابڕاون.
- کۆمەڵێک لە چالاکوانانی مەدەنی شارۆچکەی بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی کوشتنی کۆڵبەران و کاسبکاران لە سەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان کەمپەینێکیان دروستکردوە و داوایان لە هاوڵاتیانی شارۆچکەی بانە کردوە، کە ئەمڕۆ دوکان و بازار دابخەن.

- چەتەکانی هاوپەیمانی نیشتمانی سوریا گەڕەکی شێخ مەقسود لە شاری حەلەب بە سەختی تۆپباران دەکەن و هەتا ئێستا سێ کەس شەهیدبوون و چوار کەسیش بە سەختی بریندارببوون.
- ئۆتۆمبێلە زرێپۆشەکانی پۆلیسی تورکیا لە ناوەندی بازاری شارۆچکەی گەڤەر دەستڕێژی گوللەیان بەسەر هاوڵاتیاندا کرد و لە ئەنجامدا چوار هاوڵاتیان کوشت.
- جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی شارەوانییەکانی جیهان بۆ ئاشتی، ئاشکرایکرد کە هەریەکە لەشارەوانییەکانی کۆبانێ لە ڕۆژئاوای کوردستان و شارەوانی شەنگال لە باشوری کوردستان دەبنە ئەندامی یەکێتی شارەوانییەکانی جیهان بۆ ئاشتی ئەوەش گرنگی خۆی دەبێت لە بەنێو دەوڵەتیکردنی ئەو تاوانانەی کە لەو دوو شارە کوردییە ئەنجامدراون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ بانە

🏙 شار و شارۆچکەکان: SY حەڵەب

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ گەڤەڕ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ کۆبانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ شنگال

Quick Respons Code:


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 09:54:33 2016/10/08 |
| ناوی تۆمارکار: | هاورێ باخەوان |

---

بابەت: 265

## 2016-10-09

http://www.kurdipedia.org/?q=2016100909210396867




- شەوی ڕابردوو، بەهۆی تەقینەوەی دوو بۆمبی چێندراوەوە لەنێوان خورماتوو و تکریت بەئۆتۆمبێلێک و هەمەرێکی پێشمەرگەدا دوو پێشمەرگە بریندارببوون.
- هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) ڕایگەیاند کە لە ئەنجامی ئەو شەڕانەی کە لە ئاگری، وان و جۆلەمێرگ ڕوویداوە، لانی کەم 32 سەرباز لە سوپای تورک کوژراون.
- پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئەم دۆخەی ئێستا تێدەپەڕێت و "سەروەری" بۆ ئەو مامۆستایانە دەمێنێتەوە کە لەم دۆخەدا قوتابخانەکانیان جێ نەهێشت، لە ئاماژەکیدا بۆ بایکۆتی دەوام لەلایەن مامۆستایانەوە لەسنوری سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕین.
- کۆمپانیای یوتەلساتی فەرەنسی دوای داخستنی تەلەفزیۆنی مەد نوچە لەسەر مانگی دەسکردی هۆتبێرد، بڕیاری داخستنی نەورۆزتیڤی-یشی لەسەر هۆتبێرد دا.
- ژمارەیی کوژراوانی تەقینەوەکەی ئەمڕۆی شەمزینان بۆ 10 سەرباز و 8 هاوڵاتی مەدەنی و بریندارببوونی 27ی دیکە بەرزبوەوە، پەکەکەش بەرپرسیارێتی خۆی لەئەنجامدانی تەقینەوەکە گرتە ئەستۆ.
- سکرتێری لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسان لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان لە دژی داخستنی کەناڵە کوردیەکان لە تورکیا و ئەوروپا دەوەستێتەوە ڕایدەگەیەنێت لە باشوری کوردستان خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن.

- هەرچەندە بڕیاربوو ئێوارەی ئەمڕۆ بۆ شەرمەزارکردنی پیلانگێری 9ی ئۆکتۆبەر لەسەر عەبدوڵڵا ئۆجالان رێبەری پەکەکە، رێپێوانێکی جەماوەری ئەنجام بدرێت، بەڵام ئاسایشی کەلار بەبیانووی پاراستنی ئەمنییەتی شار، رێگەی نەدا رێپێوانەکە ئەنجام بدرێت و تەنها رێگەی بە گردبونەوە دا.
- سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوەدەکات داهاتی فرۆشی نەوتی مانگی ڕابردوو کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بڵاوی کردوەتەوە ناشەفافە، چونکە نازانرێت پارەی قەرز دراوە بە کێ و لەبەرامبەر چی بووە.
- لەئەنجامی تۆپبارانکردنی مۆڵگەکانی داعش لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەمیحوەری ناوەران، 20 چەکداری ئەو رێکخراوە تیرۆریستیە کوژران و گەورەترین تۆنێلی چەک و تەقەمەنیش لەناو برا، بەوتەی بەرپرسێکی هێزەکانی پێشمەرگە.
- کاتژمێر 11:30 خولەکی شەو، شەڕە تەقە لەنێوان ژمارەیەک چەکدار لەسەهۆڵەکەی شاری سلێمانی روویداو بەهۆیەوە چوار کەس بریندار بوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 09:21:03 2016/10/09
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 266
**2016-10-10**
http://www.kurdipedia.org/?q=2016101009554594004



- پرۆسەی بەئەلیکترۆنیکردنی موچە لەهەرێمی کوردستان ئەمڕۆ دەستپێکرد، کە ئامانج لێی نەهێشتنی بندیوار و ناوی دووبارە و دوو موچەیە، جێگری سەرۆکی حکومەتیش رایگەیاند دەیانەوێت لەئایندەدا پاشەکەوتی موچە وەکو رەسید بدرێتەوە بەفەرمانبەران.
- مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی لەبەردەم کەمپی نوێی زانکۆ خۆپیشاندانیان ئەنجامداو داوایان کرد بەزوترین کات حکومەت چاو بەسیستمی پاشەکەوتی موچەدا بخشێنێتەوە، هەروەها داوای دورخستنەوەی دەستی حزب دەکەن لەزانکۆکاندا.
- سەرۆکی فراکسیۆنی هەولێری تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت، سوپای تورکیا مافی خۆیەتی بەشداری پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ بکات و هەڵوێستی پێنج فراکسیۆنەکەش بە عێراقییانە دەزانێت.
- ئایدن موشتو جێگری سەرۆکی پارتی دادو گەشەپێدانی دەسەڵاتدار لە تورکیا (ئەکەپە) لە ناوچەی ئۆزالپ سەر بە پارێزگای وان شەوی رابردوو لە بەردەم ماڵەکەیدا کوژرا.
- پاش وەڵامنەدانەوەی داخوازیەکانیان و وەک دروستکردنی فشارێکی زیاتر لەسەر حکومەت، بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی شارەزوور دەستیان بە کۆکردنەوەی واژۆکرد بۆ دەستلەکارکێشانەوەی بەکۆمەڵ و هەر ئەمڕۆش 26 بەڕێوەبەر و یاریدەدەر واژۆی یاداشتەکەیان کرد.
- لەشاری کەرکوک ژمارەیەک جوتیار بەهۆی درەنگ خەرجکردنی پارەی چەکە بانکیەکانیان لەبەردەم بانکی زێری رەش گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان رێکخست، بەڕێوەبەری سایلۆی شارەکەش رایدەگەیەنێت "بانکەکە تواناى خەرجکردنی چەکی پارەی جوتیارانی نییە لە رۆژێکدا".
- لەناوچەی سیلڤان سەر بە پارێزگای ئامەد لە ئەنجامی هێرشێکی گەریلاکانی پەکەکە سەربازێکی تورکیا کوژرا و 5 سەربازیش برینداربوون.
- رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی رایدەگەیەنێت ژنان و کچانی ئێزدی رزگاربووی دەستی داعش لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە فەرامۆش کراون و داوای بەدەمەوەچوون و هاوکاریی ماددی و مەعنەوی زیاتر بۆ ئەو ژنانە دەکات.
- یەکێتی مامۆستایان لقی سلێمانی، هەڕەشەی بەفشار داخستنی خوێندنگە و پەیمانگە ئەهلییەکانی سنووری لقەکە دەکات، ئەگەر دەرگاکانیان دانەخەن، ئەوەش لەپێناو ئەوەی جیاوازی چینایەتی دروستنەبێت.
- ئاژانسی فارس نیوزی نزیک لە سوپای پاسداران بڵاویکردووەتەوە، کەمێک لەمەوبەر فڕۆکەیەکی سوپای پاسداران کە تایبەت بووە بە کاری چاودێریکردن لە ڕۆژهەڵاتی ئێران لە کاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی تایبەتدا بەرە کێبڵی کارەبا کەوتووە و تێکشکاوە.
- بەهۆی خواردنی کەلانەوە، 12 کەس لە شاری مەریوانی ڕۆژهەلاتی کوردستان ژەهەرواى بوون ڕەوانەی نەخۆشخانە کران.
- لەسەر سکاڵای داواکاری گشتی قەزای ڕانیە لە ئێستادا سەرۆکی شارەوانی ناحیەی حاجیاوا و سەرۆک شارەوانی پێشووی ناحیەی چوارقورنەی سەربەقەزای ڕانیە دەستبەسەرکراون. دەستبەسەرکردنی ئەو دوو سەرۆک شارەوانییە لەسەر دۆسیەی بەفیڕۆدانی موڵک و سامانی گشتییە، و یەکێک لەو سەرۆک شارەوانیانە ماوەی چەند ساڵێکە لەسەر بە فیڕۆدانی موڵک و سامانی گشتی سکاڵای لەسەر تۆمارکراوە.
- قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە شارۆچکەی فارقین راگەیەندرا.
- بریندارێکی تەقینەوەکەی ڕۆژی 03-10-2016ی شاری حەسەکە بەناوی رابرین فاتمی 24 ساڵ بەهۆی سەختی برینەکەیەوە لە نەخۆشخانەی شەهد خەبات لە قامیشلۆ گیانی لەدەستدا. بەهۆی

تەقینەوەکەی حەسەکەوە تائێستا 35 هاوڵاتی مەدەنی گیانیان لەدەستداوە و 90 کەسی دیکەش بریندار بوون.
- ئەنجومەنی ئەوروپا خەڵاتی (ڤاتسلاف هاڤێلی) بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەخشییە کچە رزگاربووی دەستی داعش، نادیا موراد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ مەریوان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ رانیە (پشدەر)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ فارقین - سلیڤان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ حەسەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ سەیدسادق (شارەزوور)
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/10/10 09:55:45
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 267

**2016-10-11**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161011093345657

- چەتەکانی داعش شەوی ڕابردوو کاتژمێر 11:30 بە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو هێرشیان کردەسەر خاڵی شەڕڤانانی ئەنجومەنی سەربازی منبیج لە گوندی دەندەنێ کە دەکەوێتە باکوری شاری منبیج، ئەو هێرشە لەلایەن شەڕڤانان وەڵام درایەوەو شەڕوپێکداداان ڕوویدا، لە ئەنجامدا دوو چەتەی داعش کوژران و ئۆتۆمبێلێکی دۆشکە لەسەرو ئۆتۆمبێلێکی دیکەی بۆمبڕێژکراو تێکشکێندرا.
- فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چەمچەماڵ گردبوونەوە بایکۆتی دەوامیان ڕاگەیاند و دەڵێن "ئەگەر حکومەتی هەرێم داوکانمان جێبەجێ نەکات، پەنا دەبەینە بەر حکومەتی ناوەند".
- سەرۆکی لیژنەی بەدواداچون و وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتیەکان لەحکومەتی هەرێم ئاشکرایدەکات، بەبەڵگەوە وەڵامی راپۆرتێکی ئاژانسی رۆیتەرز دەدەنەوە کە تێیدا هێزەکانی پێشمەرگەی تۆمەتبارکردووە بەوەی، بەدەرکردنی خەڵکی عەرەب ناوچەکانی ژێر دەستی خۆیان فراوانتر کردووە.
- ئەندامێکی بۆردی دەزگای ستاندەر ئاشکرایدەکات، بەرپرسانی ئاسایشی هەولێر لە ڕێگەی وەزارەتی رۆشنبیرییەوە ڕێگەیان نەداوە، کۆنفراسێک بۆ هەر پێنج لایەنە سیاسییەکە ئەنجامبدرێت، بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێریش رەتیدەکاتەوە ڕێگرییان لە ئەنجامدانی کۆنفراسەکە کردبێت.
- شەوی رابردوو خۆکوژێکی داعش لەگوندی ماشی خۆی تەقاندەوە کە 27 کیلۆمەتر لە باشوری مەنبەج دوورە و لەژێر کۆنترۆڵی ئەنجومەنی سەربازی مەنبەج-دایە و لەئەنجامدا زیاتر لە 10 کەسی مەدەنی گیانیان لە دەستداوە و زیاتر لە 20 کەسیش برینداربوون".
- پۆلیسی تورکیا ئەمڕۆ زیاتر لە 55 ئەندامی دەبەپەو هەدەپەی دەستگیرکرد کە لەنێوانیاندا

هاوسەرۆکی شار و ناوچەکانی ئامەد هەن.
- پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بەرپرسیارێتیی خۆی لە کوژرانی بەرپرسێکی ئاکەپە لەناوچەی لیجەی ئامەد ڕاگەیاند.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: مابوک - مەنبەج

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/10/11 09:33:45

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 268

**2016-10-12**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161012131930096913



- ناڕەزاییەکان لە کۆیە بەردەوامە و خەڵکانێک دروشمی عەرەبی و گەڕانەوە بۆ ئێراقیان بەرزکردەوە.
- فراکسیونی بەدر لە پەرلەمانی عیراق بە سەرۆکایەتی هادی ئەلعامری هۆشداری دەداتە تورکیاو جەختدەکاتەوە، ئەگەر ئە و وڵاتە هێزەکانی لە خاکی عیراق نەکشێنێتەوە، "تەرمەکانیان" بەرەو تورکیا دەنێرنەوە.
- سوپای تورکیا هێزێکی زۆر کە تانک و زرێپۆش و چەکی قورسی پێیە بەرەو سنوری عیراق جوڵاندووە و بەشێکی لە دەروازەی سنوری خابور (ئیبراهیم خەلیل) جێگیرکردووە.
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک بۆردوومانی هەرێمی زاپ و هەرێمی ئاوەشین-ی سەر بە هەرێمەکانی پاراستنی مەدیا دەکەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: زاخۆ

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/10/12 13:19:30

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 269

## 2016-10-13

http://www.kurdipedia.org/?q=20161013100739969938

- هەردوو وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عیراق ڕێککەوتنێکیان واژۆکرد بەئامانجی هەماهەنگی لەبارەی ئە و کەسانەوە کە چاوەڕواندەکرێت لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی موسڵ ئاوارە بن.
- لە شاری ئامەدی باکوری کوردستان هێزە ئەمنیەکانی تورکیا هەڵیانکوتایە سەر بارەگاکانی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) و پارتی هەرێمەکانی دیموکرات (دەبەپە).
- بەرپرسی ڕاگەیاندنی ناحیەی تەقتەق ڕایدەگەیەنێت، شەوی ڕابردوو، دوو هێلیکۆپتەری نەناسراو (11) فیشەک بە ئاراستەی باخی بەڕێوەبەری ئاسایشی تەقتەق دەتەقێنن، بەڵام هیچ زیانێکی بەدواوە نەبووە.
- هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە)، تەقاندنەوەی تانکێکی سەربازی و تێکشکاندنی فڕۆکەیەکی تورکیای ڕاگەیاند، ئەوەش لەئەنجامی دوو کردەوەی هێزەکانیاندا لەناوچەی گەڤەری سەر بەهەکاری لەباکوری کوردستان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: ☐ گەڤەر

شار و شارۆچکەکان: ☐ موسڵ و دەشتی نەینەوا

شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

شار و شارۆچکەکان: ☐ کۆیە

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 10:07:39 2016/10/13

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 270

## 2016-10-14

http://www.kurdipedia.org/?q=20161014095221969494

- جێگری پارێزگاری کەرکوک بۆ کاروباری هونەری ڕایدەگەیەنێت، سەرەڕای نەبوونی بودجە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، بەڵام بەمنزیکانە 33 بینای قوتابخانە تەواودەبێت.
- حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عیراق، گەیشتە شاری کەرکوک و بڕیارە دوو تەوەری سەرەکی لەگەڵ ئیدارەی پارێزگاکە و وەفدێکی باڵای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان تاوتوێ بکات، ئەوانیش پرسی شەڕی حەویجە و نەوتی پارێزگاکەیە.
- لە ناوچەی گارێی شارۆچکەی شەمزینانی سەر بە جولەمێرگ لە باکوری کوردستان، کاتێک ئۆتۆمبێلێکی سەربازی لە نزیک بارەگای سەربازی تەکەلیەوە تێدەپەڕی بۆمبێکی پێدا تەقیەوە، پاش تەقینەوەکە ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن ڕەوانەی شوێنی ڕوداوەکە کران.
- لە شارۆچکەی ئەلباکی سەربە وانیش لە کاتی تێپەڕبوونی کاروانێکی سەربازی تەقەینەوەیەکی سەخت ڕویدا، ئەو کاروانە بەرەو سنوور بەڕێوەبوو، بەگوێرەی سەرچاوەکانی ڕاگەیاندنی تورکیا لە ئەنجامی ئەو تەقنەوەیەدا هەشت سەرباز بریندابوون، کە دۆخی تەندروستی دووانیان ناجێگیرە.
- زولفیە کیشمیر، هاوسەرۆکی شارەوانی شارۆچکەی پیرانی سەربە شاری ئامەد دەستبەسەر کرا، لە شارۆچکەی فارقینی سەر بە ئامەدیش دوو هاوڵاتی سزای زیندانیان بەسەردا سەپێندرا.
- لەسەر ڕێگەی مێردین - ئامەد لە باکوری کوردستان تەقینەوەیەک روویدا کە ئۆتۆمبێلێکی سەربازی کردووەتە ئامانج. بەگوێرەی زانیاریەکان کە لە سەرچاوەکانی ڕاگەیاندنەکانی تورکیاوە

بەدەست گەیشتوە لە ئەنجامی ئەو تەقینەوەیەدا سێ سەرباز کوژراون و چەندین سەربازی دیکەش بریندار بوون. بریندارەکان بە ئامبولانس گوازراونەتەوە بۆ نەخۆشخانە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: فارقین - سلیڤان
شار و شارۆچکەکان: ماردین
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/10/14 09:52:21
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 271
**2016-10-15**
http://www.kurdipedia.org/?q=20161015153229936771




- 25 شوێنی سەر بە ناوەند و ناوچەکانی سەر بە پارێزگای هەکاری لە 2016-10-15 تا 2016-11-29 بەناوچەی ئەمنی تایبەت راگەیەنراو هاتوچۆ تێیاندا قەدەغەکرا.
- رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا رایگەیاند تورکیا ئامادەیە لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی پێکەوە شەڕی داعش لە موسڵ بکەن، وتیشی با کەس چیتر باسی بنکەی باشیک نەکات، چونکە باشیک لە هەمانکاتدا زامنی پاراستنی تورکیایە لەبەرامبەر هەر هێرشێکی تیرۆریستی.
- چەند یەکەیەکی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بەرە و موسڵ جوڵەی پێکراوە و بەپێی قسەی بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگەش، هێزی تریش ئامادەیە و ڕەوانەی موسڵی دەکەن.
- شەوی رابردوو لە گوندی سۆمابرادۆستی، سەر بە شاری ورمێ-ی رۆژهەڵاتی کوردستان، کۆڵبەرێک بە تەقەی راستەوخۆی هێزەکانی پۆلیسی سەر سنووری رژێمی ئێران و گیانی لەدەستدا. بە پێی راپۆرتی رێکخراوی پارێزەرانی مافی مرۆڤی کوردستان، کۆڵەبەرە ناوی حەسەن ئەمینی-یە و تەمەنی 20 ساڵە، کە بەهۆی نەبوونی کار و داهات و بۆ بەڕێوەچوونی خۆی و خێزانەکەی روو کردبووە کاری مەترسیداری کۆڵبەری.
- لە شاری هەولێر بە دەستپێشخەری رێکخراوی ئاشتی و ئازادی، یەکەمین کۆبونەوەی ئامادەکاری دامەزراندنی کۆربەندی کۆمەڵایەتی کوردستان بەڕێوەچوو.
- ئەنجومەنی گشتی ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان- رژاک، لە ناو بینای ریخراوەکەیان لە کەرکوک بەیاننامەیەکیان خوێندەوە دەربارەی

شەڕی موسڵ و هەبوونی سوپای تورکیا لە باشوری کوردستان و عێراقدا و تێیدا هاتبوو، تورکیا لە ڕیگای کلتورو سەربازیەوە باشوری کوردستانی کردوەتە ژێر هەژموونی خۆی.
- بە دروشمی لە بیرت ناکەین جیهاد دڵپاک، لە باخچەی قەڵای شاری کەرکوک سێیەمین ڤیستڤاڵی شانۆی سەر شەقام دەستپێکرد.
- لە ئەنجامی سووتاندنی تایە و نەوتی خاو لەنێو خەندەقەکانی دەوروبەری موسڵ لەلایەن داعش، بارستەیەکی مەزنی دوکەڵی ڕەش تەواوی ئاسمانی شاری هەولێر و دەوروبەری داگرتووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: هەکاری

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا

شار و شارۆچکەکان: ورمێ

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/10/15 15:32:29

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 272

**2016-10-16**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016101621342197017



- ئەمڕۆ بۆ یەکەمجار لە سەنتەری چاندنی مۆخ لە شاری سلێمانی نەشتەرگەری چاندنی مۆخ بۆ دوو منداڵی توشبووی تالاسیما ئەنجامدرا.
- لەشاری سلێمانی مەراسیمی ساڵیادی ڕۆژی جیهانی گۆچانی سپی بەڕێوەچووە، لەدیارترین چالاکیشدا ژمارەیەک کچ و کور بەگۆچانی سپییەوە بەشەقامە سەرەکیەکانی شارەکەدا ڕۆیشتن.
- لەکاتی تێپەڕبوونی ئۆتۆمبیلێکی سەربازی سوپای تورکیا لەسەر ڕێگای جۆلەمێرگ – وان، تەقینەوەیەک روویدا و ژمارەیەکی زۆر سەربازی تورک کوژراو و بریندار بوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: وان

شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 21:34:21 2016/10/16
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 273

**2016-10-17**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161017102450670008



- ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی موسڵ دەستپێکرد، دەیان هەزار پێشمەرگە بەشداری دەکات.
- بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتی لە مەخمور رایگەیاند، لە گوندی بەندەی گەورە و دەوروبەری شەش ئۆتۆمبێلی داعش تەقێندراوەتەوە و دوو پێشمەرگەش شەهیدبوون.
- بەهۆی مینەکانی داعشەوە ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە برینداربوون، یەک لە بریندارەکان شالاو کۆسرەت رەسوڵە.
- سوپای تورکیا هێزی سەربازیی زیاتری رەوانەی سەر سنوری هەرێمی کوردستان کرد.
- وەزارەتی پێشمەرگە رایگەیاند کە هێزی پێشمەرگە 7 گوندی کۆنترۆڵکردووە و چەند گوندێکی تریش گەمارۆدراون.
- رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا جەختیکردەوە لەوەی هێزەکانیان لەباشیک ناکشێننەوە و پلانیان هەیە بچنە ناو شاری موسڵەوە، ئەوەش لەکاتێکدایە ئۆپەراسیۆنەکە بەبێ بەشداری ئەوان دەستپێکردووە.
- ئەمڕۆ لە 14 گوندی سەر بە سێ شارۆچکەی لجێ، هەزرۆ و کارازی سەر بە شاری ئامەدی باکوری کوردستان، قەدەغەکردنی هاتووچۆ راگەیەندرا.
- لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا دژی پەکەکە هاوسەرۆکەکانی هەدەپە و دەبەپەی شاری موش لە باکوری کوردستان دەستبەسەرکران.
- مەسعود بارزانی لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەمیحوەری خازر رایگەیاند: تائێستا زیاتر لە 200 کیلۆمەتر چوارگۆشە رزگارکراوەو ئۆپەراسیۆنەکەی ئەمڕۆ قۆناغی یەکەمە لەشەڕی رزگارکردنی موسڵ.
- تورکیا بۆماوەیەکی کاتیی گەشتە ئاسمانییەکانی بۆ هەولێر و بەغداد ڕاگرت، ئەوەش بەهۆی دەستپێکردنی ڕزگارکردنی ئۆپەراسیۆنی موسڵ لە چەکدارانی داعش.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئامەدی

شار و شارۆچکەکان: موش

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 10:24:50 2016/10/17
ناوی تۆمارکار: هاوری باخەوان

---

بابەت: 274

**2016-10-18**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016101814122697100

- وتەبێژی پرۆسەکانی رزگارکردنی نەینەوا رایگەیاند، هێزەکانیان لەدوو میحوەرەوە "لەشەڕێکی سەختدان" لەگەڵ داعش و ئامانجی ئەمڕۆیان گەیشتنە بە ناوچەیەک کە 20 کیلۆمەتر لەشاری موسڵەوە دوورە، لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنی ئە و شارەدا کە لەدوێنێ وە دەستیپێکردووە.
- ئەفسەرێکی تیمی هەندەسەی پوچەڵکردنەوەی مین لەهێزی زێرەڤانی ئێوارەی ئەمڕۆ لە میحوەری خازر، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکەوە شەهیدبوو، هەر ئەمڕۆ لەهەمان میحوەر دوو ئەفسەری دیکە شەهیدبوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ موسڵ و دەشتی نەینەوا

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 14:12:26 2016/10/18
ناوی تۆمارکار: هاوری باخەوان

---

بابەت: 275

**2016-10-19**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016101910522597119

- مامۆستایانی ناڕازی شارۆچکەی کۆیە جارێکی دیکە گردبوونەوە و داوادەکەن، حکومەتی هەرێم بەخۆیدا بچێتەوە و باروگوزەرانی مامۆستایان باش بکات.
- وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتنی پارەی گەنمی جوتیارانی هەرێمی کوردستانی بە بانکەکانی هەرێم رایگەیاند.
- رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، میلیشا شەڕکەرەکان و هێزەکانی سەر بە هەردوو حکومەتی عیراق و هەرێم بە ئەنجامدانی "پێشێلکاری مەترسیدار" لە دژی مافەکانی مرۆڤ تۆمەتباردەکات، لەنێوانیشیاندا تاوانی جەنگ بە ئەشکەنجەدان و دەستگیرکردنی هەڕەمەکی و بزرکردنی بەزۆر و لەسێدارەدانی هەزاران مەدەنی بەبێ دادگایی کردن کەلەناوچەکانی ژێر دەستی داعشەوە هەڵهاتوون.
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ، چەکدارانی داعش لەشەنگال هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگەو پاش یەک کاتژمێر شەڕ، بەزیانێکی زۆرەوە تێکشکێنران.
- بنکەی ئامەدی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لەبارەی پێشێلکاریەکانی نۆ مانگی رابردووی دەوڵەتی تورکیا راپۆرتێکی ئامادە کردوە، بەپێی ئەو راپۆرتە لە نۆ مانگی رابردوودا لە باکوری کردستان 40 هەزار و 573 جار مافی مرۆڤی پێشێلکردوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: شنگال

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 10:52:25 2016/10/19

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 276

## 2016-10-20

http://www.kurdipedia.org/?q=2016102009033497140



- هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە میحوەرەکانی تلسقوف و ناوەران و باشیک هێرشی بۆ سەر داعش دەستپێکرد، لە چوارەم ڕۆژی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی موسڵدا نزیکەی 20 هەزار پێشمەرگە بەشدارە.
- هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەیشتە ناو گوندی ناوەران و فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی داعشیشی لەو میحوەرە خستە خوارەوە.
- بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو ئەفسەرێکی هێزەکانی پێشمەرگەی زێرەڤانی بە ناوی (حەمید پیرۆموس) بە پلەی عەقید و پاسەوانێکی لە میحوەری ناوەران شەهیدبوون.
- لەکاتی رووماڵکردنی ئۆپەراسیۆنی هێزەکانی پێشمەرگە لە دژی داعش لە میحوەری تلسقوف پەیامنێری کەناڵی وار بەناوی (ئاریان بەرواری) بریندارببوو، بەڵام برینەکەی سەخت نییە.
- پەکەکە لەنزیک شارۆچکەی چەلێ هێرشیان کردەسەر کۆمەڵێک سەربازی تورکیا کە خۆیان بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە ناوچەکە ئامادەدەکرد. لەو هێرشەدا 2 سەربازی تورکیا کوژران و 5 سەربازی دیکەش بریندارببوون.
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا لە باکوری شاری حەلەب ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی شەرڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتی بۆردومانکردو بەوتەی سوپای ئە و وڵاتە بەهۆیەوە 160 بۆ 200 شەڕڤان گیانیان لەدەستداوە.
- لەکاتی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوی داعش لە میحوەری ناوەران پەیامنێری کەناڵی سپێدە (یاسر عەبدولرەحمان) و وێنەگرەکەی (هەجەر بەرواری) لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک بریندارببوون.
- شەوی رابردوو چەتەکانی داعش حەوت گوندیان لە سنوری شارەدێی گیارە و شارۆچکەی مەخمور چۆڵکرد و پاشەکشەیان کرد.
- تۆپخانەکانی سوپای تورکیا کە لەسەر سنوری کانتۆنی عەفرین لە رۆژئاوای کوردستان جێگرکراون لە شەوی رابردووەوە تا بەیانی ئەمڕۆ چەندین گوندیان لەو سنوری تۆپباران کردووە.
- ئەمڕۆ لە چوارەم رۆژی ئۆپەراسیۆنی موسڵ-دا، کە هێزی پێشمەرگە لە میحوەری باشیک و تەلسقوف لە باکوری موسڵەوە دەستپێکرد، چوار پێشمەرگەی خەڵکی شارۆچکەی سۆران شەهیدبوون.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی رێکخراوی ئەمنستی

ئینتەرناشناڵ دەداتەوە کە هەرێمی تۆمەتبارکردبوو بە ئەنجامدانی "پێشێلکاری ترسناک" بەرانبەر ئەو کەسانەی لەدەستی داعش هەڵدێن.
- عەبدولواحید محەمەد ساڵح، دکتۆر و بانخوازی ئیسلامی ئەمڕۆ لە هەولێر، لە هۆتێل ڕۆتانا، لە کۆنفراسێک کە سەبارەت بە شێرپەنجە ساز کرابوو، وەدەر نرا، چونکە بۆ ڕێزلێنان لە خوێنی شەهیدان و لە مارشی ئەی ڕەقیب هەڵنەسابووە سەر پێ.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
شار و شارۆچکەکان: حەڵەب
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: هەکاری
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/10/20 09:03:34
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 277
**2016-10-21**
http://www.kurdipedia.org/?q=20161021114421971599



- دەیان چەکداری داعش کاتژمێر 3:30 بەیانی هێرشیانکردەسەر کەرکوک. لەم هێرشەدا گەڕەکی حەی عەسکەری و وێزگەی کارەبای دوبز و چەند بنکەیەکی پۆلیس و بارەگای یەکێتی کرایە ئامانج، زۆرتر لە دە چەکداری داعش کوژران و لە بنکەی کارەبای دوبزیش زۆرتر لە دە کارمەند کوژران کە هەموویان عەرەب و ئێرانی بوون.
- قەدەغەکردنی هاتووچۆ لە کەرکوک راگەیەندرا و نوێژی هەینیش لە مزگەوتەکاندا ناکرێت و هەموو مزگەوتەکان داخران تاوەکو داعش منارەی مزگەوتەکان بۆ هێرشکردن بەکارنەهێنێت.
- داعش قەرەتەپەی کۆنترۆڵکرد و پاشانیش پێشمەرگە رزگاری کردەوە.
- هێرشی داعش بۆسەر داقوق تێکشێنرا.
- لە هێرشەکەی ئەمڕۆی داعش بۆسەر کەرکوک زۆرتر لە 50 کەس بریندراربوون و ژمارەیەک شەهیدیش هەیە.
- هێزێکی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ئەمڕۆ رەوانەی سەنتەری کەرکوک کران، بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو هێزانەی روبەڕووی چەکدارانی داعش بونەتەوە لەچەند شوێنێکی شارەکە.
- فڕۆکەیەکی نەناسراو تەکییەکی تایبەت بە نەتەوەی تورکمانی شیعە مەزهەب لە قەزای داقوق بۆردوومانکرد کە زیاتر ژنان سەردانی دەکەن بەمەبەستی خواپەرستی بەهۆیەوە زیاتر لە 50 کوژراو و بریندارى لێکەوتەوە.
- چەکدارانی داعش لە میحوەری مەخمور هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، هێزەکانی پێشمەرگەش بە توندی وەڵامیاندانەوە و هێرشەکەیان تێکشکاند.

- ئەمڕۆ هەینی عەبدولەتیف سەلەفی، کەسایەتی دیاری سەلەفییەکانی کوردستان دوای ماوەیەک دروخستنەوەی لە کارەکەی وەک وتارخوێنی مزگەوتی بەهەشت دەستی بە وتاردان کردەوە، بەڕێوەبەری ئەوقافی سلێمانیش دەڵێت، ئیجرائاتی یاسای لەگەڵ دەکەین".

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/10/21 11:44:21

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 278

**2016-10-22**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161022211302971



- چەکدارانی داعش بەتەواوەتی لە کەرکوک پاککرانەوە و قەدەغەکردنی هاتووچۆ هەر بەردەوامە، هێزی پێشمەرگە و ئاسایش گەڕەکە عەرەبەکان دەپشکنن، لەم گەڕانانەدا سەدان عەرەبی بێناسنامەیان دەستگیرکردووە.
- چەتەیەک لە گەڕەکی (ئەسرا و مەفقودین)ی شاری کەرکوک لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیر کرا، نەقیبێکی هێزە ڕەشەکەش ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو چەتەیە خەڵکی شارەدێی حەویجەی خوار کەرکوکە.
- دوو پێشمەرگە ئێوارەی ئەمڕۆ لەمیحوەری ڕۆژئاوای دیجلە بەهۆی گولە هاوەنی چەکدارانی داعشەوە شەهیدبوون و دووانی دیکەش بریندابوون.
- ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق هاوردەکردن، دروستکردن و فرۆشتنی خواردنەوە کحولییەکانی قەدەغەکرد، بڕیارەکە لەسەرتاسەری عیراق جێبەجێ دەکرێت و هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/10/22 21:13:02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 279

**2016-10-23**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016102313013697193

- چوار چەکداری داعش لەدوو گەڕەکی جیاوازی کەرکوک کوژران و یەکێکی دیکەش خۆی تەقاندەوە، ئەوەش لەڕووبەڕووبونەوەیاندا لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان کە بەهۆیەوە کارمەندێکی ئاسایش شەهیدبوو.
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ تەقینەوەیەک لە ناو بازاڕی گەڕەکی نشێفە لە شاری حەسەکەی رۆژئاوای کوردستان روویداو بەهۆیەوە دوو کەس بریندداربوون.
- هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە میحوەری باشیک لە پێشڕەویدایە و بە کۆنترۆڵکردنەوەی چەند گوندێک هێزەکان لە میحوەرەکانی باشیک و ناوەران یەکیان گرتەوە.
- هێزە ئەمنیەکانی تورکیا، هەردوو هاوسەرۆکی شاری دێرسیم-ی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) و پارتی هەرێمەکانی دیموکرات (دەبەپە)ی دەستگیکرد لەگەڵ شەش ئەندامانی تردا، بەتۆمەتی ناڕەزایی دژی حکومەت.
- لە گوندی مەلا عەبدوڵلا لە باشووری کەرکوک، هێزەکانی پێشمەرگە بەرپەرچی پەلامارێکی داعشیان دایەوە.
- فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند ئەمڕۆ هێزەکانی پێشمەرگە توانیویانە ئامانجەکانیان لەنزیک باشیک بەدەستبهێنن و 8 گوند گەمارۆبدەن بە روبەروی 100 کیلۆمەتر چوارگۆشە و دەیان چەکداری داعشیش کوژراون کە چەند بەرپرسێکیان تێدایە.
- قەدەغەکردنی هاتووچۆ لەسەر کەرکوک هەڵگیرا و پارێزگاری کەرکوک رایگەیاند کە زۆرتر لە لاشەی 70 تیرۆریست لە خەستەخانە لەبەردەستماندایە.
- سەرچاوە کوردییەکان ئەوەیان بڵاوکردەوە کە: بەسەرپەرشتی بەرپرسێکی باڵای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هێزێکی کوردی لەوڵاتی یەمەن ملازم موحسینی تاوانباری بەعس لەوڵاتی یەمەن دەکوژن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: حەسەکە

شار و شارۆچکەکان: دەرسیم

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 13:01:36 2016/10/23

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 280

**2016-10-24**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016102410024397227



- چەکدارانی داعش بەرەبەیانی ئەمڕۆ هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە میحوەری رۆژئاوای شەنگال و پێشمەرگەش بەتوندی بەرپەرچی هێرشەکەی داوەتەوە و تێکیشکاند.
- وەزیری دادی تورکیا رایگەیاند لەدوای هەوڵی کودەتاکەی ئەو وڵاتە زیاتر لە 35 هەزار کەس دەستگیرکراون و لێکۆڵینەوە لەگەڵ 82 هەزار کەسی دیکەدا کراوە.
- لە گوندی چیمەنی سەربە پارێزگای کەرکوک دوو تەرم دۆزرانەوە.
- لە شاری قامیشلۆ لە رۆژئاوای کوردستان تەقینەوەیەک روویدا و بەهۆیەوە هاوڵاتییەک گیانی لەدەستدا و دوو هاوڵاتی دیکەش بە سەختی بریندار بوون.
- پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) جەخت لەوەدەکاتەوە، تاوەکو کۆتایی گەریلاکانیان کەرکوک دەپارێزن و بۆ "چەتە فاشیستەکان"ی جێناهێڵن، لەبارەی رووداوەکانی چەند رۆژی رابردووی ئە و شارەشەوە پەنجەی تۆمەت بۆ تورکیا رادەکێشن.
- وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، لەوە زیاتر خوێندن لەسلێمانی بوەستێت دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە داوا لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان دەکەن بگەڕێنەوە قوتابخانەکان تا دەوام دەستپێبکەنەوە.
- نوێنەری فەرمانبەرانی مانگرتووی کۆمەڵگەی باجەکان، ئاسایشی سلێمانی بەدەستگیرکردنی چوار فەرمانبەریان و هەوڵدان بۆ بەشداریکردن لەکۆبوونەوەیەکیاندا تۆمەتباردەکات، کە ماوەیەکە بایکۆتی دەوامیان کردووە لەدژی پێنەدانی موچەکانیان، بەڵام ئاسایش رەتیدەکاتەوە هیچ کەسێکیان دەستگیرکردبێت و هەڕەشەی "قبوڵنەکردن"یش دەکات لەهەر کارمەندێک کە "ڕەفتارێکی نایاسایی" بکات.
- ژمارەیەکی بەرچاوی هاوڵاتیان بەدروشمی (تورکیا بۆ دەرەوە، لەباشور و رۆژئاوا بۆ دەرەوە سوپای تورکیا) لەبەردەم ئەمنە سوورەکەی سلێمانییەوە بەرەو نوسینگەی سلێمانی پەرلەمانی عێراق بەڕێکەوتوون و سەرجەمیان ئاڵای کوردستانیان بەرزکردووەتەوە.
- قادر ئەحمەد، ناسراو بە قادری ئاسایش، ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانی کورستان بوە و پێشتر ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی بووە، ئێوارەی ئەمڕۆ لەناوچەی گۆماوی گەناو لە نزیک گوندی دەربەندی رانیە، بە فیشەک بریندارکرا و فیشەکەکە لەپشتی دراو لە سنگیەوە دەرچووە.
- چەکدارێکی داعش لەنزیک پردی 4 لەشاری کەرکوک خۆی تەقاندەوە.
- ئەنجومەنی مامۆستایانی ناڕازی لەسلێمانی دەستکردنەوە بە دەوام رەتدەکاتەوەو بڕیارە رۆژی یەکی مانگی ئایندە خۆپیشاندان بکەنو درێژە بە بایکۆتی دەوام دەدەن، ئەوەش بەوتەی ئەندامێکی لیژنەی راگەیاندنی ئەنجومەنەکە کە رێگەپێدراوە بەناوی ئەنجومەنەوە قسەبکاتو هەڵوێستی فەرمی ئاشکرابکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ رانیە (پشدەر)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ شنگال

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ قامیشلۆ
:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 10:02:43 2016/10/24
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 281

**2016-10-25**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161025102710973l4



- سەرۆک وەزیرانی سوید گەیشتە هەولێر و بڕیارە لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم کۆببێتەوە.
- دوو پەیامنێری دیها و هاوسەرۆکانی دەبەپە و هەدەپەی موش دەستگیرکران.
- هێزێکی ئاسایشی پارتی، ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبەری تەڤگەری ئازادی و دوو کوری و میوانێکی دەستگیردەکەن.
- هێزەکانی پێشمەرگە گوندی (باتنا)ی مەسیحی سەر بەقەزای تلکێفی بەتەواوی کۆنترۆلکردەوە بێ ئەوی هیچ زیانێکی گیانی لێ بکەوێتەوە.
- لیژنەی کاری هاوبەشی نارەزاییەکان کە پێکهاتووە لە 24 گرووپو دەستەو ڕێکخراو، ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەباخچەی نالی لەسلێمانی وەڵامی وەزیری پەروەردەیان دایەوەو لەبەیاننامەیەکدا داوایانکرد، تەواوی چینو توێژەکانی کۆمەڵگە "هاوشانی مامۆستایان بڕژێنە سەرشەقام".
- لەناوچەی گەنج سەر بە پارێزگای بینگۆل بۆمبێکی چێندراو تەقێنرایەوەو سەربازێکی تورکیا کوژرا، هەروەها لەناوچەی دورتیول-ی سەر بە پارێزگای ئیسکەندەرون (هەتای) پەکەکە هێرشیکردەسەر کارگەیەکی بەرد دەرهێنانو شەڕ لەنێوان سوپاو گەریلاکانی پەکەکە روویدا.
- هەریەک لە گوڵتان کشانک و فرات ئانڵی هاوسەرۆکانی شارەوانی ئامەد لەلایەن پۆلیسی ئامەدەوە دەستگیرکران.
- لەکۆبونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا، لیژنەی ئەمنی ئەنجومەنەکە راسپێردرا بۆ لێکۆڵینەوە لەرووداوەکەی هەینی رابردوی ئەو شارە. بڕیاریشە دوای هێوربونەوەی دۆخەکە پارێزگارو بەرپرسە ئەمینەکان بانگهێشتبکرێن بۆ دەستنیشانکردنی هۆکار و دەرئەنجامەکان هەروەها دیاریکردنی کێشەو کەموکورتیەکان.
- لە ئۆپەراسیۆنێکی هێزە ئەمنییەکانی کەرکوکدا 5 چەکداری داعش لەگوندێکی شارەدێی لەیلان کوژران.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ موسڵ و دەشتی نەینەوا
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ دەرسیم
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ موش
Quick Respons Code:

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 10:27:10 2016/10/25 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 282

## 2016-10-26

http://www.kurdipedia.org/?q=20161025230657699929



- فەرماندەیەکی پێشمەرگە لەمیحوەری باشیک دەستگیرکردنی ئەمیرێکی داعشی لەگوندی عومەر قاپچی ڕاگەیاند، کە پێشتر لەشەڕدا برینداربووە.
- ئەمڕۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە میحوەری باشیک چوونە ناو گوندی فازلیە و عومەر قاپچیەوە، ئەوەش دوای چوار ڕۆژ لە گەمارۆدانی.
- دوای دەستبەسەرداگرتنی بینایی شارەوانی گەورەی ئامەد، لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی تورکیاوە و دەستبەسەرکردنی هەردوو هاوسەرۆکی شارەوانی ئامەد گولتان کشاناک و فورات ئانلی، ئەمڕۆ هاوڵاتیانی ئەو شارە بۆ ناڕەزایی دەربڕین، ڕژانە بەردەم شارەوانی، بەڵام هێزەکانی پۆلیس بەرگەی بینینی ئاپۆرای جەماوەری نەگرت، هەربۆیە بە ئاوی بە تەوژم پەلاماری هاوڵاتیانیاندا.
- جارێکی تر مامۆستایانی کۆیە گردبوونەوەیان ئەنجامدا و ڕایانگەیاند، کە بەردەوام دەبن و داواشدەکەن حکومەت پێداچوونەوە بەخۆیدا بکات.
- سەر لە بەیانی ئەمڕۆ شەش تیرۆستی داعش لە ناوچەی حەی سەناعی سەر بە پارێزگای کەرکوک کوژراون کاتێک ویستویانە بەرەو ناوچەی حەویجە هەڵبێنەوە.
- لە نزیک بینای پارێزگای کەرکوک ئەفسەرێکی هەواڵگری بەناوی (رائید عەبدولئەمیر) لەنێو ئۆتۆمبێلەکەی خۆیدا لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە درایە بەر دەستڕێژی گوللە و کوژرا.
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە شارۆچکەی دەربەندیخانی سەر بە شاری سلێمانی، بە دەستپێشخەری (دەستەی ناڕەزایەتییەکانی هاوڵاتیانی شارۆچکەی دەربەندیخان، دژ بە لەشکرشێکی سوپای تورکیا)، ڕێپێوانێکی جەماوەری بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی ئەو شارۆچکەیە بەڕێوەچوو.
- هێزەکانی پۆلیسی تورکیا هەڵیانکوتایە سەر ناوەندی گشتی کۆنگرەی ژنانی ئازاد، دواتریش هەڵیانکوتایە سەر ماڵی ئایلا ئاکات ئاتا، وتەبێژی کۆنگرەی ژنان لە شاری ئامەدی باکوری کوردستان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ موسڵ و دەشتی نەینەوا
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ کۆیە

🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ دەربەندیخان
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 23:06:57 2016/10/25
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 283
**2016-10-27**
http://www.kurdipedia.org/?q=20161027133449973356



- هێزی پێشمەرگە دوای 4 رۆژ لە گەمارۆدان گوندی فازڵیەی کۆنترۆڵکردەوە.
- سەربازێکی سوپای تورکیا لەباکوری کوردستان کوژرا، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکەوە بەکاروانی ئۆتۆمبێلی هێزەکانیاندا. بەپێی ئاژانسی ئیخلاسی تورکی، رووداوەکە ئەمڕۆ روویداوە لەناوچەی کیغی سەر بە پارێزگای بینگول لەباکوری کوردستان.
- فڕۆکە جەنگییەکان و تۆپخانە و تانکەکانی سوپای تورکیا نۆ پێگەی پەیەدە و یەپەگەیان لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات بۆردومانکرد.
- خەڵاتی ئازادیی ڕادەربرینی پەرلەمانی ئەوروپا دەدرێتە دوو کچی ئێزیدی ڕزگاربووی دەستی داعش، سەرۆکی گروپی لیبراڵەکانی پەرلەمانی ئەوروپاش شانازی بە و دوو کچەوە دەکات و دەڵێت نادیە و لەمیا بوێرن و ئازایەتیی خۆیان بەرامبەر گروپی بێبەزەیی داعش پیشان داوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ▯ دەرسیم |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ▯ موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| Quick Respons Code: | |

کاتی تۆمارکردن: 13:34:49 2016/10/27
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 284

## 2016-10-28

http://www.kurdipedia.org/?q=20161028103233397357

- دۆخی ناوشاری کەرکوک ئاسایی بۆتەوە دوای تێپەڕینی هەفتەیەک بەسەر هێرشەکانی داعش، بڕیاریشە ئەمڕۆ دەرگای زیاتر لە 340 مزگەوت بەروی موسڵمانانادا بکرێتەوە بۆ ئەنجامدانی نوێژی هەینی کە پێشتر راگیرابوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 10:32:33 2016/10/28

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 285

## 2016-10-29

http://www.kurdipedia.org/?q=20161029110448897365

- هێزێی پێشمەرگەی کوردستان شەوی رابردوو هێرشێکی داعشی تێشکاند، کە ئامانج لێی شکاندنی گەمارۆی سەر شارەدێی باشیک بوو لە باکوری رۆژهەڵاتی موسڵ.
- وتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش ئاشکرایدەکات، پرۆسەی رزگارکردنەوەی موسڵ بۆ ماوەی دوو رۆژ چالاکییەکانی دەوەستێت تا سەرکەوتنەکان تاووتوێ بکرێن لەماوەی 12 رۆژی سەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەکەوە.
- کۆمسیونی باڵای مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر دەستگیرکردنی گولتەن کشاناک و فرات ئانلی هاوسەرۆکانی شارەوانی گەورەی ئامەد هاتە دەنگ و داوا لە تورکیا دەکات رێز لە مافی مرۆڤ بگیرێت.
- سێ سەربازی تورکیا ئەمڕۆ کوژران و پێنجی دیکەش بریندار بوون، لە ئەنجامی هێرشی پەکەکەدا لە چیای هیسار سەر بە ناوچەی چەلێ (چقورجە) لە پارێزگای هەکاری.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: هەکاری

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 11:04:48 2016/10/29

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 286

## 2016-10-30

http://www.kurdipedia.org/?q=2016103009501797398



- دووەمین کۆنفرانسی کەلەپوری کەلتوریی زانکۆی ئەمریکی لەعێراق سلێمانی بەناونیشانی (پاراستنی رابردوو بەرە و داهاتوویەکی باشتر بۆ کەلەپوریی کەلتوریی دەستپێکرد.
- لە شارەدێی لەیلانی سەربە کەرکوک رووبەڕووبوونەوە لەنێوان پێشمەرگە و داعشدا روویدا.
- حکومەتی تورکیا لەچوارچێوەی یاسایەکی باری نائاساییدا دوو ئاژانسی هەواڵ و سێ گۆڤار و دە رۆژنامەی داخست کە کوردین، ئەوەش بەتۆمەتی نزیکییان لە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە).
- بەسەرپەرشتی کۆسرەت رەسوڵ و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد هەردوو ئاراستە جیاوازەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە مەکتەبی سیاسی حزبەکەیان لە سلێمانی کۆبونەوە.
- فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵکردنی شەش گوندی لەدەست چەکدارانی داعش لەنزیک موسڵ راگەیاند و دەشڵێت لەسەرەتای ئۆپەراسیۆنی موسڵەوە پێشمەرگە زیاتر لە 500 کیلۆمەتر چوارگۆشەی کۆنترۆڵ کردووەو 7 هەزار کەسیش ئاوارەی هەرێم بوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| Quick Respons Code: | |

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2016/10/30 09:50:17 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 287

**2016-10-31**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016103111245197425



- ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی کەمپینی هاوکاری سیستمی پەروەردەی ڕاگەیاند و داوا دەکات هەموو لایەک هاوکاری مامۆستایان بکەن و سیستمی پەروەردە بخەنەوە سەرپێی خۆی.
- وەزارەتی بەرگری عێراق دەستپێکردنی قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی شاری موسڵی راگەیاند.
- سوپای عیراق رایگەیاند، شەڕ گەیشتووەتە دەروازەی موسڵ و بەرەو گەڕەکی کەرامە پێشڕەوی دەکەن، لەئێستاشدا هێزەکانی دژە تیرۆر لەگەڵ چەکدارانی داعش لەرووبەڕووبوونەوەدان.
- ئەمڕۆ شەشەم کۆنگرەی حزبی شیوعی کوردستان دوای پێنج رۆژی لە دەستپێکردنی، کۆتایی هات و کاوە مەحمود بە سکرتێری نوێ بۆ ئەو

حزبە هەڵبژێردرا.
- ئاسایشی هەولێر بە گومانی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر تەقە لە کەسێک دەکات، بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێریش ڕەتیدەکاتەوە، بابەتەکە پەیوەندی بە داعشەوە هەبێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: حزبی شیوعی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/10/31 11:24:51
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 288
**2016-11-01**
http://www.kurdipedia.org/?q=20161101085206974466




- لە پارێزگای هەڵەبجە بەبەشداری زۆربەی چین وتوێژەکانی هەڵەبجە خۆپیشاندانی مامۆستایان و فەرمانبەران دەستپێکرد.
- سوپای تورکیا و گروپە چەکدارەکانی قەڵغانی فورات ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات -یەپەگە پێکهێنەری سەرەکییەتی- لە باکوری حەلەب بۆردومان دەکەن.
- قائیمقامی ناوچەی ئەتمەسگوت-ی شاری ئەنقەرە وەکو سەرۆکی شارەوانی گەورەی ئامەد لەشوێنی گولتان کشاناک و فرات ئانلی هاوسەرۆکانی شارەوانییەکە دیاریکرا.
- پۆلیسی تورکیا لە پارێزگای مێردینی باکوری کوردستان 30 کەسیان دەستبەسەر کرد، کە 21 کەسیان هاوسەرۆکانی هەدەپە و پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان و چالاکوانانن.
- هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە رایگەیاند، لە گردی عەلی شێر سەر بە گەڤەر لە باکوری کوردستان، لە دژی سوپای تورکیا چالاکیان ئەنجامداوە و لە ئەنجامدا 36 سەربازی سوپای تورکیا کوژراون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
شار و شارۆچکەکان: گەڤەر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: حەلەب
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ماردین

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 2016/11/01 08:52:06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 289

**2016-11-02**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161102114302974 84

- سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی بڕیاریدا لەهەفتەی داهاتووەوە دەوامی فەرمانبەرانی زانکۆ دەستپێبکاتەوە و هەوڵیشبدرێت بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی خوێندن.
- پۆلیسی تورکیا لە ئەلعەزیز هەڵیکوتایە سەر ماڵەکان و هاوسەرۆکانی دەبەپەی ئەلعەزیز و نۆ ئەندامی دیکەی دەبەپەیان دەستبەسەرکرد.
- ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور لەنوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا ناوی ئەو سەرکردانە ئاشکرا دەکات کە بە "دوژمنی ئازادی ڕۆژنامەوانی" دانراون، بەهۆی ڕێوشوێنەکانی دوای هەوڵی کودەتاکەی تورکیاشەوە، ئەردۆغان بەیەکێک لەدوژمنەکان دانراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🏳 سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🏳 ئەلعەزیز
:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 2016/11/02 11:43:02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 290

**2016-11-03**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161103094932974 88

- بەهۆی ئەو شەپۆلە بەفرەی چەند ڕۆژێکە شارەکانی باکوری کوردستانی گرتۆتەوە، بەشێکی زۆری ڕێگەی گوندەکان بە شارۆچکە و شارەکانەوە پچڕاوە و ڕێگەی هاتوچۆ داخراوە.
- ڕێکخراوی هیومان ڕایتس وۆچ بەرپرسانی کەرکوک تۆمەتبار دەکات بەوەی، "بەزۆر دانیشتوانی عەرەب و ئاوارەی ناوخۆیی عەرەب لە شارە دەردەکەن و خانووەکانیان دەڕوخێنن"، دوای هێرشەکەی داعش بۆسەر شارەکە، سەرۆکی لیژنەی ئەمنی ئەنجومەنی پارێزگاکەش دەڵێت ڕوخاندنی ئە و خانوانە بەهۆی زیادەڕەوییەوە بووە.
- دادگای باڵای تورکیا بڕیاری سزای 10 مانگ زیندانی یوکسەکداغی پەسندکرد، کە لە حەوتەمین دادگای سزای قورسدا درابوو.
- سەرۆکی لیژنەی باڵای وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان بە توندی وەڵامی هیومان ڕایتس ووچی دایەوە و ڕایگەیاند "لە نێوان ساڵانی 2014 تا 2016، زیاتر لە 9 هەزار کەس لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە و ژمارەیەک لەو کەسانەش تائێستا دەستبەسەرن و بەشێکیشیان ئازادکراون".
- لیژنەی ئاسایش و بەرگری پەرلەمانی عێراق دەرەنجامی ئەو لیژنە لێکۆڵێنەوەیەی ڕاگەیاند کە لەسەر هێرشەکانی 21ی مانگی ڕابردووی داعش بۆ سەر شاری کەرکوک ئەنجامیدابوو کە تیایدا کەموکورتیەکانی ئاشکرا کردووەو داواش دەکات پەلە بکرێت لەئازادکردنەوەی قەزای حەویجەدا.

- وەزارەتی پێشمەرگە تەواوبوونی ئەرکی هێزەکانی لە هەر چوار میحوەری خازر و باشیک و ناوەران و تلسقۆف لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی موسڵ راگەیاندو جەختدەکاتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی سەنتەری شارەکە هێزی پشتیوانی دەبن.
- دادگای بەلجیکا تۆمەتی پشتیوانیکردنی تیرۆری رەتکردەوە کە داواکاری گشتی ئەو وڵاتە بۆ چەند ناوەند و کەسایەتییەکی کورد دروستی کردبوو لە بەلجیکا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/11/03 09:49:32

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 291

**2016-11-04**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016110409053097526



- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ پۆلیسی تورکیا سەڵاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ هاوسەرۆکانی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) و ژمارەیەک پەرلەمانتاری ئەو پارتەی دەستگیرکرد.
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ تەقینەوەیەکی بەهێز لە بەردەم بنکەی پۆلیسی ناوچەی رەزیک (باغلار)ی شاری ئامەدی باکوری کوردستان روویداو کوژراو و بریندار لێکەوتەوە.
- کەجەکە بەتوندی ئیدانەی دەستگیرکردنی هاوسەرۆکانی هەدەپەو پەرلەمانتارانی ئەو پارتە دەکات و رایدەگەیەنێت کاتی قسەکردن تەواو بووەو ئەمڕۆ رۆژی راپەڕین و بەرگریکردنە دژی ئەو کەسانەی هەوڵدەدەن بوونی کورد بسڕنەوە.
- نوێنەری هەدەپە لە هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت "کە دەسگیرکردنی هاوسەرۆکانی هەدەپەو پەرلەمانتارەکانی بەهیچ شێوەیەک جێگەی قبوڵکردن نییە و ئاستی ناڕەزایەتییەکان دژی ئەو پێشلێکارییە بەرز دەکەینەوە ئەوکات چی دەبێت با ببێت.
- یەکێتی ئەوروپا نیگەرانی زۆری خۆی پیشاندا لەبەرامبەر دەستگیرکردنی هاوسەرۆکان و پەرلەمانتارانی هەدەپە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، داواشدەکات باڵیۆزانی یەکێتییەکە لە ئەنقەرە کۆببنەوە.
- گرتنی پەڕلەمانتارانی هەدەپە ناڕەزایی زۆری ناوخۆیی و دەرەکیی لێکەوتەوە و هەمووان تورکیا بە هێرشکردنەسەر دیموکراسی تاوانباردەکەن.
- کەمال کلیچدار ئۆغڵو سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری(جەهەپە) کە گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆنە لەتورکیا، لەکاردانەوەی دەستگیرکردنی هاوسەرۆکان و پەرلەمانتارانی هەدەپە، رایگەیاند"ئەو کردەوانە تورکیا بەئاراستەیەکی مەترسیدار دەبات".
- سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی هەدەپە ڕازی نەبوو کە وەڵامی پرسیارەکانی داواکاری گشتی بداتەوە و دەڵێت "پارتەکەی من بە دەنگی

زیاتر لە 6 ملیۆن خەڵک هاتۆتە پەرلەمانەوە و لە ڕێگەی سیاسەتێکی دیموکراسیدا ڕێگریمان لەوە کرد کە تەنها پارتی داد و گەشەپێدان دەستوری نوێ داڕێژێت".
- فرانک ڤاڵتەر شتاینمایر-ی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا بانگهێشتی هەڵسوڕێنەری باڵیۆزخانەی تورکیای لە بەرلین کرد بەئامانجی قسەکردن لەسەر دەستگیرکردنی و هاوسەرۆکانی هەدەپە و پەرلەمانتارانی ئەو پارتە.
- بورجین ئونگۆرەن جێگری سەرۆکی پارتی دادوگەشەپێدان – ئاکەپە- لەناوچەی کوجالی سەربەپارێزگای سەکاریای تورکیا کوژرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/11/04 09:05:30

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 292

**2016-11-05**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016110510150697556




- هێزە ئەمنیەکانی تورکیا بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە ئۆپەراسیۆنێکدا هاوسەرۆکی هەدەپەی لە شاری ئەدەنە لەگەڵ هەشت بەرپرسی دیکەی پارتەکەی دەستگیرکرد.
- بۆ پشتگیریکردنی پەڕلەمانتارانی هەدەپە لە زۆرینەی شارەکانی ئەوروپا خۆپیشاندان بەڕێوەدەچێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/11/05 10:15:06

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 293

**2016-11-06**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016110620335597558

- خوێندن لە کۆلێژی یاسا و ڕامیاری زانکۆی سلێمانی دەستپێکردەوە و بەپێی هەواڵێکی ماڵپەری فەرمی زانکۆکە بڕیار وایە چەند کۆلێژێکی دیکەش بایکۆتی خوێندن بشکێنن.

- مامۆستایانی ناڕازی لەسنوری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەو گەرمیان و راپەڕین رایدەگەیەنن، بەردەوام دەبن لەسەر بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندن و بەهیچ جۆرێک دەوام ناکەن تاوەکو ئەو کاتەی مافەکانیان بۆ دەگەڕێنرێتەوە.
- مەسرور بارزانی رایدەگەیەنێت لەدوای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنی موسڵەوە سەدان چەکداری داعشیان دەستگیرکردوە کە خۆیان لەنێو ئاوارەکاندا شاردبووەوە، هاوکات چەندین شانەی نووستووی ئەو رێکخراوەشیان گرتووە.
- هاوسەرۆکان و پەرلەمانتارانی هەدەپە لەزیندانەوە لەڕێی پارێزەرەکانیانەوە هەریەکەو پەیامێک ئاراستەی هاوڵاتیان و ڕای گشتی دەکەن و تێیدا جەخت لەبەردەوامی بەرخودان و لەدەستنەدانی هیوا دەکەن.
- پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرایدەکات کە لەهەوڵی کاراکردنەوەی پەرلەماندان بەڵام شەڕی تیرۆر پرۆسەکەی هێواش کردووەتەوە، ئەوەش دوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ شاندێکی پەرلەمانتارانی بەریتانیا، کە پێشتر لەدیدارياندا لەگەڵ یوسف محەمەد "نیگەرانی خۆیان" لەپەکخستنی پەرلەمان دەربڕیووە.
- رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا لەیەکەم لێدوانیدا لەبارەی دەستگیرکردنی هاوسەرۆکان و پەرلەمانتارانی هەدەپە رایگەیاند، گوێ بە و فشارانە نادەن کە لەسەریان دروست دەکرێت.
- ئەمڕۆ لە شاری ئامەدی باکوری کوردستان ئایهان بیلگەن، وتەبێژی هەدەپە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، رایگەیاند، کە هەموو کار و چالاکییەکانمان لە پەرلەمانی تورکیا رادەگرین.
- وەزیری کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت خراپی بەشە ئاردی کۆبۆنی مانگانەی هاوڵاتیان هیچ پەیوەندیەکی بە هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کشتوکاڵەوە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدواداچوونی جدی بۆ دەکەن و لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی بازرگانی بەغدا قسە دەکەن.
- بەبۆنەی دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادکردنی شاری ڕەققە لە سوریا، ئەندامان و هاوسەرۆکی نوێنەرایەتی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا لەشاری سلێمانی سەردانی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستیان کرد و داوای هاوکاری و کۆمەکی تەندروستیان کرد بۆ شەڕی ئازادکردنەوەی رەققە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏛 پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |

Quick Respons Code:

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 20:33:55 2016/11/06 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

بابەت: 294

**2016-11-07**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161107090750975565

- هێزەکانی پێشمەرگە لە میحوەری باشیک سێ چەکداری داعش بە دیل دەگرن و لە زۆربەی قۆڵەکانیشەوە پێشمەگەر چووە ناوشارەکەوە.
- دەزگای دژە تیرۆری سەر بە ئەنجومەنی ئاسایش و پاراستنی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، لە میحوەری باشیک دوو ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوی داعش تەقێندراونەتەوە و 20 چەکداری دیکەی داعشیش کوژراون.
- هێزی پێشمەرگەی کوردستان کۆنترۆڵکردنەوەی تەواوی شارەدێی باشیکی لە باکوری رۆژهەڵاتی موسڵ راگەیاند، دوای زیاتر لە دوو ساڵ مانەوەی لەژێر دەستی داعشدا.
- پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)، دەستگیرکردنی هاوسەر و پەرلەمانتارانی هەدەپە بەنایاسایی دەزانێت و پێیوایە لەئێستادا تورکیا روبەڕوی کودەتای کۆشکی سەرۆکایەتی کۆمار بووەتەوە، بەپێویستی دەزانێت هەرچی زووە کۆتایی بەفشارەکانی سەر میدیاش بهێنرێت.
- نیهات ئاکدۆغان پەرلەمانتاری هەدەپە لەشاری هەکاری لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی تورکەوە دەستبەسەرکرا.
- ئەمشەو لەگەڕەکی غەرناتە مەلا ئیبراهیم ئەحمەد پێشنوێژ وتارخوێنی مزگەوتی سادق لەکاتی چونی بۆنویژ لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە بەچەکی بێ دەنگ تەقەی لێکرا و کوژرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏰 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏰 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ⬜ موسڵ و دەشتی نەینەوا

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 09:07:50 2016/11/07

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 295

## 2016-11-08

http://www.kurdipedia.org/?q=2016110809352097577

- لیژنەی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە ئەنجوومەنی وەزیران وەڵامی هەردوو راپۆرتی رێکخراوی هیومان رایتس ووچ و ئەمنستی ئینتەرناشناڵ دەداتەوە سەبارەت بە دەرکردنی عەرەب لە کەرکوک.
- خۆپیشاندانی مامۆستایانی ناڕازیی لەسلێمانی و گەرمیان و راپەڕین دەستپێکردەوە و سورن لەسەر نەگەڕانەوەیان بۆ هۆڵەکانی خوێندن تا داواکارییەکانیان جێبەجێدەکرێت کە بریتین لە پێداچونەوە بە سیستەمی پاشەکەوت و پێدانی موچەکانیان لەوادەی خۆیدا.
- بەپێی ئاژانسی دۆغانی تورکی، سەکڤان کیلیج هاوسەرۆکی هەدەپەی شرناخ لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی تورکیاوە لەناوچەی ئیدل(هەزەخ) سەر بە پارێزگای شرناخ دەستگیرکراوە.
- وتەبێژی ئۆپەراسیۆنی تورەیی فورات، کە بەرە و ڕزگارکردنی ڕەقە بەڕێوەیە، ڕایگەیاند، شەڕڤانان 14 کیلۆمەتر پێشرەوییان کردوە و 43 چەتەی داعش کوژراون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏰 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏙 شار و شارۆچکەکان: ⬜ شرناخ

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 09:35:20 2016/11/08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 296
**2016-11-09**
http://www.kurdipedia.org/?q=20161109005742976 14

- پۆلیسی کەرکوک کوژرانی چەکدارێکی داعشی ڕاگەیاند پاش دوو هەفتە لە خۆحەشاردانی، کە بەشداری هێرشەکەی مانگی ڕابردووی کردبوو لەناو شارەکە.
- دادگای تورکیا بڕیاری زیندانکردنی فەلەکناس ئوجا پەرلەمانتاری هەدەپەی لە شاری ئامەد دەرکرد، لەچوارچێوەی هەڵمەتی دەستگیرکردنی سەرکردە و پەرلەمانتارانی ئە و پارتەدا.
- هێزەکانی ئاسایش لەسنوری قەزای کۆیە دەستدەگرن بەسەر دوو کێڵگەی دروستکردنی ماددەی هۆشبەرداو 3 کەس بەتۆمەتی چاندنی ماددە هۆشبەرەکان دەستگیردەکەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 00:57:42 2016/11/09
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 297
**2016-11-10**
http://www.kurdipedia.org/?q=20161110092959976 20



- بەیانی ئەمڕۆ 17 چەکداری داعش بەنهێنی لەباشیکەوە هاتونەتە دەرەوە و لەکاتی هەڵاتنیان بەرەو موسڵ لەنزیک گوندی دەراویش کەوتنە بۆسەیەکی هێزەکانی پێشمەرگەوە و سەرجەمیان کوژران.
- بەگوێرەی بڕیارەی حکومەت و هێزە ئەمنیەکانی تورکیا تێکڕای کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەموو ڕێکخستنەکانی نزیک لە پەکەکە دادەخرێن و پشکنینی ورد و لێکۆڵینەوە لەگەڵ کۆمپانیاکانی ناوچەکەدا دەکرێن.
- هیومان ڕایتس وۆچ داوا لەعیراق و هەرێمی کوردستان دەکات چارەنووسی ئە و ئاوارانە ئاشکرابکات کە لەژێر دەستی داعش هەڵاتوون و ئەوان دەستبەسەریان کردوون، ئەوەش لەنوێترین ڕاپۆرتیدا هاتووە.
- تەقینەوەیەک لەناوچەی دێریک-ی ماردین لەنزیک بینای قایمقام

رووداوە و بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان بریندار هەیە، لەنێویاندا قایمقامی ناوچەی دێریک و دوو لەپاسەوانەکانی، ئەوەش بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان.
- لەپارێزگای باتمان لەباکووری کوردستان 13 ناوچەی ئەمنی تایبەت راگەیەنرا و ئۆپەراسیۆنی سەربازییان تێدا ئەنجام دەدرێت، ئەوەش دوای ئەوەی شەوی رابردوو هێرشکرایەوە سەر بنکەیەکی پۆلیس لەناوەندی شارەکە.
- ژمارەیەک میوەفرۆش لەهەولێر، گرییان لەعارەبانەکانیان بەرداو سوتاندیان، وەک ناڕەزاییەک لەدژی لیژنەی زیادەڕۆییەکانی قایمقامییەت و شارەوانی، بەڵام قایمقامی هەولێر دەڵێت شوێنی کارەکانیان سەر شۆستەیە.
- پێشمەرگەیەک لە میحوەری داقوق شەهیدبوو، دوای ئەوەی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە بەقەناس پێکرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ موسڵ و دەشتی نەینەوا
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ ماردین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ باتمان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/11/10 09:29:59
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 298
## 2016-11-11
http://www.kurdipedia.org/?q=20161111092254976288
- پاش هێرشەکەی دوێنێی سەر قایمقامیەتی بینای قایمقامیەتی شارۆچکەی دێرکی سەر بە شاری مێردین لە باکووری کوردستان، بەهۆیەوە قائیمقام و چەند هاوڵاتییەکی تر برینداربوون، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە بەیانی ئەمڕۆ قایمقام گیانی لەدەستدا.
- سوپای تورکیا جارێکی دیکە گوندەکانی سەنار و مەروانیەی سەربە شیەی کانتۆنی عەفرینی بۆردومان کرد.
- بەشێک لەبەڕێوەبەری خوێندنەگەکانی سلێمانی ئەمڕۆ لەکۆبوونەوەیەکدا بڕیاریاندا دەستپێکردنەوەی دەوامی خوێندن بەڕاوێژ بێت لەگەڵ مامۆستاکانیان، ئەوەش لەکاتێکدایە مامۆستایانی ناڕازی شکاندنی بایکۆت بەهەموو شێوەیەک ڕەتدەکەنەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ ماردین

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/11/11 09:22:54
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 299

## 2016-11-12

http://www.kurdipedia.org/?q=2016111223195897639

- جڤاتی نیشتیمانی بزوتنەوەی گۆڕان لە کۆبونەوەی ئاسایی خۆیدا لە مەکۆی سەرەکی تاوتوێی پرسی کشانەوەی لە حکومەت کرد، بەڵام بڕیاری کشانەوەی نەدا و ڕایگەیاند بە شێوەیەکی فراوانتر لەگەڵ ئۆرگانەکان باسی کشانەوە دەکەن.
- لە هەڵمەتی ڕزگارکردنی گوندەکانی شەنگالدا شەڕڤانانی یەکینەکانی بەرخۆدانی شەنگال یەبەشە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوی داعشیان تەقاندەوە.
- ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، لەگرتەیەکی ڤیدیۆیی نوێدا بەزمانی کوردی هەوڵدەدات هاوسۆزی خەڵک بۆ خۆی رابکێشێت، دوای ئەوەی بەدەستی هێزەکانی پێشمەرگە لەچەند هەفتەی رابردوودا روبەڕوی شکست بووەوە و زۆربەی ناوچەکانی لەدەستدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: شنگال

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/11/12 23:19:58
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 300

## 2016-11-13

http://www.kurdipedia.org/?q=2016111309322497673

- مامۆستایانی سلێمانی لەبەردەم پەروەردەی رۆژئاوا لە شەقامی سالم گردبوونەوە و داوای دەستلەکارکێشانەوەی وەزیری پەروەردەیان دەکرد.
- وەزیری پەروەردە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەگەڵ نوێنەری یونیسێف ئەنجامی دا جەختی لەوە کردەوە کە ناتوانن قەرەبووی دوو مانگی بایکۆتکردنی خوێندن لە ناوچەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و راپەڕین و گەرمیان بکەنەوە.
- لە گوندی غەزاوییەی سەربە شارۆچکەی شێراوای کانتۆنی عەفرین، کە کۆچبەران پێیدا تێپەڕدەبن بۆ عەفرین، تەقینەوەیەکی بەهێز ڕویداو بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان 50 کەس بریندار‌بوون.
- والی ئامەد قەدەغەکردنی هاتوچۆی لە هەشت ناوچەی شارۆچکەی لیجە و هانی و کۆجاکوی سەر بە پارێزگای ئامەد راگەیاند، بە ئامانجی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژی پەکەکە لە

و ناوچانە.
- وتەبێژی زانکۆی هەڵەبجە ئاماژە بەوە دەکات، لەسەر داوای خوێندکاران و دوای کۆبونەوەی ئەنجومەنی زانکۆ، بڕیارماندا کە بایکۆت بشکێنین، ئەوەش لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و دوانەخستنی پرۆسەی پەروەردە لەمساڵدا.
- هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە ڕایگەیاند لە شەڕەکانی شرناخدا 18 سەربازی سوپای تورکیا کوژراون.
- 84 هاوڵاتی مەدەنی و چەکدار کوژراون و دەیانی تر برینداربوون، بەهۆی تەقینەوەی دوو ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو لەشاری عەزاز-ی هاوسنوور لەگەڵ کانتۆنی عەفرین، ئەوەش بەپێی دوو سەرچاوەی میدیایی.
- باڵیۆزی ئەمریکا لەعێراق، جەختدەکاتەوە لەوەی متمانەیان هەیە هێزەکانی پێشمەرگە لە و ناوچانە دەکشێتەوە کە کۆنترۆڵیکردون، پێشیوایە مەسعود بارزانی و حەیدەر عەبادی "خاڵێکی گەورە"یان لەمتمانە لەنێوانیاندا گەشەپێداوە.
- ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ ڕەخنە لەبەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێت و رایدەگەیەنێت، کە ئامانجە سیاسیەکانیان بیانوونین بۆ وێرانکردنی ئە و ماڵە عەرەبانەی لەژێر دەستی داعش-دا رزرگاردەکرێن و کارەکانیان بەنایاسایی ناودەبات، ئەوەش لەکاتێکدایە حکومەتی هەرێم زانیارییەکانیان رەتدەکاتەوە و بڕیارە لەبەیاننامەیەکدا وەڵامیان بدەنەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ▢ هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ▢ شرناخ
شار و شارۆچکەکان: ▢ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ▢ ئەفرین
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/11/13 09:32:24
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 301
**2016-11-14**
http://www.kurdipedia.org/?q=2016111409445597691



- چەکدارانی داعش بە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکرا و چەکداری خۆکوژەوە هێرشی کردە سەر یەکینەکانی پاراستنی شەنگال (یەپەشە) لە باشوری شنگال و هێرشەکەیان تێکشکێندرا.
- لە شارەدێی لەیلانی سنوری پارێزگای کەرکوک بەهۆی ئاگر کەوتنەوە لەکەمپێکی ئاوارەکان، 5 کەسی خێزانێک گیانیان لەدەستداوە و چەند کەسێکی دیکەش بریندابوون.
- 12هەمین پێشانگای نێودەوڵەتی سلێمانی بە سپۆنسەری گروپی کۆمپانیاکانی فاروق کرایەوە کە تیایدا 180 کۆمپانیای بیانی و ناوخۆیی لە 19 وڵاتەوە بەشداردەبن و ماوەی شەش رۆژ دەخایەنێت.
- بەڕێوەبەری گشتی هێزەکانی ئاسایشی عەفرین دواین ئاماری هێرشەکەی گوندی خەزاوێی عەفرینی ئاشکراکرد و ڕیگەیاند، کە هەشت کوژراوە و 51 بریندابوون.

- لە بەردەم یەکێتی مامۆستایان تا بەردەم پەروەردەی ڕانیە، بە هەزاران مامۆستا و بەشێک لە کەسوکاری خوێندکاران بۆ داواکاری مافی مامۆستایان خۆپیشاندانیان کرد.
- جیهان شێخ ئەحمەد وتەبێژی ئۆپەراسیۆنی تورەیی فورات لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ بەرپرسانی ئۆپەراسیۆنی تورەیی فورات لە گوندی هیشە سەر بە پارێزگای ڕەققە ئاماری 10 ڕۆژی ئۆپەراسیۆنەکەی لە قوناغی یەکەمدا ئاشکراکرد و وتی "توانیومانە ڕوبەری 550 کیلومەتر دوجابە قوڵایی 16 کیلۆمەتر و پانی 46 کیلۆمەتر لە دەستی داعش ڕزگار بکەین، هەروەها 34 گوند و 31 کێلگە و 7 گردی ستراتیژی و وێستگەیەکی کارەبا و ویستگەیەکی ئاو ڕزگارکران". ئاماژەی بەوەشکرد، لە و شەڕ و پێکدادانەکاندا 167 تیرۆریستی داعش کوژراون و تەرمی 34 تیرۆریستی لە دەستی شەرڤاناندایە و چوار تیرۆریستیش بە دیلگیراون و 12 ئۆتومبێلی بۆمبڕێژکراو تەقێنرانەتەوە و 14 ئۆتومبێلی سەربازی و هەشت دۆشکا و چوار تۆپخانە و سێ بارهەڵگر و شەش هاوەن و ژمارەیەک چەک و تەقەمەنی دەستبەسەرکراون. هەروەها چوار شەڕڤان بریندار بوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| شار و شارۆچکەکان: | شنگال |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | ڕانیە (پشدەر) |
| Quick Respons Code: | |

کاتی تۆمارکردن: 2016/11/14 09:44:55
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 302
**2016-11-15**
http://www.kurdipedia.org/?q=2016111508291797701

- خۆپیشاندانی مامۆستایان لە سلێمانی بۆ ڕۆژی چوارەم لەسەر یەک دەستیپێکرد و بڕیارە بچنە بەردەم دادگاو داواکاریی گشتی بەمەبەستی تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی.
- هەردوو تەلەفیزیۆنی نەورۆز و مەد نوچە کەیسەکانیان لە دادگای پاریس بردەوە و دادگا بڕیاری بەردەوامی پەخشی ئەو دوو تەلەفیزیۆنەی دا.
- سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتی سلێمانی وەرگرتنی سکاڵای مامۆستایان و فەرمانبەرانی ناڕازیی لەسەر حکومەتی هەرێم ڕاگەیاند، ئاماژەی بەوەشکرد ڕەنگە ئاسان نەبێت ئە و کەسانەی سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە بهێنرێنە بەردەم دادگا.
- لەسەر پرسی دانانی 6 بەڕێوەبەری ناحیە هەریەک لە فراکسیۆنی گۆڕان و کۆمەڵ بایکۆتی دانیشتنەکەی ئەنجومەنیان کرد و نوێنەری یەکگرتووش لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ئامادەی دانیشتنەکە نەبوو، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕانیش لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ڕایدەگەیەنێت "گۆڕینی بەڕێوەبەری ناحیەکان بەبێ بوونی هیچ هۆکارێک کارێکی نایاساییەو ئەوان دەنگیان پێنەدا".
- پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، ژمارەیەک لە دوکانداری بازاڕی نیشتیمان لەشاری هەولێر بەهۆی ئەوەی نرخی کارەبای بازاڕەکەیان لەسەر گرانکراوە خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا و داوای ڕەتکردنەوەی ئە و بڕیارە دەکەن.
- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی (IOM) یاداشتنامەیەکی لێکگەیشتنیان تایبەت بە مەشق و ڕاهێنانی جوتیاران لە بواری سەوزەو بە بازاڕکردن و ئەنجامدانی توێژینەوەو تاقیکردنەوەی جۆری سەوزەی نوێ واژۆکرد.
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە گوندی عەتشانەی سەر بە میحوەری داقوق لە پارێزگای کەرکوک، پێشمەرگەیەک بەناوی ئاوارە ئەحمەد، لەلیوای 118ی باڵەکی بە گوللەی قەناسی چەتەکانی داعش شەهیدکرا.
- هاوسەرۆکی دەستەی پەروەردە و فێرکردن لە ڕۆژئاوای کوردستان رایگەیاند، یەک ملیۆن کتێبی پرۆگرامەکانی تازەی خوێندن گەیشتونەتە ڕۆژئاوا و ئێستاکە خەریکی ئامادەکاریین بۆ دابەشکردنیان بەسەر خوێندکارانی کانتۆنەکەدا.
- وتەبێژی حکومەتی عێراق ڕایدەگەیەنێت، چارەسەرکردنی کێشەی دارایی حکومەتی هەرێم تەنها بە پابەندبونی هەرێم بە ڕێکەوتنی نەوتی نێوان هەولێر و بەغدا دەبێت، دەشڵێت، بەپێی یاسا و دەستور مامەڵەی ناوەند لەگەڵ پارێزگاکانی هەرێم لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمەوە دەبێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏟 پارت / لایەن: 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان

🏟 پارت / لایەن: ☪ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/11/15 08:29:17

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 303

**2016-11-16**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016111610371997764




- فەرماندەیی گشتی یەپەگە رایگەیاند، کە هێزەکانمان لە منبیج دەکشێنینەوە و بەشداری ئۆپەراسیۆنی تورەیی فورات دەبین.
- لە هەولێر، ژمارەیەک لە خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین، کە دانیشتووی کامپی مەخمور-ن و تا ئێستا بەشە ناوخۆییان بۆ دابین نەکراوە، لەبەردەم سەرۆکایەتی زانکۆی دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و رێگای هاتووچۆیان داخست.
- کاتژمێر 6ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر ماڵی، نوورهایا ئاڵتوون و محەمەد عەلی بول، هاوسەرۆکانی شارەوانی دێرسیم، دوای پشکنینی ماڵەکانیان، و هاوسەرۆکانیان دەستبەسەرکرد.
- وەزارەتی پیشمەرگە بێئاگایی خۆی نیشاندەدات لەهەر رێککەوتنێک بۆ کشانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچەکانی پێش شەڕی داعش و جەختدەکاتەوە "بەڵێنی لە و شێوەیەیان بەئەمریکا نەداوە".
- لەکاتی روماڵکردنی خۆپیشاندانی بەشێک لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین، هێزێکی پۆلیسی زێرەڤانی هێریشیانکردەسەر تیمی کەناڵی رێگا و کامێراکەیان زەوتکرد.
- پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکوک دەستگیرکردنی دوو شانەی نوستوی داعشی راگەیاند کە لەموسڵ و حەویجەوە "بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی" رەوانەی کەرکوک کراون.
- مەسعود بارزانی رایدەگەیەنێت "لەگەڵ بەغدا باسی ریفراندۆمیان کردووە و وەڵامی ئەوانیش بۆ ئەو پرسە ئەرێنی بووە"، ئاماژە بەوەشدەدات، لەئێستادا خاکی هەرێمی کوردستان بەتەواوی رزگارکراوە.
- فڕۆکە سەربازییەکانی هاوپەیمانان و هێزەکانی پێشمەرگە هێرشێکی داعشیان لەسنوری میحوەری رۆژئاوای کەرکوک تێکشکاند.
- یەکێتی نیشتمانی لە سەروتارەکەی کوردستانی نوێوە دووپاتی دەکاتەوە کە یەک کوردستان لەگەڵ بەغدا مامەڵەی سیاسی و ئیداری و هەموو شایستەکانی دەکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏨 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏨 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏨 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏨 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ▯ دەرسیم |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ▯ مابوک - مەنبەج |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🏛 هەولێر |

Quick Respons
:Code

کاتی تۆمارکردن: 2016/11/16 10:37:19
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 304

**2016-11-17**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016111710205885140



- بەکر کایا هاوسەرۆکی شارەوانی شاری وان لە باکوری کوردستان، بەیانی ئەمڕۆ لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی تورکیاوە دەستبەسەرکرا، هاوکات ئەحمەد تورک هاوسەرۆکی شارەوانی ماردین لە پۆستەکەی دورخرایەوە.
- لە کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی بەشێک لە مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەریەک لە (زانکۆکی سلێمانی، چەرموو، پۆلیتەکنیکی سلێمانی و هەڵەبجە) دروستبوونی دەستەیەکیان ڕاگەیاند و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیشدا ڕاگەیەنراوێکیان بڵاوکردەوە.
- نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، لە ڕێکەوتنی نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم بەندێکی ڕون هەیە کە ئاماژەدەدات بە کشانەوەی پێشمەرگە بۆ ئە و ناوچانەی پێش دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادی موسڵ لەژێر دەستیدا بووە.
- کاموران یوکسەک لەگەڵ لەیلی گوڤەن هاوسەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگای دیموکرات (دەتەکە) و چەند پەرلەمانتارێکی هەدەپە ئەمڕۆ پێنجشەممە لە شاری ئامەد بەرە و شرناخ بەڕێکەوتن و لە دەروازەی ناوچەی ئیدل (هەزەخ) سەر بە شرناخ لە لایەن پۆلیسەوە کاموران یوکسەک دەسبەسەرکرا.
- حزب و لایەنە سیاسییە کوردستانیەکانی پارێزگای کەرکوک کۆبونەوە و سەرەڕای بەرزنرخاندنی ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە و گەریلا لە ڕووداوەکانی کەرکوک، داوایانکرد، کە هەرچی زووە شارۆچکەی حەویجە کۆنترۆڵبکرێتەوە بۆ پاراستنی ئارامی دانیشتوانەکەی.
- بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراوەوە بە ئۆتۆمبێلێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە گوندی عومەر قاپچی میحوەری باشیک پێشمەرگەیەک شەهیدبو و دوو پێشمەرگەی تریش برینداربوون.
- پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) بەناوی هاوسەرۆکانی ئە و حزبەوە داواکارییەکی ناڕەزایی پێشکەش بە دادگای دەستووری باڵای تورکیا کرد و داوای ئازادکردنیان دەکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: ماردین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 10:20:58 2016/11/17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 305

## 2016-11-18

http://www.kurdipedia.org/?q=2016111809404697877

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ راگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە، مەسعود بارزانی پابەندی هەر رێکەوتنێکە لەبارەی کشانەوە و مانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچانەی ئازادی کردوون، نوسینگەی عەبادیش باسی لەوە کردووە پێشمەرگە لەو ناوچانەی ئازادی کردوون دەکشێنەوە.
- وەزیری پەروەردە رایگەیاند، 60 هەزار دینار و هاوکارییەکەی ڕێکخراوی (GIZ)ی حکومەتی ئەڵمانیا لەم مانگەوە خەرجدەکرێت و هەر مامۆستایەکیش دەوامنەکات لەم هاوکارییە بێبەشدەبێت.
- وەزارەتی بەرگری عیراق ئاشکرایکرد کە ئەمڕۆ چوار فڕۆکەی جۆری ئێف 16 گەیشتۆتە عیراق، ئەمەش بەپێی رێککەوتنێکی پێشتری نێوان بەغدا و واشنتۆن بووە کە لە ساڵی 2011 واژۆ کراوە.

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 09:40:46 2016/11/18
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 306

## 2016-11-19

http://www.kurdipedia.org/?q=2016111912052897911



- لە سلێمانی خۆپیشاندان و نارەزایی گەورە دژی دەسەڵاتدارانی کوردستان کرا، هەندێک لە خۆپیشاندەران بەهەڵپەڕکێ لە دژی لێدوانەکانی چەند رۆژی رابردووی مەسعود بارزانی ناڕەزاییان دەربڕی. هەندێک لە سەرچاوەکان باسی دەستگیرکردنی دوو خۆپیشاندەر دەکەن.
- هێزە ئەمنیەکانی تورکیا لەشاری ئامەدی باکوری کوردستان دوو رۆژنامەنووسی سویدییان دەسبەسەرکرد.
- شەڕڤانانی یەپەگە و هێزەکانی سوریای دیموکرات، پێشڕەویی زیاتریان کرد لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی رەققە و ئێستا تەنیا 26 کیلۆمەتر لەپایتەختەکەی داعشەوە دوورن.
- رووبەڕووبوونەوەیەک لە نێوان هێزەکانی ئاسایش و چەند چەکدارێکی داعش لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە روویدا و هێزەکانی ئاسایش رایانگەیاند کە کۆنترۆڵی بارودۆخەکەیان کردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/11/19 12:05:28
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 307

**2016-11-20**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016112013072397931



- بەئامادەبونی ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان و فەرمانبەران و سەرجەم چین و توێژەکان خۆپیشاندان لە هەڵەبجە دەستپێکرد.
- یەکێتی مامۆستایان یاداشتێکی ناڕەزاییان ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە بۆ فشار خستنەسەر حکومەتی هەرێم و بەغدا تا کێشەکانی مامۆستایان چارەسەربکەن.
- لە بیستەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژدا، سەرپەرەشتیاری گشتی فیستیڤاڵەکە وتی، فیستیڤاڵی ئەمساڵ بە ناوی دەمیرتاش و هەڤاڵانی زیندانییەوە بەناو دەکەین کە بەداخەوە لێرە ئامادەنین.
- قەشەی کەنیسەی مار کۆرکیس لەشارۆچکەی باشیک دەڵێت وای بەباش دەزانن شارۆچکەکە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بێت نەک حکومەتی عێراق.
- ئەمڕۆ بە مەراسیمێک لە شاری قامیشلۆ لە کانتۆنی جزیرە زانکۆیەک بە ناوی زانکۆی ڕۆژئاوا کرایەوە، کە لە چەندین کۆلێژ پێکهاتووە.
- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پشتگیری بۆ ناڕەزایەتییە مەدەنیەکان و داواکارییەکانی مامۆستایان دووپاتدەکاتەوەو داوادەکات حکومەتی هەرێم وەڵامی ئەرێنییان بداتەوەو بڕیاری پاشەکەوتی موچە هەڵبوەشێنێتەوە.
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ئێوارەی ئەمڕۆ مۆڵگەی شەرڤانانی ئەنجومەنی سەربازی مەنبەج-یان بۆردمانکردو بەهۆیەوە شەڕڤانێک گیانی لەدەستداو چواری دیکە بریندار بوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و: مابوک - مەنبەج

شارۆچکەکان:

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 13:07:23 2016/11/20

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 308

**2016-11-21**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161121101548980001



- ئەحمەد تورک هاوسەرۆکی شارەوانی ماردینی باکوری کوردستان لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە دەستگیرکرا.
- بەڕێوبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی بڵاویکردەوە: کاتژمێر 1:50خولەکی شەوی ڕابردوو بومەلەرزەیەک بە گوری (3،3) بە پلەی ڕێختەر لە دووری 28کم لەپارێزگای هەڵەبجە لە سنووری نێوان عێراق و ئێران بە قوڵی 10کم ڕوویداوە.
- خۆپیشاندانی مامۆستایانی بەشی خوێندنی کوردی لە کەرکوک لەدژی سیستمی پاشەکەوتی موچە دەستپێکرد.
- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پەیامەکەی مەسعود بارزانی لەبارەی دۆخی سیاسی و دارایی هەرێمەوە بە "هەنگاوێکی ئیجابی" دادەنێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ ئاڵۆزیەکانی هەرێم.
- وەفدێکی ئەوروپی کە لە سەرۆکی پارتی سۆشیالیستانی ئەوروپاو پەرلەمانتارانی 5 وڵاتی دیکە پێکهاتبوون بەمەبەستی ئەنجامدانی دیدار لەگەڵ سەلاحەدین دەمیرتاش سەردانی تورکیایان کرد، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئە و وڵاتە ڕێگەیان نەدا دەمیرتاش ببینن.
- پێشمەرگەیەک ئێوارەی ئەمڕۆ لە میحوەری داقوق شەهیدبوو، دوای ئەوەی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە بەقەناس پێکرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ماردین

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

:Quick Respons Code

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 10:15:48 2016/11/21 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

بابەت: 309

**2016-11-22**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016112209302498024



- گردبوونەوەی مامۆستایان لەبەردەم بینای پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانی دەستپێکرد و بڕیارە دوو یاداشت ئاڕاستەی هەریەک لە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بکەن.
- یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ لەبەردەم باڵەخانەی ئەنجومەنی وەزیران لەهەولێر خۆپیشاندانیان ئەنجامدا داوایانکرد حکومەت وەڵامیان بداتەوە بۆ دامەزراندنیان.
- وتەبێژی ئەنجومەنی سەربازی منبەج ئاشکرایکرد کە بەهۆی بۆرودومانەکانی سوپای تورکیاوە لە شاری منبەجی سوریا شەش شەڕڤان شەهیدبوون و دوو سەربازی ئەمریکیش بریندداربوون.
- تورکیا بڕیاری دەستگیرکردنی ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی پەیەدە و ژمارەیەک سەرکردەی پەکەکەی دەرکرد، لە دۆسیەیەکدا کە پەیوەندی بە تەقینەوەکەی شوباتی ئەمساڵی ئەنقەرەوە هەیە.
- شەوی ڕابردوو ڕەشەبایەکی بەهێز سنووری شارەدێی هێرۆی لە قەزای پشدەر گرتەوە بەو هۆیەشەوە ژمارەیەک ستونی کارەبا شکان و ژمارەیەکی تریش کەوتونەتە سەر زەوی، بەو هۆیەشەوە لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر گوندی ئەو سنورە تەزوی کارەبایان پچڕاوە". (سەرچاوە: ماڵپەڕی دواڕۆژ)
- کۆسرەت ڕەسول جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پشتیوانی خۆی و هەڤاڵەکانی بۆ پەیامەکەی مەسعود بارزانی ڕاگەیاند لەبارەی دۆخی هەرێم و چارەسەرکردنی کێشەکانەوە.
- لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێکی داعش، دوو پێشمەرگە لە سکری موسڵ شەهید بوون.
- لە گەڕەکی کۆرنیش لە شاری قامیشلۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان تەقینەوەیەک ڕوویدا.
- وشیار ئیسماعیل، پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی (عومەر بندیان) لە هەولێر لەبەردەم ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی شادی لەلایەن چەند کەسێکەوە دەسترێژی گولەی لێکرا و کوژرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |

🏙 شار و شارۆچکەکان: 	قامیشلۆ
🏙 شار و شارۆچکەکان: 	رانیە (پشدەر)
🏙 شار و شارۆچکەکان: 	مابوک - مەنبەج
🏙 شار و شارۆچکەکان: 	سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 09:30:24 2016/11/22
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 310

## 2016-11-23

http://www.kurdipedia.org/?q=20161123111117798075

- شەوی رابردوو لەنێوان گوندی عەتشانە و عوزێرییە، لە سنوری قەزای داقوق، بۆمبێکی چێندراو بە ئۆتۆمبێلێکی هێزەکانی پێشمەرگەدا تەقییەوە و بەهۆیەوە فەرماندەیەکی پێشمەرگە و دوو پاسەوانی برینداربوون.
- ئاسایشی گشتی هەولێر رایدەگەیەنێت بە ئامانجکردنی د. وشیار ئیسماعیل کردەوەیەکی تێکدەرانە و نەخوازراوە و ئامانج لێی تێکدانی ئارامی و سەقامگیریی پایتەختە.
- ئەمڕۆ بەپریارێکی دادگای باڵای نەرویج، پۆلیسی ئەو وڵاتە مەلا کرێکاری لەماڵەکەی خۆی دەستگیرکرد.
- ئاسایشی کەرکوک دەستگیرکردنی سێ چەکداری داعشی راگەیاند کە دەستیان لەچەندین کردەوەی تیرۆریستیدا هەبووە و بۆ چالاکی مەترسیداریش لەحەویجەوە رەوانەی شارەکە کراون، کە هاوکات بۆ ماوەیەک پاسەوانی مەلا شوان بوون کە یەکێکە کە بەرپرسە کوردەکانی ناو داعش.
- ئاژانسی هەواڵی سپۆتنیک بڵاویکردەوە، 18 رفێنراوی ئێزدییەکان لە تەلەعفەر لەدەستی داعش رزگارکراون کە لە نێویاندا منداڵ و ژنیش هەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏟 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 11:11:17 2016/11/23
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 311
**2016-11-24**
http://www.kurdipedia.org/?q=20161124093237988098



- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە کاتژمێر 7:00 بەیانی ئەمڕۆ لە ئۆپەراسیۆنێکدا هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی هەریەک لە حسێن ئۆلان و نەڤین داشدەمیر هاوسەرۆکانی شارەوانی بتلیس و دەستبەسەریان کردوون.
- بەگوێرەی سەرچاوە خۆجێییەکان، لە ئەنجامی تۆپبارانەکانی چەتەکانی هاوپەیمانی نیشتمانی بۆسەر گەڕەکی شێخ مەقسود، شەوی رابردوو سێ هاوڵاتی گیانیان لەدەستدا و دوو کەسیش برینداربوون، بریندارەکان بۆ چارەسەری رەوانەی ناوەندی خاچی سوور کراون.
- شەوی ڕابردوو ئاگریکی بەهێز باخەکانی سنوری چەند گوندێکی شارەدێی بیارەی سەر بەپارێزگای هەڵەبجەی گرتەوە، وتەبێژی پۆلیسی دارستان و ژینگەی هەڵەبجەش ئاماژە بەوە دەکات ئاگرەکە لە دیوی ئێرانەوەڕا هاتووە و زیانی زۆری لێکەوتووەتەوە.
- کەیوان کەریمی، دەرهێنەری فیلمی دۆکۆمێنتەری لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ جێبەجێکردنی سزای یەک ساڵ زیندان و 223 قامچی رەوانەی زیندانی ئەوەین کرا.
- سەربازێکی تورکیا کوژرا و دوو سەربازی دیکە لەگەڵ سێ پاسەوانی گوندەکان بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو بریندار بوون لە هەرێمی چیایی جودی لە پارێزگای شرناخ.
- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە وەکالەت رایگەیاند"لە تیرۆرکردنی مەلا هوشیار بە پلەی یەکەم یەکگرتووی ئیسلامی بە ئامانج گیراوەو دڵنیام دەزگا ئەمنییەکان ئەو کەیسە گەورەیەیان بەسەردا تێپەڕ نابێت".
- کردنەوەی پێشانگای هاوبەشی ئاکۆ غەریب و عەدنان کەریم لە ئەمنە سوورەکەی سلێمانی.
- بەهۆی بۆردوومانی هێزەکانی سوریاوە لە ناوچەی باب 3 سەربازی تورکی کوژران.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ☐ شرناخ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ☐ بەدلیس |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | SY حەڵەب |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ☐ بیارە (هەورامانی لهۆن) |

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 09:32:37 2016/11/24
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 312
**2016-11-25**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161125122012298128



- ئیسماعیل ئاسی، هاوسەرۆکی شارەوانی قۆسەر سەر بە پارێزگای ماردین دەستبەسەر کرا.
- مامۆستایانی ناڕازی، بڕیاریاندا خۆپیشاندانەکانیان لەشاری سلێمانی ڕابگرن و تاوەکو کۆتایی ئەم مانگە چاوەڕێی حکومەت بکەن بۆ وەڵامدانەوەی داواکارییەکانیان، بەپێچەوانەوە لەسەرەتای مانگی داهاتووەوە شێوازی چالاکیەکانیان دەگۆڕن.
- لە دانیشتنەکەدا سەڵاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی هەدەپ لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە لە زیندانی ئەدیرنەوە بەشداری دادگاییکردنەکەی کرد و ووتەی لێوەرگیرا.
- لە دژی تیرۆرکردنی وشیار ئیسماعیل، ژمارەیەک مامۆستای ئاینی لە مزگەوتی سەوافی شاری هەولێر گردبوونەوەیەکی ناڕەزاییان ئەنجامدا و داوایان لە دەزگا ئەمنیەکان کرد بکوژانی ئە و مامۆستایە ئاشکرابکەن.
- لەئاکامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراو بە ژمارەیەک منداڵدا لە شارەدێی جەلەولا کە سەرقاڵی یاریکردن بوون، دوو منداڵ کوژران و یەکێکی تریش بریندار بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 12:20:12 2016/11/25

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 313

## 2016-11-26

http://www.kurdipedia.org/?q=20161126102702298153

- گردبوونەوەیەکی بەرفراوان لە شاری سلێمانی دژ بە کوژرانی هوشیار ئیسماعیل ئەنجامدرا.
- فراکسیۆنە سوننەکان بایکۆتی دانیشتنی پەرلەمانی عێراقیان کرد کە تیایدا پرۆژەیاسای حەشدی شەعبی پەسەندکرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 10:27:02 2016/11/26

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 314

**2016-11-27**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016112712231398165



- ئۆتۆمبێلی دوو لە ئەندامانی ئەنجومەنی مامۆستایانی ناڕازی لە سلێمانی سوتێنران.
- لە گوندێکی سەربە شارۆچکەی شەدادیەی سەربە شاری حەسەکە، لە نێوان شەڕڤانانی یەپەگە و چەتەکانی داعشدا شەڕێکی سەخت ڕوویدا و لە ئەنجامدا 57 چەتەی داعش کوژراون.
- جێگری سەرۆکی زانکۆی سلێمانی دەستپێکردنەوەی دەوامی لەبەشێک لە کۆلێژەکان ڕاگەیاند، لەکاتێکدا بەشێک لەمامۆستایان و فەرمانبەران بەردوامن لە بایکۆت.
- دوو گۆڕی بەکۆمەڵی ئێزدییەکان کەلەلایەن چەکدارانی داعشەوە کوژراون ئەمڕۆ، لە نزیک موسڵ دۆزرانەوە و لانیکەم ڕوفاتی 18 کەسی تێدایە.
- لە سنوری شارەدێی سیدەکانی سەربە شارۆچکەی سۆران بە هۆی تەقینەوەی مین دوو هاووڵاتی بوونە قوربانی و یەکێکیان بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا.
- فرۆکەکانی سوپای تورکیا دەستیان کرد بە بۆردومانی قەندیل لە هەرێمەکانی پاراستنی میدیا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| شار و شارۆچکەکان: | سۆران |
| شار و شارۆچکەکان: | حەسەکە |
| Quick Respons Code: | |

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2016/11/27 12:23:13 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 315

**2016-11-28**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016112809472170317

- شەوی ڕابردوو لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە تەقە لە لقی 19ی پارتی لە چەمچەماڵ کرا. زیانی

کەمیماددیی لێکەوتەوە.
- پۆلیسی سلێمانی رایگەیاند، دادوەری لێکۆڵینەوە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ بکەرانی سوتاندنی ئۆتۆمبێلی مامۆستاکانی سلێمانی دەرکردوە.
- بەڕێوەبەری گشتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان راگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری زیادکردنی سزای هاتوچۆی راگەیاند کە لەلایەن وەزارەتی ناخۆوە دەرکراوە.
- بەیانی ئەمڕۆ لە هەرێمی عەلی بوغاز سەر بە ناوچەی چەمیشگەزەگی پارێزگای دێرسیم هێزەکانی سوپای تورکیا لەکاتی ئۆپەراسیۆنی سەربازیدا روبەروی گەریلاکانی پەکەکە بوونەتەوە و لە ئەنجامدا "دوو سەرباز بریندار بوون و دواتر هەردوو سەربازەکە لەنەخۆشخانە گیانیان لە دەستداوە".

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| شار و شارۆچکەکان: | دەرسیم |
| شار و شارۆچکەکان: | چەمچەماڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| Quick Respons Code: | |

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2016/11/28 09:47:21 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوری باخەوان |

---

بابەت: 316

**2016-11-29**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016112910040267809

- شەوی رابردوو لە ناوچەکانی نێوان دوو گوندی ئەتشا و شفقەتی شارۆچکەی فارقینی سەربە ئامەد شەڕێک روویدا و لە ئەنجامدا بەکرێگیراوێک کوژرا و دوو بەکرێگیراوی دیکە برینداربوون، پاش ئەو شەڕە قەدەغەی هاتووچۆ لەو دوو گوندە راگەیەندرا.
- پێگەیەکی نزیک لەرێکخراوی داعش بەدیلگرتنی دوو سەربازی سوپای تورکیای لەلایەن چەکدارانی ئەو رێکخراوەوە لەگوندێکی خۆرئاوای شاری باب-ی سوریا راگەیاند. هاوکات سوپای تورکیا پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ دوو سەربازیدا لەباکوری سوریا راگەیاند.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | فارقین - سلیڤان |
| Quick Respons Code: | |

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2016/11/29 10:04:02 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوری باخەوان |

---

بابەت: 317

**2016-11-30**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161130115103982 01



- شەوی ڕابردوو بەشی ئۆپراسیۆنی ئاسایشی سلێمانی و یاریدەدەرێتی ئاسایشی دەربەندیخان لە ئۆپراسیۆنێکی هاوبەشدا لە قەزای دەربەندیخان توانیان چەکدارێکی کوردی داعش دەستگیر بکەن.
- سەرۆکی داواکاری گشتی تورکیا داوای 30 جار زیندانی هەتا هەتایی بۆ 68 بەرپرسی پەکەکە و کەجەکە دەکات کە ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی گشتی پارتی یەکێتی دیموکرات پەیەدەشی تێدایە، لەسەر دۆسیەی تەقینەوەی خۆکوژییەکەی 2016-02-17 لە ئەنقەرە.
- پێش ئەوەی ڕاگەیەندراوی هاوبەشی 13 هاوسەرۆکی لەکار دوورخراوەی شارەوانیەکانی ئامەد، لەبەردەم شارەوانی شارۆچکەی پەیاسی سەربە ئامەد بخوێندرێتەوە، هێزەکانی پۆلیسی تورک شارەوانی پەیاسیان گەمارۆدا و ئاستەنگییان بۆ دروستکردن.
- بەمەبەستی دەربڕینی نیگەرانییان لە خراپی ڕەوشی کارەبا و دابەشنەکردنی نەوت بەسەر هاوڵاتیاندا، ژمارەیەک لە هاوڵاتیان و چالاکوانانی شارۆچکەی سەیدسادق، خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا.
- خوێندکارانی خوێندنە ئیسلامیەکان و خوێندکارانی ئێواران، دژ بە بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردەی عێراق و بۆچارەسەرکردنی کیشەکانیان، لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەدەی کەرکوک گردبوونەوە.
- لە سنوری شارەدێی تەکیەی جەباری سێ تەرمی نەناسراو دۆزرانەوە کە شوێنەواری فیشەکیان پێوەیە.
- گروپی هەڵۆکانی ئازادیی کوردستان، بەرپرسیارێتی خۆی لەتەقینەوەکەی بەردەم بینای پارێزگای ئەدەنە لەتورکیا ڕاگەیاند، کە 35 کوژراو و برینداری لێکەوتەوە.
- مەلا کرێکار دوای هەفتەیەک لە دەستگیرکردنی لەنەرویج ئەمڕۆ ئازاد کرا، هەواڵگریی ئیتاڵیا ئەو داوایەی کێشاوەتەوە کە بەهۆیەوە مەلاکرێکاری لەسەر دەستگیرکراو بڕیاربوو ڕەوانەی ئەو وڵاتە بکرێت، ئەوەش بەوتەی برایەکی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ▯ دەربەندیخان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | TR ئەنکەڕە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ▯ سەیدسادق (شارەزوور) |

Quick Respons
:Code

کاتی تۆمارکردن: 2016/11/30 11:51:03
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 318
**2016-12-01**
http://www.kurdipedia.org/?q=2016120109285498227



- خۆپیشاندانی مامۆستایان لە شارەکانی سلێمانی، چەمچەماڵ، ڕانیە، کۆیە و... دەستیپێکردەوە.
- ئەنجومەنی مامۆستایانی ناڕازیی ڕایگەیاند، شەش مامۆستای ناڕازیی کە پێنجیان ئەندامی ئەنجومەنەکەن ئەمڕۆ لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیرکراون، هاوکات هێزێکی زۆری ئەمنی لەشوێنی خۆپیشاندانی مامۆستایان بڵاوەی پێکراوە.
- ئەندامێکی ئەنجومەنی مامۆستایانی ناڕازیی ڕایدەگەیەنێت، نزیکەی 15 کەس لە ئەندامانی ئەنجومەنەکەیان و مامۆستایانی خۆپیشاندەر و ناڕازیی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراون.
سەرچاوەی وێنە: نەزانراو!

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: □ سلێمانی
:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 2016/12/01 09:28:54
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 319
**2016-12-02**
http://www.kurdipedia.org/?q=2016120210412198249

- مامۆستایانی ناڕازی ڕایدەگەیەنن، هەموو ئەندامە دەستگیرکراوەکانیان ئازادکراون و سبەینێ کۆدەبنەوەو بڕیار لەبارەی چالاکیەکانیان دەدەن.
- بەهۆی باران بارینەوە لە چوار گەڕەکی سنوری شاری هەولێر ئاو چۆتە ناو ماڵان و زیانی مادی لێکەوتۆتەوە.
- سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک هۆشداریدایە ئەو کەسانەی سەرقاڵی پێکهێنانی فەوجی حەشدی شەعبین لەو شارەو و ڕایگەیاند "بەهیچ شێوەیەک قبوڵی ناکەین".
- لە شاری هەکاری باکوری کوردستان شەڕێکی قورس لە نێوان سوپای تورکیا و گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ڕویداو بەهۆیەوە سێ سەربازی تورک کوژران.
- لە گوندی باخی سەر بە شارەدێی بازیان، منداڵێکی تەمەن دوو ساڵ و یەک مانگ بەهۆی لافاوەوە خنکا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ هەکاری
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ چەمچەماڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 2016/12/02 10:41:21
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 320

**2016-12-03**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161203094418982 71




- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنێکدا هاوسەرۆکانی شارەوانی ناوچەی گەڤەر و چەلێ و شەمزینان سەر بە پارێزگای هەکاری-یان دەستبەسەرکرد کە سەر بە پارتی هەرێمەکانی دیموکرات دەبەپەن.
- ئەنجومەنی سەرکردایەتی (سلێمانی – هەڵەبجە)ی پارتی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان تۆمەتباردەکات بەوەی "بەناوی ناڕەزایەتی خەڵک و لەژێر دروشمی داواکارییە ڕەواکانی خەڵکدا، بەمەبەستی چنینەوەی مەرامی سیاسی، ئیدامە بە خۆپیشاندان دەدات".
- بەرپرسانی پەروەردە لە گەرمیان هۆشداری دەدەنە مامۆستایانی ناڕازیی کە ئەگەر دەوامی خوێندن دەستپێنەکرێتەوە، "ڕەنگە ئەمساڵ هەژمارنەکرێت و موچەی مامۆستایانیش رابگیرێت.
- مایک پێنس جێگری سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمەریکا پشتیوانی ئیدارەی نوێی وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە بە مەسعود بارزانی ڕاگەیاند.
- بەرهەم ساڵح و برێت مەککۆرک نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەڕی داعش کۆبوونەوە و ڕەوشی سیاسی عێراق و ناوچەکە و ئۆپەراسیۆنی موسڵیان تاوتوێ کرد.
- ئەنجومەنی مامۆستایانی ناڕازی وەڵامی بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە لە بارە دەوامکردنی مامۆستایان دەداتەوە و ڕایدەگەیێنێت کە بایکۆت بەردەوامە و رۆژی دوو شەممە خۆپیشاندانی جەماوەری بەرفراوان بەشێوەی مەدەنیانە و دوور لە توندوتیژیی دەستپێدەکەینەوە و بەهیچ جۆرێک سازش لەسەر داوا ڕەواکانمان ناکەین.
- لە شارەوانی ئامەد لە جێگای هەڵبژێردراوانی گەل لەو شارەوانییەدا دانراوە، فەرمانی لێکردنەوەی تابلۆی کوردی شارەوانی ئامەدیدا و پاشان تابلۆکە لێکراوە.
- لە شەقامی ئیسکانی شاری هەولێر لەسەر یاری کلاسیکۆی نێوان ڕیاڵ مەدرید و بەرشەلۆنە، هاندەرانی هەردوو یانەکە کردیان بە شەڕە بەرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ گەڤەڕ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ شەمزینان
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/12/03 09:44:18
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 321
**2016-12-04**
http://www.kurdipedia.org/?q=20161204110731 98301
- گردبوونەوەی مامۆستا و فەرمانبەرانی زانکۆ و بەبەشداری ژمارەیەکی زۆر لەمامۆستایانی بنەڕەتییەکان و خوێندکارانی زانکۆ لەبەردەم کامپی نوێی زانکۆی سلێمانی دەستپێکرد.
- ئاسایش لەگوندی پونگەڵەی سەر بەقەزای دەربەندیخان پەلاماری ئە و دوو چەکدارەی داعش دەدەن، شەڕە تەقە لەنێوان ئاسایش و ئە و دوو چەکداری داعش روویداوە و دواتر هەردوکیان خۆیان تەقاندەوە و هیچ زیانێکی لێنەکەوتەوە.
- بەمەبەستی ڕەتکردنەوەی داواکاری وەزیری پەروەردە بۆ دەستپێکردنەوەی خوێندن وگەڕانەوەی مامۆستایان بۆ هۆڵەکانی خوێندن، پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ مامۆستایانی شارۆچکەی سەیدسادق لەبەردەم بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی شارۆچکەکە دەستیان بە گردبونەوەی ناڕەزایەتی کرد.
- ڕێکخراوی داعش خۆتەقاندنەوەی چەکدارێکی کوردی ناو ریزەکانی راگەیاند بە سوپای عێراق و حەشدی شەعبیدا لە رۆژئاوای مەخمور.
- قایمقامی دەربەندیخان رایگەیاند، هاوڵاتییەک شەهیدبوو، لە رووبەڕووبونەوەی هێزەکانی ئاسایش و چەند چەکدارێکی نەناسراو، لە ناوچەی تونی بابا.
- پەرلەمانی عێراق دەنگی لەسەر ئەو بڕگەیەی پرۆژەیاسای بودجەی 2017ی عێراقدا کە تایبەتە بە موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانەوە و بەپێێ مادەیەکی تری پەسەند کراویش هەرێم ناچار دەکرێت کە رێژەی 3.8%ی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم ببرێت.
- بەهۆی کەوتنەوەی ئاگرێکەوە لە کەمپی دووەمی دیبەگە نۆ هاوڵاتی بەڕەگەز عەرەب بوونە قوربانی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ دەربەندیخان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ سەیدسادق (شارەزوور)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ مەخموور
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ دیبەگە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ سلێمانی

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 11:07:31 2016/12/04
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 322

**2016-12-05**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161205223252393595

- خۆپیشاندانی مامۆستایانی سلێمانی لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رۆژئاوای سلێمانی دەستپێکرد و چوونە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی و بڕیارەکەی وەزیری پەروەردەیان سووتاند.
- سەرکردایەتی هاوبەشی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆران کۆبوونەوەو کێشەی موچەی فەرمانبەران و دۆخی سیاسی هەرێمیان تاوتوێ کردو رایانگەیاند، بە بۆچوونی هاوبەش مامەڵە لەگەڵ سەرجەم کێشەو هەڵوێستە سیاسیەکان دەکەن.
- سەندیکای رۆژنامەنو،سانی هەرێمی کوردستان لەبارەی کەیسی شوکری زەینەدین رایدەگەیەنێت، پێش بڕیاری دادگا ناکەوین و چاوەڕێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەکەین.
- ئەقلیما مستەفا بارزانی خوشکی گەورەی مەسعود بارزانی لە تەمەنی 76 ساڵیدا کۆچی دواییکرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆران
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 22:32:52 2016/12/05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 323

**2016-12-06**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161206212904983644

- دەزگای کەشناسی هەرێم رایگەیاند، شەپۆلێکی سەرماوسۆڵە ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکات و لەزۆربەی ناوچەکان بەستن روودەدات بەتایبەت لە ناوچە شاخاوییەکان.
- کۆمپانیای نەوتی ئیکسۆن مۆبیلی ئەمریکی کشانەوەی خۆی لە نیوەی بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند.
- رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی داوا لە حکومەتی تورکیا دەکات، رێگابدات بە گەڕانەوەی 24 هەزار کەسی ناوچەیەکی پارێزگای ئامەدی باکوری کوردستان بگەڕێنەوەسەر ماڵەکانیان کە لەئەنجامی شەڕ و پێکدادانی نێوان سوپای تورکیاو پەکەکە ئاوارە بوبون.
- ئەمڕۆ لەگەڕەکی عروبە، ئۆتۆمبێلێکی تۆیۆتا کرۆلا رەنگی سپی نزیکبووەتەوە لەئۆتۆمبێلی محەمەد سابت و تەقەی لێکردووە و بەهۆیەوە گیانی لەدەستداوە. بەڕێوەبەری پۆلیسی نەهێشتنی تاوان وتی محەمەد سابت پێشتر رۆژنامەنوسی کەناڵی عێراقییە بووە و ئێستا بێژەرو

بەڕێوبەری کەناڵی بابا گورگوڕە، لەهەمانکاتدا فەرمانبەرە لەبەڕێوەبەرایەتی ئاوی کەرکوک.
- هێزە ئەمنیەکانی تورکیا ئەمڕۆ هاوسەرۆکانی هەدەپەو دەبەپەیان لەچەند ناوچەیەکی باکوری کوردستان دەستگیرکرد.
- لە خاڵی پشکنینی کەمەرە بەل لە ناوەندی شاری دێرسیم تەقینەوەیەک روویدا و ژمارەیەکی زۆر کوژراو و بریندارى لێکەوتەوە.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی رۆژئاوای کوردستان رایگەیاند، ئە و دەنگۆیانەی کە دەڵێن، ئاڵای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سوریا ئەنەکەسە لەسەر بینای ئە و حزبانە لادراوە کە سەر بە ئەنەکەسەن و سوتێنراوە، هیچ بنەمایەکی نییە و دوورە لە راستیەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🌢 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ دەرسیم

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 21:29:04 2016/12/06

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 324

## 2016-12-07

http://www.kurdipedia.org/?q=20161207213313398387

- دەمیرتاش لەدوای زیندانی کردنییەوە بۆ یەکەمجار چاوی بەئەندامانی خانەوادەکەی دەکەوێت.
- شاندی پارتی چەپی سوید کە بڕیاربوو ئەمڕۆ لە زیندانی کاندرا سەردانی فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکی گشتی پارت دیموکراتی گەلان- هەدەپە، بکەن، بەڵام وەزارەتی دادی تورک رێگای نەداسەردانەکە بکرێت.
- لەسەر رێگای تەل حەمیس و تربەسپی، لە باشوری شاری قامیشلو، مینێکی چێندراو بە ئۆتۆمبێلێکدا تەقیەوە و لە ئەنجامدا پێنج هاوڵاتی گیانیان لەدەستدا.
- ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پشکی %17ی هەرێمی کوردستانی لە بودجەی 2017ی عێراقدا جێگیرکرد.
- مامۆستایانی ناڕزای سنوری شارۆچکەی قەڵادزێ، لە بەردەم بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی شارۆچکەی قەڵادزێ گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و ڕایانگەیاند، کە نە پاساوی داعش و نە نوسراوی فەرمی ناتوانێت بایکۆتمان پێ بشکێنێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ تەربەسپی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ قامیشلۆ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ قەڵادزێ

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 21:33:13 2016/12/07

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 325

**2016-12-08**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161208202410984111

- بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی هەڵەبجە، بڕیاریانداوە بایکۆتی دەوام تاوەکو رۆژی پێنجشەممەی ئاینده بەردەوامبێت،و دوای ئەوەش لەکۆبونەوەیەکدا بەکۆی دەنگ بڕیاری نوێی لەبارەوە دەدەن.
- ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی ئاشکرایدەکات، کە پرۆژەیەکیان پەسەندکردووە بۆ چارەسەری کێشە ناوخۆییەکانی حزبەکەیان و تاوەکو بێتە نەخشەرێگایەک، بەئامانجی رێکخستنی ناوماڵی یەکێتی.
- هێزەکانی پۆلیسی تورکیا لە دێرسیم هەڵیانکوتایە سەر بەشی ناوخۆیی و ماڵی خوێندکاران و لانیکەم 12 خوێندکاریان دەستبەسەر کرد.
- لە تورکیا دادگا بڕیاریدا شەش مانگ سزای زیندانیکردن بۆ ئیدریس بالوکەن پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپە ببڕێتەوە.
- هودا کایا پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان- ئەستەنبوڵ-ی لە بەردەم ماڵەکەی خۆیدا لە شارۆچکەی فاتیح-ی سەر بە شاری ئەستەنبوڵ لەلایەن پۆلیسی دەوڵەتی تورکەوە دەستبەسەرکرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

شار و شارۆچکەکان: TR ئەستەمبوڵ

شار و شارۆچکەکان: دەرسیم

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 20:24:10 2016/12/08

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 326

**2016-12-09**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161209220247984371

- پارێزەر سەحەر ئاجار، سەرۆکی کۆمەڵەی مافناسانی میزۆپۆتامیا و مەحمود بینگول، فەیزی ئاتسز و زیا باگی، پارێزەرانی ئەندامی کۆمەڵەی مافناسانی میزۆپۆتامیا بەتۆمەتی "ئەندامبوون لە رێکخستنی قەدەغە"دا دەستگیر کران.
- ئەمنستی ئینتەرناشناڵ بۆ ئازادی هەرچی خێراتری زەینەب جەلالیان، زیندانی سیاسی کورد، کەمپەینێکی کۆکردنەوەی واژۆی دروستکردووە و رایگەیاندووە: "ئێران دەبێت جەلالیان ئازاد بکات و هەموو پێداویستییەکانی بۆ چارەسەری پزیشکی بۆ دابین بکات".
- رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ کەمپەینێکی بۆ پشتگیری گەڕەکی سوری ئامەد پێکهێناوە و رایگەیاندووە، کە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی سووری ئامەد ئاوارە بوون و خانوەکانیان رووخاوە و لە ئەگەری گەڕانەوەیان بۆ ماڵەکانیان ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە.
- ئەمشە و بەڕێوەبەرانی کەناڵی زارۆک تیڤی، کە تەلەڤزیۆنێکی تایبەت بە منداڵانە بە زمانی کوردی، رایانگەیاند، کە جارێکی تر دەست بە پەخش دەکەنەوە.

- فیگەن یوکسەگداغ هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپە لە زیندان چاوی بە بنەماڵەکەی کەوت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▢ ماردین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 22:02:47 2016/12/09

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 327

## 2016-12-10

http://www.kurdipedia.org/?q=20161210093706984447

- هێزەکانی پۆلیس هێرشیانکردەسەر ماڵی هاوسەرۆکانی شارەوانی شارۆچکەی دێرگولی سەربە شرناخ و ئوزلەم کوتلو، هاوسەرۆکی شارەوانیەکەیان دەستبەسەرکرد.
- بەپێی هەواڵێکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان، هێزەکانی پۆلیسی ئێران کۆڵبەرانی کوردیان داوەتەبەر دەستڕێژی گوللە و لە ئەنجامدا کۆڵبەرێک گیانی لەدەستداوە.
- خۆپیشاندانی بەشێک لە مامۆستایانی سلێمانی دەستپێکرد و دواتر بەرەو نەسینگەی پەرلەمانی عێراق بەڕێکەوتن.
- خۆپیشاندان لەگەرمیان دەستپێکردەوە.
- شەڕڤانانی یەپەگە و هێزەکانی سوریای دیموکرات، قۆناغی دووەمی شەڕی ئازادکردنەوەی شاری رەققەیان لەباکوری سوریا راگەیاند، دوای ئەوەی لەهەنگاوی یەکەمدا دەیان ناوچەی گرنگ و ستراتیژییان کۆنترۆڵکرد.
- قەدەر گۆزوغلو، خاوەن ئیمتیازی ئاژانسی هەواڵی ژنان- ژنها، ئایجان چاکر خاوەن ئیمتیازی پێشوی ئاژانسەکە دەستبەسەرکران.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏛 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▢ شڕناخ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▢ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▢ کەلار (گەرمیان)

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 09:37:06 2016/12/10

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 328

## 2016-12-11

http://www.kurdipedia.org/?q=20161211092822298467



- کۆنفرانسی ساڵانەی سۆشیال ئینتەرناشناڵی جیهانی لە سلێمانی دەستپێکرد، کە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە ڕێکخراوە.
- ئەفسەرێکی پێشمەرگە بە پلەی ملازمی یەک بەناوی کەریم سەڵاحەدین، لە ناوەران لەکاتی پوچەڵکردنەوەی بۆمبێکدا پێیدا دەتەقێتەوە و شەهیددەبێت.
- ئاشتۆن کارتەر، وەزیری بەرگریی ئەمریکا ئەمشەو بەسەردانێک گەیشتە شاری هەولێر و بڕیارە ئۆپەراسیۆنی موسڵ لەگەڵ مەسعود بارزانی و بەرپرسانی هەرێم تاوتوێ بکات.
- گروپی هەڵۆکانی ئازادی کوردستان بەرپرسیارێتی ئەو دوو تەقینەوەیەی دوێنی شەوی شاری ئەستەنبوڵی لەئەستۆ گرت کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی دەیان و بریندابوونی زیاتر لە سەد کەسی دیکە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏰 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏰 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ موسڵ و دەشتی نەینەوا

🏙 شار و شارۆچکەکان: TR ئەستەمبوڵ

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/12/11 09:28:22

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 329

## 2016-12-12

http://www.kurdipedia.org/?q=20161212205222098470

- بەهۆی شەڕەتەقەی نێوان دوو بنەماڵە لەسەر زەوی و زار لە گوندێکی سەر بە شارۆچکەی شارەزوور، ژنێکی تەمەن 35 ساڵ کوژرا و سێ هاووڵاتی دیکەش بریندار بوون کە یەکێکیان هاوسەری ژنە کوژراوەکەیە و برینکەی سەختە.
- یەکێتی مامۆستایانی کوردستان رایدەگەیەنێت، دۆخی نەخوازراوی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەئەستۆی حکومەتەو پێویستە هەرچی زووە وەڵامی داواکارییەکانی مامۆستایان بدرێتەوە، داواشدەکات "توندوتیژی و دەستگیرکردن" بەرامبەر مامۆستایان ئەنجام نەدرێت.
- فڕۆکەیەکی جەنگیی سوپای تورکیا لەجۆری ئێف 16 لەباکوری کوردستان و لەنزیک فڕۆکەخانەی شاری ئامەد کاتژمێر 7:32 خولەکی ئێوارەی ئەمڕۆ کەوتەخوارەوەو فڕۆکەوانەکەی رزگاری بووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ▯ سەیدسادق (شارەزوور)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 20:52:20 2016/12/12
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 330

## 2016-12-13

http://www.kurdipedia.org/?q=20161213202315598473



- نادیە موراد و لەمیا بەشار، دوو کچە گەنجی ئێزدی ڕزگاربووی دەستی چەکدارانی داعش، ئەمڕۆ لەمیانی مەراسیمێکدا خەڵاتی ئەمساڵی ساخارۆف بۆ ئازادی بیروڕایان لەپەرلەمانی ئەوروپا پێ بەخشرا.
- بەسیمە کونجا پەرلەمانتاری هەدەپەی شاری سیرت دوای ئازادکردنی رایگەیاند، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە ئەشکەنجە دراوە، بەهۆی ئەو لێدوانەشەوە جارێکی دیکە دەستگیرکرایەوە.
- مستەفا بایرام، هاوسەرۆکی شارەوانی شارۆچکەی خەلفەتی سەر بە شاری ڕوهای باکوری کوردستان دەستگیرکرا.
- لە دوێنێوە تا ئێوارەی ئەمڕۆ لە 12 شار و شارۆچکەی باکوری کوردستان و تورکیا نزیکەی 325 ئەندامی هەدەپە دەستبەسەرکراون، کە لەناویاندا چەندین هاوسەرۆک هەن.
- کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی لە ئیتاڵیا خەڵاتی ساڵانەی پێگاسۆسی زێرینی پێدرا، لەبەرامبەر بەشداری کاراو راستەوخۆی لەبەرەکانی شەڕی دژ بە تیرۆر و هەوڵەکانی بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: سێرت

شار و شارۆچکەکان: روحا

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 20:23:15 2016/12/13
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 331

## 2016-12-14

http://www.kurdipedia.org/?q=20161214203156984 85

- عەلیجان ئۆنلو، پەرلەمانتاری هەدەپە ئەمڕۆ، لە کاتێکدا ویستویەتی لە ئەنکەرەوە بە فڕۆکە بچێت بۆ شاری ئەلازغ لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە لە فڕۆکەخانە دەستبەسەر کرا.
- حکومەتی هەرێم جارێکی دیکە تەئکید دەکاتەوە کە یاسای بودجەی عێراق لەبەرژەوەندی

کوردستان نییە، ئەوەشدەخاتەڕوو لەکۆبوونەوەی ئەمڕۆیاندا وەزیرەکانی تەواوی حزبە بەشدارەکانی حکومەت "نیگەرانی و ناڕەزاییی خۆیان لە یاسای بودجەی گشتیی عیراق دەربڕی و هەموویان دووپاتیان کردەوە کە یاساکە بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندا نییە".
- هێزەکانی پاراستنی گەل(هەپەگە) خستنەخوارەوەی ئە و فڕۆکە ئێف 16ی تورکیای گرتە ئەستۆ کە ڕۆژی 12-12-2016 لە ئامەد کەوتەخوارەوە.
- ناوەندێکی توێژینەوەی بەریتانی کە چاودێرە بەسەر دروستکردنی چەک و جبەخانە ڕایگەیاند، ئەو چەکە قورسانەی لە موسڵ دۆزراوەنەتەوە بە پارچەی تورکی دروست کراون.
- ئەمڕۆ ئۆزان بیرلیک، هاوسەرۆکی شارەوانی مۆکتی، ئیحسان ئوگور، هاوسەرۆکی شارەوانی خیزان، و فەلەمەز ئایدین، هاوسەرۆکی شارەوانی یۆلالان دەستبەسەرکران.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/12/14 20:31:56

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 332

## 2016-12-15

http://www.kurdipedia.org/?q=20161215211728985O2

- هیومان رایتس ووچ ڕایدەگەیەنێت، لە تورکیا بە تۆمەتی"ساختە"و بەناوی تیرۆرەوە لە ژێر فشاردا، ڕاگەیاندنی سەربەخۆ بێدەنگکراوە و لە دوای ڕاگەیاندنی باری نائاساییەوە لە تەموز-ی ئەمساڵ، تائێستا 148 ڕاگەیەندکار زیندانیکراون و 169 دەزگای میدیایی داخراون.
- جڤاتی گشتی بزوتنەوەی گۆڕان ڕایدەگەینێت، پێویستە گۆڕینی سێ سەرۆکاتییەکەی هەرێم بەیەک پاکێج بێت و بزتنەوەکەش ڕادەسپێرێت، بە پرۆژەوە کۆبونەوە لەگەڵ پارتی بکات.
- حکومەتی کەنەدا، مانەوەی هێزەکانی بۆ ساڵی 2017 لە عێراق و هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/12/15 21:17:28

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 333

## 2016-12-16

http://www.kurdipedia.org/?q=20161216215805985l5

- لە گوندێکی سنوری گەرمیان بەهۆی تەقینەی بۆمبێکەوە هاوڵاتیەک دەست و قاچێکی پەڕی.
- لە کەرکوک باوکێک کچێکی خۆی کوشت و بەڕێوەبەری نەهێشتنی تاوانی ئەو شارەش دەڵێت لێکۆڵینەوەکان دەستی پێکردووە و بکوژەکەش دەستگیرکراوە.
- وتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەڵەبجە ئاشکرای کرد، کچێکی تەمن 15 ساڵ لە شارەدێی سیروانی سەربە پارێزگای هەڵەبجە، ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە و بە هۆی سەختی برینەکەییەوە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی گانی لەدەستدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/12/16 21:58:05

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 334

**2016-12-17**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016121709252798523



- پشتیوان سادق وەزیری پەروەردە ئەمڕۆ لەرۆژی ئاڵای کوردستان لە خوێندنگەی رێناس لەهەولێر رایگەیاند "ئەگەر لەشوێنێک مامۆستا نەبێت، خوێندکاریش نابێت، بۆیە چارەنووسی ئەو خوێندکارانەی تائێستا لەدەوام بێبەش بوون، ئەوانە لێی بەرپرسن، کە بایکۆتیان راگەیاندووە".
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی ئامەد بە تۆمەتی دروستکردنی "مەزارگەی شێخ سەعید" لە ناوچەی دیجلەی شاری ئامەد داوای دوو جار زیندانی هەتاهەتایی و 121 ساڵ زیندانی بۆ فرات ئانلی هاوسەرۆکی شارەوانی ئامەد دەکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/12/17 09:25:27

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 335

**2016-12-18**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016121812101098526



- نووسینگەکانی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە شارە جیاجیاکانی تورکیا لەلایەن خۆپیشاندەرانی دژی هێرشەکانی ماوەی رابردوو هێرشیان دەکرێتەسەر.
- مامۆستایان چوونە بەردەم پەروەردەی رۆژهەڵاتی سلێمانی و هاتوچۆی شەقامی بەردەم بەڕێوەبەرایەتیەکەیان راگرت.
- قەدەغەی هاتوچۆ لە 21 ناوچەی پارێزگای ئامەد راگەیەنرا بە ئامانجی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە دژی پەکەکە.
- پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) بڕیاریدا بە چۆڵکردنی سەرجەم بارەگاکانی و رەخنەش لە هێزە ئەمنییەکان و وەزارەتی ناوخۆی تورکیا دەگرێت بەوەی هیچ رێوشوێن و رێنماییەکیان نەگرتووەتە بەر بۆ بەرگرتن لە و هێرشانەی کە کراونەتە سەر ژمارەیەک لە بارەگاکانیان، وەزارەتی ناوخۆش ئەوە رەتدەکاتەوە.
- سەرجەم بەڕێوەبەری قوتابخانە ئامادەییەکانی سنوری پەروەردەی دەربەندیخان دەستیان لەکارکێشایەوە، تا چارەنوسی بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندن یەکلایی دەبێتەوە.
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی شرناخ بە تۆمەتی پروپاگەندە و ئەندامبوون لە رێکخراوی تیرۆریستی، داوای 37 ساڵ زیندانیی بۆ لەیلا بیرلیک پەرلەمانتاری هەدەپەی شاری شرناخ دەکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/12/18 12:10:10
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 336
**2016-12-19**
http://www.kurdipedia.org/?q=2016121920175767827



- باڵوێزی روسیا (ئاندری کارلۆڤ) لە تورکیا بە گوللە بریندارکرا و دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا و تەقەکەرەکەش کوژرا.
- کۆبوونەوەی شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان کە لەمەکۆی سەرەکیی بزوتنەوەکە لەسلێمانی ئەنجامدرا. شاندی پارتی پێکهاتبوون لەفازڵ میرانی، ئەحمەد کانی، کاکەمین نەجار، مەحمود محەمەد، دڵشاد شەهاب، عزەدین بەرواری، شاندی گۆڕان پێکهاتبوون لە عومەر سەید عەلی، جەلال جەوهەر، جەمال حاجی محەمەد، ئیسماعیل نامیق، محەمەد عەلی. دوای کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەکەش هیچ لایەکیان لێدوانیان بۆ رۆژنامەنوسان نەدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/12/19 20:17:57

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 337

**2016-12-20**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161220212201198541



- تەقینەوەیەک لەنزیک بارەگای سەرەکی حزبی دیموکراتی کوردستان-ئێران لە کۆیە روویدا و بەهۆیەوە ژمارەیەک پێشمەرگە و ئاسایش بوونە قوربانی. تەقینەوەکە لەرێی بۆمبی چێندراوەوە لە بەردەم بارەگاکە روویداوە و بەهۆیەوە بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان 7 کەس گیانیان لەدەستداوە و 5 کەسیش بریندارببوون.
- فەرماندەی گشتی ژوری ئۆپەراسیۆنی تورەیی فورات سەر بە هێزەکانی سوریای دیموکرات(یەپەگە هێزی سەرەکییەتی) ئاماری 10 رۆژی قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنەکەیانی راگەیاند، دەڵێت بە روبەری 1300 کیلۆمەتر دوجا 97 گوند و دەیان کێڵگەیان لەژێر دەستی داعش رزگارکردووە لەرەققە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/12/20 21:22:01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 338

**2016-12-21**

http://www.kurdipedia.org/?q=2016122120254098561

- لە هەڵمەتی گەڕان و پشکنینی هێزەکانی پۆلیسی شارەدێ و شارۆچکەکانی کەرکوک و هێزەکانی ئاسایش، 8 گومانلێکراو و داواکراو دەسگیر کران کە یەکێکیان ئەندامێکی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 20:25:40 2016/12/21

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 339

**2016-12-22**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161222095929135500



- حەوت ڕێکخراوی خاوەنی پێداویستی تایبەت ساڵی 2016 یان لەشاری سلێمانی سوتاند، بەهۆی ئەوەی ئەم ساڵ "ساڵی نەهامەتی و برسێتی" بوو بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.
- دۆزینەوەی تەرمی ژن و مێردێک، کە پیاوە تەمەنی 34 ساڵ و ژنەکەش تەمەنی 31 ساڵبووە. لە ماڵەکەی خۆیاندا بە کوژراوی لە گوندی کۆرانی شارەدێی گۆرەتووی شارۆچکەی مێرگەسوور.
- لەناو بازاڕی، گۆگجەلی نزیک شاری موسڵ، بەیانی کاتژمێر 10:45 خولەک، سێ تەقینەوە ڕوویداوە و دوانیان خۆکوژی بوون و دانەیەکیشان ئوتومبیلی بۆمبڕێژکراو بووە، ژمارەیەک کوژراو و بریندار هەیە.
- موقەدەس کوبیلای هاوسەرۆکی شارەوانی شاری ئاگری ئەمڕۆ دەستبەسەرکرا، لەچوارچێوەی لێپرسینەوەکان لە بارەی پەکەکە و کەجەکە کە لەلایەن سەرۆکایەتی داواکاری گشتی پارێزگای ئاگرییەوە بەڕێوەدەبرێت.
- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان- پژاک، هێرشی تیرۆریستی بۆسەر بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆیە شەرمەزاردەکات و هێرشی لەو چەشنە بە مەترسیەک بۆسەر هەموو هێزە ئازادیخوازەکانی جیهان و ناوچەکە ناوزە دەکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

پارت / لایەن: پارتی ژیانی ئازاد - پژاک

پارت / لایەن: حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا

شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/12/22 09:59:29
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 340

## 2016-12-23

http://www.kurdipedia.org/?q=20161223093226986O1

- پەروین بولدان، جێگری سەرۆکی پەرلەمان و پەرلەمانتاری ئەستەنبۆلی پارتی دیموکراتی گەلان لەماڵەکەی خۆیدا لە ئەستەنبۆل دەستبەسەر کرا و پاش چەند کاژێرێک ئازادکرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/12/23 09:32:26
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 341

## 2016-12-24

http://www.kurdipedia.org/?q=20161224103908986l8

- ئوندەر فیدانبوی هاوسەرۆکی دەبەپەی شاری قارس لە باکوری کوردستان ئەمڕۆ دەستگیرکرا.
- دوو کۆچبەری کورد لەبەریتانیا بە هەوڵدان بۆ پەیوەندیکردن بە چەکدارانی داعش لە عێراق و خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی، لەلایەن دادگاوە بەتاوانبار لەقەڵەمدران. بەپێی هەواڵێکی بی بی سی، ئە و دوو کۆچبەرە کوردە کە تەمەنیان 26 ساڵ و 21 ساڵە، لەدادگای (کینگستۆن کراون کۆرت) بەخۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی بە تاوانبار لەقەڵەمدراون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: قارس
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/12/24 10:39:08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 342
**2016-12-25**
http://www.kurdipedia.org/?q=2016122509135698649



- یوکسەل موتلو هاوسەرۆکی شاروانی ناوچەی ئاکدەنیز و سەعدون دۆغان هاوسەرۆکی هەدەپەی شاری مێرسین ئەمڕۆ لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە دەستگیرکران، بە بڕیاری دادگای شاری مێرسینی تورکیا.
- ئایجان ئازما و عەلی بالین، هاوسەرۆکانی پارتی دیموکراتی گەلانی شارۆچکەی سلۆپی، بە بڕیاری دادگا دەستگیرکران.
- هێزەکانی سوریای دیموکرات (یەپەگە هێزی سەرەکییەتی) ڕایگەیاند، شەڕڤانانی ئۆپەراسیۆنی تورەیی فورات گوندی جەعبەری ڕۆژهەڵاتیان لە دەستی داعش ڕزگار کردووە و و بەرە و گوندی جەعبەری ڕۆژئاوا پێشرەوی دەکەن.
- سێ برا بەناوەکانی (مەزهەر، ڕەفعەت، عوسمان فارس) لە گوندی قیروانی درباسیێی ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر سنووری نێوان ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیا دەستڕێژیان لێکرا و بەوهۆیەوە گیانیان لەدەستدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| Quick Respons Code: | |

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 09:13:56 2016/12/25 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

بابەت: 343
**2016-12-26**
http://www.kurdipedia.org/?q=20161222204656135533

- دڵشاد عومەر بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی دەست بە دەوامی فەرمی خۆی دەکاتەوە.
- 28 بەڕێوەبەرو یاریدەدەری قوتابخانەی سنوری پەروەردەی شارەزوور دەستیان لەکارکێشایەوە، ئەوەش دوای سێ مانگ لەبایکۆتکردنی هۆڵەکانی خوێندن بەمەبەستی جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان.
- خۆپیشاندانی مامۆستایان لە چەمچەماڵ و دەربەندیخان ئەمڕۆ دەستپێکردەوە، لەسلێمانیش مامۆستایان کۆبونەوە دەکەن بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندن.
سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دژی ئەندامانی کۆنگرەی جڤاکی دیموکراتی ئۆپەراسیۆن ئەنجامدرا، لە ئامەد، سەیدی فورات، یاریدەری هاوسەرۆکانی گشتی دەبەپە کە ئەندامی کۆنگرەی جڤاکی دیموکراتیشە لە ماڵەکەیدا دەستبەسەرکرا. لە ئەنقەرەش هێرش کرایە سەر ماڵی ئایسەل توغلوک، یاریدەری هاوسەرۆکانی هەدەپە و ئەندامی کۆمیتەی جڤاکی دیموکراتی و دەستبەسەرکرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/12/22 20:46:56
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 344
## 2016-12-27
http://www.kurdipedia.org/?q=20161227223230986669

- هێزەکانی دژە تیرۆر سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شاری قارس، سەڤدا سوباشی و یەلیز چوپوریان دەستبەسەرکردوە و دوای تەواوکردنی لێپرسینەوە، لەلایەن داواکاری گشتییەوە بە تۆمەتی ئەندامبوون لە"رێکخراوی تیرۆریستی (مەبەست پەکەکە و کەجەکەیە) و هاوکاریکردن و پروپاگەندە بۆ ئە و ئەودوو رێکخراوە، بڕیاری دەستگیرکردنیاندرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
شار و شارۆچکەکان: قارس
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2016/12/27 22:32:30
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 345
## 2016-12-28
http://www.kurdipedia.org/?q=20161228212808986670

- لیستی مامۆستایانی هاوبەشەی سنوری سلێمانی کە لەنوێنەرانی مامۆستایانی بزوتنەوەی گۆران و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی پێکهاتوون بڕیاری شکاندنی بایکۆتی خوێندنیان راگەیاند.
- ئایسڵ تۆگڵوک، جێگری هاوسەرۆکی هەدەپە دوای دەستبەسەرکردنی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە، دادگای ئامەد بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرکرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 21:28:08 2016/12/28
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 346
**2016-12-29**
http://www.kurdipedia.org/?q=20161229192312298679



- کوردانی رۆژئاوا پلانی سیستمی بەڕێوەبردنی فیدراڵییان پەسەندکرد و ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردن دەکەن.

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 19:23:12 2016/12/29
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 347
**2016-12-30**
http://www.kurdipedia.org/?q=20161230224250986690
- کۆمەڵێک گەنج و چالاکوان ئەمڕۆ لەبەردەم وێستگەی کارەبای غازی سلێمانی لە چەمچەماڵ گردبوونەوە و دوای چاککردنی رەوشی کارەبای قەزاکەو خزمەتگوزاریەکانی تر دەکەن.
- هێزەکانی تورکیا بە چەکی قورس هێرشیانکردە سەر بەشێک لە گوندەکانی سەر بە کۆبانێ.
- سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پاریزگای کەرکوک ڕایگەیاند، لە دژی وتەکانی ئەرشەد ساڵحی، سەرۆکی بەرەی تورکمانی، سکاڵای یاسایی تۆمار دەکەن. چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ئەرشەد ساڵحی ڕایگەیاند بوو، کە "دۆخی ئەمنی شاری کەرکوک ناجێگیرە، بۆیە داوا لە سوپای عێراق دەکەین کە هێزی سەربازی ڕەوانەی شاری کەرکوک بکات بە مەستی پاراستنی ئەمنیەتی شارەکە".

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراقی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: کۆبانێ

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 22:42:50 2016/12/30
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 348

**2016-12-31**

http://www.kurdipedia.org/?q=20161231092036698710



- خۆپیشاندانی بەشێک لە مامۆستایانی سلێمانی لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا دەستیپێکرد.
- یەکەم وێنەی سەلاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکانی گشتی هەدەپە لە زیندان بڵاوکرایەوە.
- 11 ئەندامی هەدەپە لە ناوچەی ئەلبستان و ئەکینئوز-ی سەر بە پارێزگای مەرەش، لە باکوری کوردستان دەستبەسەرکران.
- شەوی ڕابردوو لە شارۆچکەی کفری، نارنجۆکێک هەڵدرایە بەردەم ماڵی بەڕێوەبەری ئاسایشی یەکێتی لەخوورماتو و هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتەوە.
- ئنستتیوتی کورد لە ئەستەنبول، لەسەر بڕیاری دۆخی نائاسایی وەزیری ناوخۆی تورکیا داخرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: TR ئەستەمبوڵ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 09:20:36 2016/12/31
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---